# تەنەکە

ڕۆمان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

یەشار کەمال

# تەنەکە

ڕۆمان

شوکور مستەفا
لە تورکییەوە کردوویەتی بەکوردی

ناوی کتێب: تەنەکە – ڕۆمان
نووسینی: یەشار کەمال
وەرگێڕانی لە تورکییەوە: شوکور مستەفا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٦٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٧ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

## ١

سێ مانگ بوو قەزا بێ قایمقام بوو. ڕەسووڵەفەنی، کاتبی تەحریرات بەبریکاری، ئەو لە جێی قایمقام بوو. ئەویش سەرت گرتبا و بنت گرتبا پیرێکی بێ دەسەلات و بەزەمانەساز بوو. لە سێبەری خۆی دەپرینگایەوە. هیچ کارێ بەم کابرایە ڕانەدەپەڕا.

مانگی گوڵانیش هات و ئیجازە وەرگرتنی چەڵتووک چاندن دەستی پێ کرد. خەڵکەکە لە جەنگەی نەخشەکێشانی کشتوکاڵ و بەکرێدانی زەویوزار و شەڕ و هەرای ئاو و ئاودێری و کڕین و فرۆتن و دەسبڕی و دادۆشین و تێکەوتن و تەفرەخواردندا بوون. ڕەسووڵەفەنی بریکاری قایمقامیش دەیگوت:

«من لووت لە کاری چەڵتووکەوە ناژەنم. ئەگەر زانیومە والی لە کارم دەخا لووتی تێوە ناژەنم و ناژەنم» و لەمە زیاتر چیی تری نەدەگوت.

ڕەسووڵەفەنییەک. ڕەسووڵەفەنیی ئەو هەموو سالان و سەردەمانە کە قەت دەستی لەم جۆرە کاروبارە وەرنەدەدا، چما نەیدەزانی چییان لە بندایە؟ قەت لەگەڵ چەڵتووکچێندا. لەگەڵ ئەم بێ ناموسانەدا جگی هەڵدەدا، قەت لەگەڵ ئەم داوێنتەڕانەدا لەسەر پەتێ یاریی پێ دەکرا؟ چما نەیدەزانی ئەم چەند ساڵە لەسەر چەڵتووک چیی بەسەر هاتبوو؟ ئەگەر ئیجازەی بە ئۆقچی ئۆغڵی بدایە زەویوزارەکەی کن گوندی سازلی دەرەی بکردایە بە چەڵتووک، نەک ئیجازە، مۆرێکی بەبێ بڕیاری لێژنەی چەڵتووک بکردایە، دەیتوانی بیست هەزار لیرەی بەرتیل وەچەنگ کەوتایە. دەیتوانی بۆ ئاویش هێندەی وەرگرتایە. بەڵام ئەوەندی بۆی لوابا و کرابا، پێی لە تەختەی چرووک نەدەنا و هێندەی لەدەستی هاتبا درێغیی نەدەکرد. زۆر چاک دەیزانی کار لەگەڵ چەڵتووک چێندا وەک ئەوە وابوو کە لەگەڵ سەگاندا لە جەواڵێکدا بحەوێیەوە.

هەموو لەلایێ مورتەزا ئاغای قەرەداغ ئۆغلو لەلایێ. بەڵای وا قەت نەبووە و نابێتەوە. دەیووسێکی وا بوو لە هەر کونێکەوە ڕەسووڵەفەنیی دیتبا، دەیگوت: «ئێیی ئیرەسووڵەفەنی ئیرەسووڵەفەنی، بیستمانەوە، بەڵێ دوا بڕیارمان بیستەوە، ئیجازەکانت مۆرنەکردووە. چۆن دەبێ ئیرەسووڵەفەنی؟ ئێمە لەگەڵ باوکتدا دەستەبرا بووین. ئێی ئیرەسووڵەفەنی، بیستوومە دەبی بەبریکاری قایمقام. ئیتر هەر بەجارێ دەبی بەئاغای ئاغایان. بەڵێ ئەمڕۆ بیستمانەوە ئیرەسووڵەفەنی.»

ڕەسووڵەفەنیش لە پێش مورتەزا ئاغادا ملی لار دەکردەوە و دەستەونەزەر ڕادەوەستا و چۆن بۆ هەموو کەسێ و لە هەموو شوێنێ و هەموو وەختێ، بۆ ئەویش لە تەهی دڵییەوە پێ دەکەنی و دەیگوت: «چ پکەین. ئاغام. بەسایی سەری ئێوەوە،» و شەپقەکەی بەڕێزەوە بۆ دادەگرت و تێ دەپەڕی.

«ئێی ئیرەسووڵەفەنی، تۆ چاکەی وات لێ ناوەشێتەوە؟ دۆستێکی گیانی بەگیانی نیت. ئەی هەر ئەمە نییە پیاو لە پەل و پۆ دەخا ئیرەسووڵەفەنی؟»

ڕەسووڵەفەنیش کە لە دواوە ئەم قسانەی بەرگوێ دەکەوت سەرلەنوێ بەڕێزەوە شەپقەکەی بۆ دادەگرتەوە و دەیگوت:

«بەسایی سەری ئێوەوە جەنابی ئاغا.» و دەڕۆیشت. ها ئەمڕۆ ها سبەی مانگی گوڵانە. لێژنەی چەڵتووک کۆڕی لەسەر کۆڕ دەبەست. بەڵام ئیجازەی زەوییەکی لێ نەدەبووەوە. پزیشکی لەرزوتێ قڕکردنیش بەڵایەک بوو لە گوێن ڕەسووڵەفەنی. ئەویش خۆی لە قەرەی ئیمزا و میمزا نەدەدا و زۆر دەترسا.

هەرچی چەڵتووکچێنیش بوون شەو و ڕۆژ بەدەوروبەری ڕەسووڵەفەنیدا دەخولانەوە و کلکەسووتێیان لە پێش دەکرد. ڕەسووڵەفەنیش کە بیگوتایە نا خواش لە قسەی خۆی پەژیوانی نەدەکردەوە.

دەیگوت: «مەکەن. پیاوی چابن مەکەن،» ملی لار دەکردەوە و فرمێسکی درشت درشتی لە چاودا قەتیس دەما.» دەپاڕایەوە و دەیگوت «مەکە پیاوی چابە جەنابی ئاغا مەکە. ئێوە ئاغایەکی گەورە و گرانن. چتان لە ڕەسووڵێکی

وەکو من دەویّ؟ سـەری بگری و بنی بگری بەهـەمووی سـاڵ و نیـوێکم مـاوە بۆ تەقاویتی. گوناهـ و وەباڵی ماڵ و منداڵم مەخەنە ئەستۆی خۆتان. بەو کارەوەم مەگلێنن.»

ڕۆژێکیـان چەڵتـووکـچـێنەکـان هـێندەیان دەور و خـول دا و هێندەی تێ ورووکان ڕەسووڵەفەنی، ئەو کابرا ژیر و لەسـەرەخۆیە لە پێستی خۆی دەرچوو و پڕ بەدنیا قیژاندی، گوتی:

«ئیسـتیحفا دەکـەم، جـاڕس و وەڕەز بووم، گـەوادینە. ئیسـتیحفا دەکـەم. بەجاریّ جاڕستان کردم.»

زۆری نەخـایاند ئیسـتیحفانامـەکەی بەدوور و دوێژی نووس. پێنج رووپەڕی تەواوی لە چاپ دا. ئەوی ئیسـتیحفـانامـەکەی بخـوێندایەوە جـەرگ و هـەناوی لەتوپەت دەبوو. هـەرچییەکی لە مەودای ئەم مانگە بریکارییە بەسەرهـاتبوو و چ دەردی سـەرییـەکی کێشـابوو هـەمـووی یـەکە بەیەکە نووسـیـبوو. بەرەکـەت دا هـەندیّ لە کاربەدەستان و سەرکردەی ژەندارم تیّ کەوتن، ئیستیحفانامەکەیان لە دەست ڕافڕاند، چابوو کەس نەیخوێندەوە.

ڕەسووڵەفـەنی چاوی قووچاند. بەوپەڕی جـیدییـەتەوە ئیسـتیحفانامـەکەی لە پێش چـاوی کـاربەدەسـتـان و سـەرەک ژەندارم دڕاند. پارچە کـاغـەزەکـانی هـەریەکـە هێندەی لـەتە نیـسـکیّ لیّ کـردن و لەسـەر مـێـزەکـەی وەک تەپۆڵکە لەسـەریەک هـەڵچنین. ئەنجـا بەدەسـتی ڕای مـاڵیـیـە نێـو لـەپی ڕاسـتی و هـاویشتییە ناو سەبەتەی ژێر مێزەکەیەوە.

لەپڕ ئیستیحفاکەی، قبووڵکردنی ئیستیحفاکەی، رەزیل و سـەفیل کەوتن و بۆ پێنـج و پوول سـووک و ڕیسـوابوونی و بێکاری، وەک هـەورەتریشـقـە بە بەر چاویا چـەخـمـاخـەیان دا. خـەم و پەژارە دای گـرت. بەرچـاوی ڕەش و تاریک، قەیریّ گێژبوو و لەسەر تۆقی سەر خولایەوە. لە پاشان بۆشاییەک وەک ژەهر لە ناو هـەناویا پەپکەی خـوارد. ڕەسـووڵەفـەنیـان جـارێکی جـارئـاسـایی بۆ کۆبوونەوەی لیژنە بانگ نەکرد. دەترسـا، پێی وابوو، لەویّ فەلاکەتێکی گەورەی

چاوەنۆڕە، دەستی بۆ هیچ کاغەزێ کە لە لێژنەکەوە هاتبا، نەدەبرد. هەرچیی دەهاتە کن لەبەری دەکرووزایەوە و دەیگوت:

«کەی بێ ئەم قایمقامە تەشریف بێنێ و ڕزگارم بێ. تا ئەم چەڵتووکچێنانە تەختیان بەخت نەکردووم بارسووک و سەرسەلامەت ڕزگارم بوایە.» دەیانگوت: «ئیستیحفا بکە ڕەسووڵەفەنی. لەم بریکارییە ئیستیحفا بکە، با ماوەیەکیش سەرەک ژاندارم بریکار بێ.»

هەمیشە ملی لار دەکردەوە و دەیگوت: «نایکەم. وەزیفەیە و لە پاشملەم دەڵێن: تۆ سەی سەی ئەم ڕەسووڵەفەنییە کەساسە بریکارییەکی قایمقامێتیی پێ بەڕێوەنەبرا. خۆ لە ئەرک دزینەوە و هەڵاتن لە من دەوەشێتەوە؟ من کارامەیەکی سی ساڵەی دەوڵەتم.»

کێرد گەیشتە هێسکان، ئەم بارودۆخە وا ڕۆیشتبا نە چەڵتووک دەچێندرا، و نە هیچ. لە دژ ڕەسووڵەفەنی بروسکە لەسەر بروسکە لێ درا، بۆ ئەنقەرە، بۆ ئەدەنە، بۆ ئەم لا، بۆ ئەم لا. بەرتیلخۆری، بێ ناموسی، بێ کاری، لە هەموو بابەتێکیان بۆ تێ چاند. جارێ دەیاننووسی، ژنەکە سۆزانی و داوێنتەڕە، جارێ دەیانگوت کچەکەی بەپارە دەفرۆشێ، جارێ دەیانگوت شەو و ڕۆژ خەریکی ئارەق هەڵقوڕاندنە و لە ژووری قایمقام پڕ بەدنیا دەنەڕێنێ و عەربەدە دەکا. ئەم هەموو بروسکانە لەو دەقیقە و سەعاتەوەی لێ دەدران سەرلەبەر وەک فاتیحا لەبەردەکران و دەخوێندرانەوە. کارگێڕی پۆستە و تەلگراف پێش ئەوەی لە تەلی بدایە نموونەیەکی لەبەر برووسکەکان دەگرتەوە، لە پێش خۆی دای دەنا. هەر کەسێ هاتبا بۆی دەخوێندەوە. بەڵام برووسکەکان، نە لە ئەنقەرە و نە لە ئەنەدۆڵەوە هیچ سەروسۆراخێکیان نەبوو. دیاربوو کاربەدەستانی ئەوێ بەجارێ وەڕەز بووبوون. هەر لە دوورەوە گوێیان لە دەهۆڵ بوو.

ڕەسووڵەفەنی هەرکە لە دایەرە وەدەردەکەوت لە هیچ لایەک لای نەدەدا، ڕێ و ڕاست دەگەڕایەوە ماڵێ. سێ ساڵی خشت بوو ئەم کابرایە ئاوابوو. شان و شەپێلک داکەوتوو و ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە. لە تاو خەم و خەفەت

پێڵـووی چاوی لێک هـەڵنەدەبڕین بڕوانێـتـە دەوروبەری خـۆی بزانـێ دنیـا چ باسە. کوتومت هەر دەتگوت ماستی مەییوە، وەک بت وابوو.

گەرما لەگەڵ مانگی گوڵاندا دەست پێ دەکا. هەر کە گولیلکی زەرد و سوور و ئاڵ و مـۆر و وەنەوشـەیی و سـپی لـە دەشت و دەر و زوورگ و هەڵەت سـەر هەڵدەدەن و سـوێسن و هـەڵاڵە و بەیبوون بـۆنیـان خـۆش دەبێ، دنیـا کـەسک و سـەوز هەڵدەگـەڕێ و سـەرتاپا لـە تەڕوبڕی دەنیـشێ و پاک و خـاوێن دەشـۆرێتـەوە و چریسکە چریسک دەچریسکێتـەوە و گـەرمـای چوقـورئۆوا باروبنە دەخا و دەوار هەڵدەدا.

مـاڵی ڕەسـووڵەفـەنی لە ناو حـەسارێکی بەرزە دیواردا بوو. باخـچـەکـەیان پێنج دار کـالپـتـۆزی گەڵا ڕەنگ تاریکی تێدا بـوو. لە دەرکەی حـەوشـەوە تا بەر ماڵێ مۆزاییک و کاشی بوو. دەر و دیوار بـەڕەنگی پەمەیی ڕەنگ کرابوو. سەر دەرکە، ڕووەو باشوور، کۆتەڵە ئەسپێکی پێدا چەقێندرابوو. کۆتەڵەکە کووژەکە و سـەلکەسـیـر و ریقـنە و قـۆزاخـە دارکـاژێکی زۆری پێـوە هـەڵواسـرابوو. پەنجەرەکان وەک چوڕی شیر سپی، دادرابوونەوە.

دەرکـەی حـەوشـە قـاوەیی بـوو. تەمـاشـای هـەر گـۆشـەیـەکت دەکـرد نـاڵە ئەسپـێکی پێدا داکوترابوو. ڕەسووڵەفـەنی دەستی بۆ دەرکوتی دەرکە دەبرد و نەدەبرد دەرکە دەکرایەوە.

ڕەسووڵەفەنی بەبزە هەرە نازدارەکەی، بەبزە ساوایانەکەی دەیگوت:

«ڕۆژباش خانم.»

خـانمیش وەک ڕەسووڵەفـەنی چکۆڵە، هەر هێندەی تـۆزێ بوو. سەرپۆشـێکی تا بلێی سپیی بەسەریدا دەدا. چاوی تا بلـێی گەورە و درشت بوون. هـەمیـشە تارماییەکی خـەمناکیـان بەسەرەوە بوو. لـە سەرەوە دوو ددانی پێشەوەی زۆر گـەورە بوون. دەکـەوتنە سـەر لـێـوی بەڵام وەنەبێ دزێو و نـاشـیـرینـی کـردبن. بەپێـچـەوانە، لێی بووبوون بەنـەخش و هێندەی تریان شـۆخ و بەدەو کـردبوون. ئەم ددانە قـوڵینگەییانە بەهەرکەسێکی ترەوە بووایەن، چ پیـاو چ ژن، هێندەی

نارەزا و دزێو دەکردن پیاو نەیوێرایە سەیری بکا.

خانمیش لە لایەکی دەرکەوە دەوەستا و بەوپەڕی ڕێز و میهرەبانییەوە دەیگوت: «بەخێر بێیەوە ڕەسووڵەفەنی.»

ئەوجا بەکاوەخۆ هێدی هێدی، هەنگاوێک دوور لە دووی مێردەکەی دەڕۆیشت و بەرەو ژوور دەچوون. ڕەسووڵەفەنی لە ژێر باڵکۆنە شینەکەدا دەوەستا و لە ڕێڕەوەکە پێڵاوی دادەکەند و لەسەر ئەسکەمیلێک دادەنیشت و هەردوو قاچی درێژ دەکرد. خانمیش هەردوو پێی سەعاتێ دەشێلا و دەشتن.

لەم ماوەیەدا ئەنجا کچەکەیان دەهاتە خوارێ. نۆزدە ساڵانە بوو. برۆ ڕەش، چاو ڕەش، جل و بەرگی هەرە مۆدە و باوی لەبەردەکرد. تا دەست بگرێ کەڵەگەت، هەر دەتگوت نەمامە چنارە:

«بەخێر بێیەوە باوە گیان.»

ڕەسووڵەفەنی سەری هەڵدەبڕی و بۆی دەگرژایەوە.

هێشتا دەستی بۆ دەرکوت نەبردبوو دەرکە کرایەوە. چاوی ژنەکەی بەدی نەکرد. سپێتییەکی خەیاڵاوی بە بەرچاویا دەهات و دەچوو. گوێی لە «بەخێر بێیەوە»ی ژنەکەشی نەبوو. بەرەژوور چوو، نە لە ڕێڕەوەکە وەستا و نە پێڵاوەکانی داکەند. ڕێ و ڕاست بەسەرکەوت. بەبێحاڵی خۆی هاوێشتە سەر تەختەکە. ڕەنگی بەجارێ پەڕیبوو. وەک زەردیی دووکەڵە جگەرە دەچوو، بگرە زەردتریش. دەم و چاوی هێندەی دیکە چرچ و لۆچ بووبوو. لۆچی نێوچاوانی وەک دەمە سیکارد. تیژ تیژ هەڵزەقیبوون. بزەی وەک بەسەر لێویەوە تاسابێ وابوو.

خانم بەپەشێوییەوە:

«چ بووە؟ چیت لێ قەوماوە؟ ڕەسووڵەفەنی چ بوو؟» ڕەسووڵەفەنی چاوی قووچاندبوو، سەری بەدیوارە بەگەچ سپیکاری کراوەکەوە نابوو.

«چ بوو؟»

بەهێواشییەکەوە لێوی لەبەریەک هەڵێنان. ئەنجا سەرە سپییەکەی لە

دیوارەکە جوێ کردەوە.

«بۆ قــەزایەکی دیکەم ڕادەگــوێزن. بـرووسکـەیەکی زۆریان لـە دژ لێ داوم. بەڵێ خانم.»

«بنوو، بنوو. ماڵیان بەقوڕ گرتین، ماڵیان بەقوڕبگیرێ، بنوو.»

کچە لە فیکەی خۆی گەیشت. هەروەک لەوێیش نەبێ، خۆی لە هەموو شتێ نەبان کرد.

دایکی پەیتا پەیتا لە خۆی دەدا:

«بنوو، مـاڵیـان بەقـوڕبگیـرێ، بنوو. چمـان لێ کـردبوون؟ چەندمـان لە دەست هات چاکەمان لەگەڵدا کردن. بنوو.»

ڕەسـووڵەفـەنی سـەری هەر بەدیوارەکـەوە بوو، دەم و چاوی وەک مـەڕمـەڕ، ساردوسـڕ، بێ جـووڵە، ئەوەی ڕەسووڵەفـەنی دەناسـی، دیتبـای سـەت سـوێند و قورئانی دەخوارد ئەم پیاوە ڕەسووڵەفەنیی نییە و نەبووە. چۆن ئەمە ئەو پیاوە دەم و چاو ساوایانە بەگاڵتەوگەپ و قسە خۆشەیە؟ قەت ناشێ و نەبووە.

«بنوو. کوێراییتان دایێ. چیمان لێ کردبوون؟ بنوو.»

ڕەسـووڵەفـەنی وەک لە خـەوێکی قـووڵ خەبـەری بێتـەوە سـەری هەڵبـڕی، ڕۆژ ئاوا بووبوو:

«خـانم بـۆ هیچ خـەفـەت ناخـۆم، تەنیـا بۆ ئەوە خـەفـەت دەخـۆم کـە سـاڵێکم بەخشـتی لە ماڵەکەی خـۆمدا بەسـەرنەبرد. ئا بۆ ئەوە خـەفەت دەخـۆم، خـانم. بەڵێ بۆ ئەوە خەفت دەخۆم. کڕ بە خانم کڕ بە. خوا کەریمە.»

خانم گوتی:

«بنوو، بنوو. شتی وا چۆن دەبێ؟»

چاو چ چاو هەریەکە بووبوو بەکانیاوێک.

ڕەسـووڵەفـەنی بۆ سـبـەینـێ لە مـاڵ نـەهاتەدەر، بۆ دوو سـبـەی نـەهاتە دەر. پازدە ڕۆژ بوو، ڕەسووڵەفەنی هەموو ڕۆژێکی خوا بەم باس و خواس و خەبەرە

ناخـۆشـانەوە دەگەڕایـەوە مـاڵێ. دنیـای تێک دەشـێـواند. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش خـەبەری نـاخـۆش هێندەی دیکـە زێتـر دەبوون. ڕۆژ لە پاش ڕۆژ «بـنوو، بنوو»ی خـانم دەبوو بەقـیـژە و زریکە «بنوو بنـوو، هەی گـاورینـە. هـۆ داسنینـە. هـۆ بێ ئاین و ئاکارینە. هۆ خوێنمژینە. بنوو.»

خـانم. بەم ڕۆژگـاری خـوایە دەسـتێکی لـەسـەر دڵی و دەسـتێکی بـەکـۆڵـۆمی دەرکـەوە بوو، بەترس و لەرزەوە چاوەڕێی مـێـردەکەی دەکرد. هـەرکـە لە دەرەوە ترپەی پـێی یەکێ بهـاتایە خـورپە لە دڵـیـیـەوە دەهـات و دەتگوت ئـاخـۆ دیسـان خەبەری چ ماڵوێرانییەکی تری بەرگوێ کەوێتەوە.

ئەم زەوییەی دە سـاڵ لەمەوبەر کڕیبوو. چەند ساڵ بوو هێندەیان ئەم ماڵ و ئەو مـاڵ کـردبوو، ئەوەندەیان لـە خـانووی داڕووخـاو و تەپیـو و پڕ لە مـۆرانە و تەختـە کالۆس و شێدار و بەشـۆرەکاتدا مابوونەوە تەقی لە جـەرگی کردبوون و ئارامیان لەبەر بڕابوو.

یـەکـــەم ســـاڵ هیـچ. بۆ ســـاڵی دووەم بـەردی بۆ هـێـنا. لـە نـاوەندی جـێ خانووەکـەی خڕ کردەوە. سێیەم ساڵ چینکۆ. پێنجەم سـاڵ دەست بەشوورە و دیواری حەوشە کرا. شەشەم ساڵ سەری گیرا.

ڕێک سـاڵی دەیەم بەپەمـەیی گـەچمـاڵ کـرا. ڕەسـووڵەفـەنی گـواسـتـیـیـەوە خانووی تازە. لە هـی وەکو خۆی نوخشەبێ. زۆر بەختیار و دڵسۆز بوون. مێرد و ژن چەند حەوتـوو و مانگ لە باس و خواسـی خانووەبۆر بەولاوە شـەمـەیان لە هیچی تر نەکرد. لە بارەی پەنجەرەیێ چەند ڕۆژ قسـەیان کرد. لە کوێ دانانی گوڵدانێ دەبـوو بەمەسەلەیەکی گـەورە و گران. بەڵێ لەم ژیانـەدا، کە ئاوا بوو و ئاوا بەسـەر دەچـوو. ئەوەی کـرا کـرا و ئەوەی ڕووی دا ڕووی دا. خـوا کـردی ڕەسـووڵەفەنـی بوو بەبریکاری قـایمقام. لە هـەوەڵ ڕۆژەکانییـا هـەر ئەوە بوو لە خـۆشـیـیـان سـەری بـەر گـومـەزی ئـاسـمـان نەدەکـەوت. بەڵام لەو ڕۆژەوەی چەڵتووکی نەحلەتی پەیدابووبوو. ماڵەکە بـووبوو بەیەک پارچە پرسـە و بەهـی. ئیش و کـار ڕووی لـە دژواری دەکـرد. گـیـروگـرفت تەنگی بـەخـاوەن کـار هەڵچنیبوو. ئاغـای چەڵتووکـچێن کە تـا ئێسـتـا پەروایان بە ڕەسـووڵـەفـەنی

نەبوو. ئیتر زۆر بەپەرواوە، وەک گەڕێ و تێیان ئالا بێ و خۆ لێقوتارکردنی دژوار بێ وایان لەبارەوە قسە دەکرد. هەرکە زانییان برووسکە و تەلگراف سوودی نەبوو و هیچی بەهیچ نەکرد ئەنجا لێی بەگەف و هەڕەشە کەوتن.

پاش نیوەڕوانێ ڕەسووڵەفەنی بەرەو ماڵێ دەگەڕایەوە. تەق لووتی بوو بەلووتی مورتەزا ئاغاوە. چاوی پەڕیبووە تۆقی سەری. پێشی لێ گرت، گوتی:

«ئیرەسووڵەفەنی. ئیرەسووڵەفەنی. ئەو سەروەت و سامانەی بەخاکەوەم وەرکردووە خوێنی سەت سەگی وەکو تۆ دێنێ. دە ئەم ئیمزا گوواوییەت بەکاغەزەکانەوە نێ ئیتر بەسە، نابێ؟ خۆ لەبەر چاوی کاڵی تۆ سەروەتی خۆم بەدەم باوە نادەم. ئیرەسووڵەفەنی، زۆر چاک ئەوە بزانە، کە گوللەیەک بەپەنجا قرۆشە.»

ڕەسووڵەفەنی هەرکە ناوی پەنجا قرۆشی بیست قەدەرێ لە شوێنەکەی خۆیدا وەک فرۆکە خولایەوە. ویستی بزەی بێتێ، بزەی نەهاتێ، شڵەژا. ئەنجا مورتەزا ئاغا پیلی گرت:

«بەپەنجا قرۆشە.»

ڕەسووڵەفەنی کەمێ بەخۆیدا هاتەوە:

«ئەوە بەڕاستتانە جەنابی ئاغا؟ بەڕاستتانە؟ باشە من چیم لێ کردووی؟»

ئاغا تووڕە بوو:

«لەمە زیاتر چ دەکەی یەزید؟ ماڵەکەمت بەسەردا ڕووخاندم.»

ڕەسووڵەفەنی کەمێ زێتر بەخۆیدا هاتەوە. دۆخی جارانی بە بەر هاتەوە و بزەی هاتێ. بەوپەڕی ڕێزەوە شەپقەکەی لەسەر داگرت و سلاوی لە ئاغا کرد:

«بەسەر چاوان جەنابی ئاغا. لە سای سەری جەنابتانەوە هەموو شتێ، جەنابی ئاغا.»

مورتەزا ئاغای زۆر چاک دەناسی. دەیزانی گەلەیەک پیاوی کوشتبوو و چۆنیش ئەم تاوانبارییانەی دەیزەبەدەرخۆنە کردبوو. دەیزانی چۆنی تەڵە بۆ ئەفسەری ژاندارم، شوکری بەگ نابووەوە و بەچ جۆرێکی کوشتبوو.

وشـەی «پەنجـا قـرۆش» لە مـێـشـکـیـدا وەک گـوللە دەخـولایەوە. وەکـو مـردوو گەیشتە ماڵ. ئیدی هەر لەو ساوە شەوانە دەرگا کولۆم لەسەر کولۆم دەدرا. پەنچەرەکانی پڕکرد لە توورەکە لم. تەنانەت دووکەڵکێشەکانیشی بەتوورەکە لم ئاخنی. دەترسا بۆمبای تێ باوێن. تا خوا ڕۆژی دەکردەوە خەو نەدەچووە چاوی. پێی وابوو ها ئێستا ها تۆزێکی تر بەسەریدا دەدەن. لە هێسک و پێست پتر هیچی دیکەی بە بەرەوە نەما. بەڵام خەبەرێکی خۆشی پێ گەیشت، دڵی فێنک کردەوە. کە زەرفەکەی هەڵپچڕی وشە و پیت لەبەر چاوی بەناو شەپۆلی خۆرەتاودا دایانە شەقەی باڵ. جارێکی خوێندەوە، دوو جاری خوێندەوە، سێ جاری خوێندەوە، دیسان خوێندیەوە. بەم دیوا هەڵی گێڕایەوە بەو دیوا هەڵی گێڕایەوە هەمدیسان خوێندیەوە. لە پاشان چوو بۆ کن مەعمووری نفووس بۆ ئەویشی خوێندەوە.

نامەکەی جوان و زەریف نووشتاندەوە و هاویشتیە بەرکی. هێشتا دەوامی دایەرە بەسەرنەچووبوو. بەفڕکان چووەوە بۆ ماڵێ. سی ساڵ بوو، بۆ یەکەم جار ئەمەی بەخۆیەوە دەبینی. هێشتا دەوام مابێ و ڕەسووڵەفەنی لە دەرێ بێ. قەت ناشێ، نەبووە و نەبیستراوە. خەڵکی شار ڕەسووڵەفەنییان بەم هەڵەداوان و تەپ و کوتە دیتبا، واقیان وڕدەما. لەو هەموو ساڵانەدا هەر بەو هەنگاوانە و بەسەر ئەو پلیکانانەدا دەهات و دەچوو و وەک جاران سڵاوی لەم و لەو دەکرد. لەم سی ساڵەدا هەموو ڕۆژێ شوێن پێکانی خۆی چەندین جار بەسەر دەکردەوە. ئەم جارە، ڕەنگە لەم سی ساڵەدا ئەمە یەک، بێ دەرکەکوتان دەرکەی بۆ نەکرابێتەوە. سێ جارانی لە دەرکە دا.

دەنگێکی دڕدۆنگ لە ژوورەوە پرسی:

«کێیە ئەوە؟»

ڕەسووڵەفەنی پرینگایەوە. گوتی:

«خۆمانین.»

خانم قاچ و قولی لێک ئالان. بەهەڵەداوان هات:

«پەنا بەخوا. پەنا بەخوا».

هەرکـە دەرکـەی کـردەوە و چاوی بەمـێـردەکـەی کـەوت دڵی داخـورپا. ڕەسـووڵـەفـەنی هـەر بەبزە سـاوایانەکـەی بزەی هاتێ و ڕەق ڕاوەسـتـا. پەنا بەخوا، خـانم دیسـان لەلایەکی دەرکەوە وەستـا. ڕەسـووڵـەفەنیش وەک جـاری جـاران بـەبزەوە بە بەردەمـیـدا تێ پەڕی. لە ڕێڕەوەکـە پێـڵاوەکـانی داکـەند. هەردوو پێی بۆ نێـو تەشـتـە ئاوەکـە درێـژکـرد، ژنـەکـەی هـات دەسـتی بـەپێ شـێـلانـی کـرد و پاک و خـاوێنـی شـوشـتن. لەمـێـژبوو پێ و پلی مـێـردەکـەی نەشێلابوو.

ئەنجا گوتی:

«خانم. بزانە چ ڕووی داوە؟»

نامـەکـەی بەکـاوەخـۆ لـە بەرکی دەرێنا. سـووک سـووک کـردییـەوە و خوێندییەوە.

«زۆر شـوکـور خـوایە، دەبوا ئەمـڕۆژەش ببـینـین؟ زۆر شـوکـور بە بـەشت خوایە.»

لە پاشـان ڕەسـووڵەفـەنی وەک گـۆڕانی بڵێ. لەبەر خـۆیەوە لەسـەریەک لەسەریەک ناوی قایمقامی دووپات دەکردەوە:

«فـیکرەت ئێـرمـاقلی، فـیکرەت ئێـرمـاقلی، تازە لە خـوێندن بووەتەوە. ئەمـە یەکـەم جـاریـەتی. فیکرەت ئێـرمـاقلی، فیکرەت بەگ. هێـشـتـا لاوە، فـیکرەت ئێرماقلی، فیکرەت بەگ.»

## ٢

مورتەزا ئاغا خۆی کاروباری ماڵێی بەڕێوەدەبرد. خانوویێکی هەرە جوانی شارەکە هی ڕەحمەتە درێژی چەڵتووکچێن بوو. ڕەحمەتە درێژ پار خانووەکەی کرد. هێشتا لە دروستکردنی نەبووبووەوە، بوو بەداستانی سەر زاران. کە لێشی بووەوە بەلێشاو سەیرکەری لە گوندانەوە بۆ هات. لەم خانووە پێوە خانوویەکی تر نەبوو بەقایمقامی لاو بشێ. ئەمە مەسەلەی مردن و ژیانە.

کاری ماڵ پۆشتەکردنەوە و پڕفەرش و ڕایەخکردنی، کەمال تاشانی دەستەبەر بوو. کەمال تاشان لاوێک بوو لە فێرگەی کشتوکاڵی خوێندبوو. چەند ساڵێ مووچەخۆر بوو. لە پاشان وازی هێنابوو. دوو ساڵ بوو خەریکی چەڵتووکچێنی بوو و قازانجی زۆری لێ وەچەنگ دەکەوت. هەرە پۆشتە و پەرداخی شارەکە بوو. دەیزانی چۆن قسان دەکا و ناوبەناو وشە و ڕستی گران گران و قەبە و قەڵەوی بەگەڵ قسان دەخست و تێی دەترنجاندن. لەم کارەدا لێزان و پسپۆڕ بوو.

قایمقام سەڵت و بێوەپیاو بوو، بەڵام خۆ هەر ژنی دێنا. بۆ کوێ دەچوو. کەواتا تەختەکەی دەبێ دووکەسی بێ. بالیف و پشتی و دۆشەک لە پەڕی ڕووت و پەتی. مافوورەکانی نابێ تەورێز بن. دەبێ کاشانی ساخ بن. خۆلاسە خانوویەکەیان بەجۆرێ ڕاخست و ڕازاندەوە، هەر مەپرسە. تەنانەت نیگار و دیمەنی دیوار ڕازاندنەوەشیان لەبیر نەکرد. دە پازدە نیگاری جوان بەدیوارەوە بوون. پیاو کە تەماشای دەکردن دەمی ئاوی دەکرد. ئێکجار ئەوەیان، کە دیواری قامیشەلانێک بوو، لەسەر قامیشەکانەوە خۆر لە ئاوابووندابوو، زەردەپەڕ بوو، گۆلاو سوور دەچوونەوە. ژاژ و قامیش دەتگوت بەدەم باوە دەبزوونەوە. هێند جوان و زیندوو نیگار کێشرابوون بەدەست

بتگرتبان هەڵت کەندبان. پۆل پۆل قورینگی بەسەرەوە بوون.

«ڕاتان خست؟ هەموو شتێ جێبەجێ کران؟»

«جێبەجێ کران ئاغا.»

مورتەزا ئاغا. مستەفا پاتر پاتر لەگەڵ پێنج شەش ئاغای چەڵتووکچێندا سەردانێکی خانووەکەیان کرد. جا بەڕاستی خانووەکە جوان بوو. جوانیش ڕاخرابوو و ڕازاندرابووەوە. مورتەزا ئاغا لێوە ئەستوورەکانی لستنەوە. گوتی:

«لە قایمقامیشم دێ و شیاوی کوڕی خۆمە.»

ئەوی لاو بێ چاوەڕوانی هەموو شتێکی خراپ بێ لەم شارە و لە ناکاو خۆی لە خانوویەکی وەک بەهەشتدا ببینێتەوە، ئیشی کۆکە. مورتەزا ئاغا ئەوەی خۆی لێکی دابووەوە هەر بەو جۆرە پێشبینیی دەکرد. بەئەزموون بۆی ساغ بووبووەوە، کە لاوێکی وا، هەر کەسێ بێ، زیرەکیی دەوێ و لە کاری بێنێ و بیکا بەماشەی دەستی. ماشەی هەرە جوانی ئەم دنیایە لەم کارگێڕە لاوانە پێک دێن. وێڕای ئەوەی، کە خەبەر بەقایمقام کرانی فیکرەت ئێرماقلی بەدە ڕۆژ پێش هاتنی بەقەزا گەیشتبوو، بەڵام هەموو سەرەودەرێکی سەروسۆراخ کرابوو و ورد و درشتی لە بارەوە کۆ کرابووەوە. لە کوێ لە دایک بووە، باوک و دایکی کێن و لە بەرەی کێن، باری داراییی لە چ ڕادەیەکدایە. لە فێرگە چۆن بووە و چۆنی خوێندووە، هەڵوەدای دوای کچانە، مێبازە یان نا، ئارەقخۆرە، چەند دەخواتەوە، خووی بەچییەوە گرتووە؟ هەموو شتێکیان لەبارەوە دەزانی. تەنانەت وێنەیەکیشیان دەست کەوتبوو. دەساودەس دەکرا و بەر نەدەکەوت.

قەزا بۆ خۆی چواردە ئۆتۆمبیلی تێدابوو. لە قەزا و ناوچە نزیکەکانەوەش هی دیکەیان هێنا. دوو ئۆتۆبیسیش هەبوون. ئۆتۆمبیل و ئۆتۆبیسەکان سەرتاپا بەئاڵا و واڵا و گوڵ ڕازاندرانەوە. دوو دەهۆڵ و زوڕنایان هێنا. تەیار و لەسەرپێ. دەبوو قایمقام لە ئیستگەی جەیحان لە لایەن دەستەیەکەوە

پێشوازیی لێ کرایە و بەرەو قەزایان بهێنایە.

چ ڕۆژێ، چ سەعاتێ، چ دەقیقەیێ تەشریفی دەهێنا. هەموویان دەزانی بەهەیت و هووت و تەنتەنە و سەنسەنەوە ڕۆژێکی هەینی سەعات پێنج بەڕێ کەوتن. ئۆتۆبیلەکان، ئاغا جل و بەرگ پۆشتەوپەرداخە چەڵتووکچێنەکان و کاربەدەستان سواریان بوون. ئۆتۆبیسەکانیش هەرزەکار و دەمڕووتی هوراکێشیان تێدا سوارکردبوو. لەوانی پڕ بەدنیا «با بژی. با بژی» یان دەگوت. دەهۆڵژەن و زوڕنائەنگێویش لەسەری سەرەوەی ئۆتۆبیسەکانەوە پەیاپەی لە دەهۆڵ و زوڕنایان دەدا. بە هەراوزەنایەک لە شار دەرچوون سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسییەوە.

ئۆتۆمبیلەکان لەبەر ئیستگەی جەیحاندا ڕێکوپێک بەڕیزەوە وەستان. ئەوەی پێشی پێشەوەیان، کە بەئالاّ و والاّ و گوڵ ڕازاندرابووەوە کایزەرێکی دوا مۆدێل بوو.

لەناکاو ئەو شەمەندەفەرە ئێکسپرێسەی قایمقامی تێدابوو خۆی کرد بەئیستگەدا. کەمال تاشان لەسەرپێ بوو. خۆی بۆ ناو شەمەندەفەرەکە هەڵدا. دوو زەلامی تریش لە دوایەوە خۆیان هەڵدا. وێنەکەی قایمقامی بەدەستەوە بوو. لە دەرەجە دوودا لاوێکی قژخاوی دیت. هەر ساناساتێ قژەکەی بەسەر هەنییە و سەروچاو و برۆیدا بەردەبووەوە. دەم و چاو درێژووکەیەکی برۆڕەش بوو. چاوی قاوەییەکی ئاماڵ زەرد بوو. لێوی تەنک و باریک، دەتگوت خەتە و بەدانسقە کێشراوە. لاوەکە مرخێش مرخێش خەریک بوو جانتاکانی لەسەرەوە. لە بن سەبەتە و خورجین و هەگبەی بەسەریەکدا پەستاوتراوەوە دەردێنان. پانتۆڵەکەی چرچ و لۆچ بووبوو. دەم و چاوی. کراسە سپییەکەی لەبەر دووکەڵی شەمەنەفەر بووبوو بەیەک پارچە تەنی و هیس. کەمال تاشان سەیرێکی وێنەکەی کرد، سەیرێکی کوڕەی کرد. ناسییەوە خۆیەتی. لێی نزیک بووەوە:

«گەورەم. زەحمەت مەکێشن. گەورەم. زەحمەت مەکێشن. با پیاوەکان دایانگرن.»

کوڕە پەشۆکا. بەپەلەپەل:

«خۆم دایان دەگرم. کاکە. خۆم خۆم دایان دەگرم.»

«ئەستەغفیرەڵڵا. ئەستەغفیرەڵڵا گەورەم. با پیاوەکان دایانگرن.»

دەستی درێژ کرد:

«من خەڵکی قەزام، کەمال تاشانم، گەورەم، بەپیری جەنابتانەوە هاتووین، گەورەم.»

کوڕە حەپەسا:

«بەپیری جەنابتانەوە گەورەم.»

پیاوەکان لە جانتا نەوین و بەکۆڵیان دادان.

«موشەڕەف بووین گەورەم. بەندە فیکرەت ئێرماقلیم. سوپاستان دەکەم. زەحمەت مەکێشن. سوپاس، زۆر زۆر سوپاس.»

«کەمال تاشان لە ئەشرافان. کشتوکاڵچی.»

«موشەڕەف بووین ئەفەندم. ئەم زەحمەتە چییە.»

سامی لێ نیشتبوو. هەستی بەترس دەکرد. زۆریان لەمەڕ شارۆکەکانی ئەنەدۆڵ بۆ گێڕابوونەوە. چیی دەربارە بیستبوون؟ چەند خانوو و بەرەیەکی قوڕ لەو ڕەقەنانە. هەر یەکە پشتی بەتەلانێکەوە داوە. تینوو و پەرێشان بەزستان لە ژێر بەفرو بەستەڵەکدا و بەهاوین لەناو تۆز و خۆڵدا، تاک و تەنیا. هەموو ڕۆژێ مل لەبەر ملی ئاغا و دز و ڕێگر نان. زەلامی سمێڵ بابڕ سمێڵ بابڕ و دەمانچە بەلاتەنیشتەوە. سەررەق و تڕۆ. هەرچی ئەشرافیشن هێند بەئاووتاویان بۆ پەسن دابوون لە گێڕانەوە نایە، کەمال تاشان، لە ئەشرافانە، کشتوکاڵچییە، دەم و چاوی بەڕواڵەت متمانە و دڵنیایی لێ دەبارێ. قژە قاوەییەکەی پڕ و چڕ و مەوج مەوج، لۆچی دەم و چاوی کرژ کرژ. پێست لووس و پووس و مشت وماڵ و پەرداخ کراو وەک قەلایی کراو. کوت و مت نەزهەتی هاوڕێی. لەگەڵ کەماڵ تاشاندا دەتگوت سێوێکن و دوو لەت کراون، خۆ جارێ پێکەنینەکەی ئەوە هەر کوت و مت لە هی نەزهەت دەچوو. نەزهەت

هەمیشە هەوای تانگۆیەک بەسەر لێوییەوە بوو. کەمال تاشان لەمەی کەم بوو.

هەرکە هاتە بەر واگۆنەکە هێندەی دیکە پەشۆکا. هێندەی دڵی پێ تەنگ بێ، هورووژا. کەمێ وەستا، سەیرێکی ئەو مرۆڤانەی کرد، کە بۆ پێشوازی لێکردنی لە ڕیزێکدا بەڕیزەوە وەستابوون. پێنج سەت زەلامی تەمەن لاو. وەک سەرباز ڕیزیان بەستبوو. ڕووەو واگۆنەکانیان دەڕوانی. فرمێسک بەچاویا هاتە خوارێ. بەو بوایە هەر لە شوێنەکەی خۆیدا. لەسەر پلیکانەی واگۆنەکە دانیشتبایە و زۆرە زۆرِ بیدایە کوڵی گریانێ. بەکەف و کوڵێکەوە. سەری گێژبوو. وەک سەرخۆش بەملاولادا هات.

کەمال تاشان:

«فەرموو گەورەم. فەرموو. فەرموو گەورەم.»

«خەڵکی ئەم ئەنەدۆڵە چەند میوانپەروەرن. چەند ڕەسەنن. چەند قارەمانن. چەند هەژار و دەستکورتن. چەند ئازا و بوێرن. ئەم خەڵکە پیرۆزەی ئەنەدۆڵ. خزمەتکردنی ئەمانە چەند شەرەفێکی گەورەیە. وەک ئەوان لە ناو گەورِ و پشتیراندا لەگەڵ ئاژەڵدا نووستن. وەک ئەوان خواردن، وەک ئەوان مێشوولە بتخوا، وەک ئەوان، خزمەتکردنیان چەند شەرەفێکی گەورەیە.

کەمال تاشان بەڕیز تەقدیمی دەکردن.

«کاک مورتەزا قەرەداغ ئۆغڵی لە ئەشرافان، کشتوکاڵچییە.»

«کاک مستەفا ئۆقچی ئۆغڵی، لە ئەشرافان، کشتوکاڵچییە.»

«محەمەد داڵکەسان، لە ئەشرافان، کشتوکاڵچییە.» ئەویش بەمنەتبارییەوە تەماشای ناو چاوی دەکردن و دەلەرزی و بەهەموو گورێکیەوە دەستی دەگوشین و دەیگوت:

«موشەرەف بووین ئەفەندم. زۆر زۆر شەرەفتان پێ بەخشین. زۆر زۆر ئەفەندم موشەرەف بووین.» «گەورەم. مستەفا باتر باتر کشتوکاڵچییە. لە ئەشرافانە.» موشەرەف بووین.»

«ئەمن چەلیکدەمیر، لە ئەشرافان، لە گەورەکانمان. کاک ئەشرەف. کاک

ئەشرەفی دەلیخۆروز. لە جووتگێرە گەورەکانمانە.»

قایمقام هەر یەکە دەستی پێشوازیکەرانی لە مێردمندالّ و دەمڕووت. لە لاوی خوێن گەرم. دەستی یەکە بەیەکەیانی گوشین. هەر بەو خۆشەویستییە هەر بەو پەرۆش و تاسەیەوە دەستی هەموویانی گوشین. دەستی هەموو کەسێ. تەنانەت دەستی چاوشە دەهۆڵکوت و زوڕناژەنەکانیشی. هەر بەو تاسە و پەرۆشەوە گوشی و هەر بەو دەنگە گەرم و گوڕەوە گوتی:

«موشەڕەف بووین ئەفەندم.»

قایمقام لە پێشەوە دەڕۆیشت. هەر ساناساتێ قژی بەسەر هەنیەیدا بەر دەبووەوە و ئەویش بەپشتا هەڵی دەدایەوە و بەدەم قژ بەپشتاهەڵدانەوەوە لە ئیستگە دەرچوو و قەرەباڵغییەکە بەدوایەوە. گەیشتنە لای ئۆتۆمبیلەکان. قەرەباڵغیەکە خەڵکی ئیستگەشی تێکەڵ بووبوون و دوو هێندە. سێ هێندەی خۆی زێتر بووبوون:

کەمال تاشان و مورتەزا ئاغا و ئۆقچی ئۆغڵو لێک هەڵەنگووتن و شپرزە بوون و تاویان دا دەرکەی ئۆتۆمبیلە بەگوڵ ڕازاوەکەیان بکەنەوە، مورتەزا ئاغا بەو بەژن و باڵا درێژەیەوە بەدوو قەد خۆی نوشتاندەوە. دەرکەی کردەوە، گوتی: «فەرموو قوربان. قایمقامەفەنیی خۆمان، قایمقامە زۆر خۆشەویستەکەمان.» «ئەستەغفیرەڵلا. قوربان ئەستەغفیرەڵلا.» بەدوای سواربوونی قایمقامدا خەڵکەکەش هەموو سواربوون. دەمڕووت و هەرزەکار. لاو و گەنج، هوراکێش، چاوەش خۆیان لە ئۆتۆمبیل و ئۆتۆبیس پەستاوت. ئێستگە لەبەر هەرای «با بژی. با بژی» هەر وەخت بوو ژێر و ژوور بێ. هەر بژی قایمقام، با بژی، با بژی، با بژی».

قافڵە بەڕێ کەوت. ئۆتۆمبیلە بەگوڵ رازاوەکە لە پێشەوە و ئەوانی دیکەش بەپێی ئیحتیبار لە پاشەوە. مورتەزا ئاغای قرەداغ ئۆغڵو لە لای ڕاستەوەی قایمقام و کەمال تاشان لە لای چەپییەوە دانیشتبوون نیو سەعاتێکیان ڕێگە بڕیبوو و قایمقام بەخۆدا هاتەوە. بەبزەوە سەیرێکی لای ڕاستی و سەیرێکی

لای چەپی کرد. بەسەر هەڵتەکاندنێ قژە خاوە درێژەکەی بەپشتا هەڵدایەوە. گوتی:

لێم مەگرن ئێکجار زۆر حاڵم پەشێوە. زۆر زۆر، جارێ شڵەژام، زمانم گۆی نەکرد. ئەنەدۆڵیان بەدۆزەخ تێ گەیاندبووین کەچی ئەم مرۆڤانە هەر کامێکیان دەگری دەڵێی برا و باوکمە. جارێ خۆ ئەشراف؟ ئەوە هەر بەدڕندە و ڕێگر و ئەشقیام دەزانین. ئێستا ئەوانەی ئەشرافی ئەنەدۆڵیان پێ دەڵێن ئا ئەم گەورانەن؟ توخوا ئا ئەمانەن؟»

کەمال تاشان بەپێکەنینەوە «بەڵێ ئێمەین ئەشراف گەورەم.»

«قەد بڕوا ناکەم ئەمانە. ئەم مرۆڤانە پیاو خۆی لە پێناویدا بەخت بکا هێشتا هەر کەمە. نەک هەر خزمەتیان، خۆشیان قەزاوەگێڕ دەکا.» «بەتەنگ ئەنەدۆڵەوە نەهاتوون گەورەم. بەتەنگێوە نایەن، وڵاتی ئەم مرۆڤە ئازیزانە لەناو دواکەوتەیی و پیس و چەپەڵیدا دەگەوزێ.»

قایمقام:

«پێش ئەوەی بێم لە بارەی قەزاکەوەم زۆر کۆڵیوەتەوە. گوایە پڕە لە دەستدرێژ و زۆربا. بیستوومە زۆربای وای تێدان ئەفەنم هەر یەکە بیست سی ڕێگری لەو کەژانە هەن. دەڵێن تا ئێستاش وڵات بەدەستیانەوە زەلالەتییەتی. لە هەمووم کۆڵیوەتەوە ئەمانەم هەموو ڕەچاوکرد ئەوجا هاتم.»

مورتەزا ئاغا تێ هەڵچوو: «هەن ئەفەنم. دەست درێژ و زۆربای فرە بێناموس هەن. چۆن نین بەرێ وەڵڵا ئەو خاوەن ڕێگرانە. ئەو بێناموسانە هەموو هەن و ماون. خۆجە جنۆکەی بێناموس ماوە. وەلی ئاغای هەڵەجە ماوە. گو موشلو ئۆغلو ماوە. هەرچی خوا حەزی پێ نەکا دەیکەن. هەر هەلیان بۆ هەڵکەوێ سەرلەنوێ، نەک بیست سی ڕێگر، بگرە دەتوانن سەت ڕێگریش بە چیا خەن. ئەدی چۆن قایمقام ئەفەنیم. قایمقامە لاوەکەم بەرەکەت دا ئەو کافرانە بۆ ناو شار نایەن. هەمیشە لەو گوندانەن، گوندەکانیان پیس کردووە.

قایمقام:

«تێ دەکۆشین، خەبات دەکەین، لە گژ هەموویان ڕادەچین، بەگژ گشت خراپکارییەکیاندا دەچین. دەڵێن ئەم قەزایە لەرز و تێی زۆرە گوایە ساڵی هەزاران کەس بە لەرزو تێی دەمرن. منداڵی لێ ناژی. ئەفەنم نامەیەکم پێ گەیشت.»

مورتەزا ئاغا بەهەراسانییەوە هەڵی دایێ:

«ئەوە جەماڵە کوێر و وەستا پاڵەوان نووسیویانە ناحەزمانن.»

کەمال تاشان بۆ ئەوەی ئەم بەبێپەروا قسەکردنەی مورتەزا ئاغا بشارێتەوە تێ هەڵچوو:

«هەیە گەورەم، مردن هەیە، پلەی ژیان و گوزەران کە زۆر نزم و نەوییە. ئەگەر دەزانی چۆن دەژین ئەوسا دەڵێی ئەوە چۆن بەکۆمەڵ نامرن و ماون. ژیانیان لە واز بەدەرە، موعجیزەیە، خانووەکانیان لەسەر زلکاو و بەژاژ و قامیش دروست کراون. ئاویان لە ژێر هەڵدەقوڵێ. لەگەڵ ئاژەڵاندا دەحەوێنەوە. ساواری بێ چەوری دەخۆن گەورەم. ساوار و نانی ڕووت. لە بەهاردا گیا و گۆتاڵ دەخۆن. دەیکوڵێنن و دەیخۆن. خواردنی هەرە چاکیان دۆی ترشاوە.

موعجیزەیەکە بۆ خۆی ژیانیان.

قایمقام بەچاوی پڕ لە خەم و پەژارەوە ئاوڕی بەلای کەمال تاشاندا دایەوە.

«کەواتا ئاوها کاک کەمال؟»

«دەیبینن گەورەم، جا بزانە کزە لە جگەرتانەوە نایێ، دەیبینن»

«هەموو لە تاو لەرز و تێ ها؟»

مورتەزا ئاغا سڵەمییەوە، دەماری کرژبوون، خۆی بەخۆی:

«قاقەزی ئەو جەماڵە کوێرەی نەحلەتی. هی ئەو خەلیلی داناچی قەڵەم بەدەستە، هی ئەو وەستا پاڵەوانە ئاڵچاخەیە.»

کەمال تاشان:

«زۆریان پێوەناوە قایمقام بەگ. ناڵێم لەرز و تێ نییە. هەیە بەڵام ئێجگار واش نییە. جاران زۆر بوو، بەڵام ئێستا رووەو نەمانە. تا دێ لە کزی دەدا. یارمەتیی گوندنشین دەدەین. فێری خۆڵێ پاراستنیان دەکەین. بەکەڵکیان دەخوا، باشە، ئێستا چاترن.»

کاتێکی گەیشتنە ناو شار، خۆر لە زەردە بوو، بەسەدان پیاو و ژن و منداڵ لە دەرەوەی شار، لەسەر پردەکە خڕبووبوونەوە. کە ئۆتۆمبیلەکانیان بەنێواندا تێ پەڕین ورتە لە کەسەوە نەهات. قایمقام شەپقەکەی لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە دەرهێنابوو، یەکە یەکە سڵاوی لە خەڵکەکە دەکرد. ئەوانیش بە سەرسوڕمانەوە دەیانڕوانییە ئۆتۆمبیلە سەرتاپا بەگوڵ ڕازاوەکە. هەر دەتگوت ئۆتۆمبیلی بووکە. قایمقام هیچی لەمە هەڵنەکڕاند.

بەسەر پردەکەدا ڕێ و ڕاست تێ پەڕین و چوونە ناو شارەوە. بەلای دەستەچەپدا کۆڵیتی چەپەر و تەیمانە قامیش بوون. بەلای دەستە ڕاستدا خانوو و بەرەی زەلام زەلامی بێ سەروبەر و ناقۆڵا و دەر و دیوار سپیی ئەشرافان بەرزبووبوونەوە. بەبازاڕێکی شۆسە ڕووخاو و پڕ چاڵ و قۆرتدا بەرەو لای یانەی شار بوونەوە. لە یانە لە پێشدا شەربەتی هەنگوین پێشکێش کرا. بۆ خۆ ڕەپێش خستن هەزار داڵەورە و کلکە سووتێ بەپوولێ.

«وا سەروەخت هات و بەسەر دەچێ. هێشتا ئیجازەی یەک شوێن وەرنەگیراوە. بۆ خاتری خوا ئاگادار بن، ئەم قایمقامەش خووی خراپ نەبێ و لێیان بەڕکا نەچێ، کەشفە، تەڕەماشە، هەر ڕۆژە پەڵپ و بیانوویەکمان پێ دەگرن. بۆ خاتری خوا ئاگادار بن؟»

چونکە هەر لە ئیستگەوە دەرچوون. لەگەڵ مورتەزا ئاغادا پێکەوە بوون. خەڵکەکە لە مورتەزا ئاغا ورووکابوون. لە خوو و ڕەوشتی قایمقامیان دەپرسی.

مورتەزا ئاغا بەجۆشەوە:

«ئەم وەک ڕەسوولّەفەنیی تەرەس. تازە خواپێداو نییە، گوتی. ئاغا قەت نەمزانیبوو بەم جۆرەی. تۆ تاکە پیاوی شارەکەی. نامەی خراپیان دەرهەقت پێم گەیاندووە.»

لە جەماله کوێری کۆمۆنیست بەولاوە، لە وەستا پاڵەوان بەولاوە کێ نامەم لە هەق دەنووسێ، دەڵێ هەر دیتم ڕام گۆڕی.» گوتی: «سارە وەرە ئیجازەکەت وەرگرە.» گوتی: «من خراپە لەگەڵ بەندەی خوا ناکەم.» «قایمقام پیاوێکی زۆر چاکە. چۆن چاک نەبێ بابە. کابرا لە ئەستەمبۆڵ لە قادی کوی لەدایک بووە. لە شاری پادشایان پەروەردە بووە. پیاوێکی زۆر تەواوە. بەلێو دەخورێ. ئەو ئازا بێ بابیبیلەی چاوم بخوا. بزانە مورتەزا ئاغات چۆن لە پڕێکا بکا بەدەوڵەمەند، بە لۆرت. ئەوەی تا ئێستا پشتی بەمورتەزا ئاغا بەستبێ قەتی زیان کردووە؟ ها، بلێ زیانی کردووە؟ من بیبیلەی چاومی دەرخوارد دەدەم. قایمقام. بەڕاستی پیاوە، ئەسڵزادە، ڕەسەن، کەمایەسیی لێ دەوەشێتەوە؟»

زیافەتێکی سەت کەسی لە لۆقنتەکەی نافیزئۆغلو بەڕادان درابوو. چوون بۆ ئەوێ، خورایەوە، دیسان کەمال تاشان لە لای ڕاستییەوە و مورتەزا ئاغا لە لای چەپییەوە بوو.

لای سەرووی مێزەکەی تۆفیق عەلی بەگ دانیشتبوو. لە ئاغا چەڵتووکچێنەکانی ئێستایە. کۆنە حقووق ناسە، هەر جار ناجارێ، لە دەقیقەیەکا سەد بادە لە بادە دەدرا و چەند هەی چیپ هەی چیپ لەسەر شەرەفی قایمقام، لەسەر شەرەفی قەزا سەوزە بەختیار و خۆشگوزەران و شیرینەکە دەگوترا.

تۆفیق عەلی بەگ خۆی نەگرت، بەرزە پێ هەستایە سەر کورسییەکەی. وتارێکی بەجۆشی فەرموو. بەدوور و درێژی لە بارەی خەباتی میللی، لەمەڕ خەباتی خۆی و هاوڕێکانی، لەمەڕ دوژمن ڕاونان و لە وڵات وەدەرنانیان، لەمەڕ ڕزگارکردنی نیشتمانی پیرۆز، لە بارەی پارک و باخچە دروستکردنی کە کاتی خۆی سەرۆکی شارەوانی بوو، لە بارەی ئەوەوە، کە چۆن شارەکە بەڕێوەبەرایەتیی بەرەی تازەوە پڕ خێر و بێرتر و خۆشتر دەبێ قسەی دەکرد.

ئەنجا هاتە سەر باسی قایمقام، گوتی قەزاکە زۆر بەختەوەر و بەیەغباڵە. چونکە تووشی فەرمانبەری وا لاو و وریا و دریاو و ئازا و بوێر و نیشتمانپەروەری پیرۆز بووە. پاش ئەوەی لە وتار بووەوە بەهەردوو دەست سڵاوی لە قایمقام کرد و هێندەی نەمابوو بکەوێ. لەسەر کورسییەکە هاتەخوار.

قایمقام بەناچاری دەبوو وەڵامی تۆفیق عەلی بەگ بداتەوە. شارۆکەی چاقیرکەیفە، گوتی لە سۆنگەی ئەوەی کە بۆ خزمەتی ئەم شارۆکەیە، ئەم شارۆکە جوانە، بۆ خزمەتی ئەم مرۆڤانە، ئەم مرۆخوێن گەرمانەی ئەم شارۆکەیە دامەزراوە زۆر شاد و خۆشحاڵم و هەرچیم لە دەست بێ و لە خۆم ڕابینم دەیکەم و دریغی ناکەم و تا خوێن بەشادەمارمدا بگەڕێ خزمەت دەکەم. ئەم شارۆکە زەلکاوە، ئەم کانگا لەرزوتایە لە دەرد و چارەڕەشی ڕزگار دەکەم، ڕەگ و ڕیشەی لەرزوتا لەبن دێنم. دوا ڕۆژێکی بەختەوەرانەی بۆ دابین و فەراهەم دەکەم. قایمقام بەجارێ پشووی سواربووبوو و زۆر بەجۆش قسەی دەکرد. هەروەها ئەوەشی لەبیر نەچوو لەبارەی هەستی برایەتییەکی هەتاهەتاییی نێوان خۆی و مرۆخوێن گەرمەکانی شارۆکەکە بدوێ. ئینجا دانیشتەوە.

ئەو قسەی دەکرد. مورتەزا ئاغای نیوە سەرخۆش هەر جار ناجارێ تێ هەڵدەچوو. دەیگوت:

«بیبیلەی چاوەکانم بخۆ قایمقامەکەم. ڕۆنی چاوەکانم بخۆ کوڕە شیرینەکەم.»

لە زیافەتەکە بوونەوە. قایمقام سەری دەخولایەوە. ڕێگەوبانی تۆزاوی. ئۆتۆمبیلی بەگوڵ ڕازاوە، کوڕە حقووقییەکە، ئەوی دیکەیان، کە کۆلێجی کشتوکاڵیی خوێندبوو، ئەشرەفی ئەوروپا دیدە، پێشواز و بەپیرەوەچوونی گەرم و گیانی بەگیانی، سەری دەخولایەوە. بەدەم ڕێگەوە ئەسپینداری بەرز بەرزی بەرچاو کەوتبوو، تۆزاوی، نەرمین باسی ئەسپیندارەکانی بۆ دەکرد. بەدەم ئەو ڕێگەیەوە. کە لە دۆڵمە باخچەوە بۆ بێشیکتاش دەچێ. بەدرێژاییی

ڕێگا قسـەی بۆ دەکرد. لەپاش نیوەڕۆوە تا ئێوارە بەو ڕێگایەدا، کە لە هەردوو لاوە داری گەورە گەورە سەریان وێک هـاتبووەوە و دایان پـۆشیبوو، دەهـاتن و دەچوون. نـەرمـین بـاسـی ئـەسـپـیندارە بـەرز و تـۆزاوی و بـێ کـەس و خـەمگینەکانـی هـەردەی ئەنەدۆڵی دەکـرد. دەریا شـینـە تێر ڕەنگەکـەی بەردەم دۆڵمەباخـچە هـەندێ جـار بـەرگـی تەم و مژ دەپۆشـێ، کەف و کـوڵی دەریا لە ناو تەم و مژدا، شـەپۆلی تا کەناران دێ و دەگەڕێتەوە. هۆوە دووبەیەکی ترنجییە، لە منت نەکەوی کاکی کـاپتـان. گـیانـی شـیرینم کـاپتانە تەمـەڵ. درشت و زەلام دەستـی دەست نییـە، لە خۆیدا غاراو، کرژ هەڵاتووە. ڕێگا سـێبـەرەکەی نێـوان دۆڵـمـەباخـچـە و بێـشـیکتـاش، لە ناو گـەڵادا نووقم بـووە. ڕێگە پڕ کـۆترەکـە، تاکسـیـی بەبریق و بـاقی پێـدا دەڕوا. کـۆتری سـەر پەلک و گـەڵا زێڕینـەکـان دەدەنە شـەقەی باڵ. یەکێکیان تێدابوو سپی وەک چوڕی شـیر، لە سـەرە ڕێگا نەدەنیـشـتـەوە. بەسـەر ڕێگەکـەوە پەروازی دەکـرد. هەر پێـچکە تـاکسـی بوو نوقـمـی ناو گـەڵا چناری زێڕین دەبوو. نێـوان دۆڵـمـەباخـچـە و بێـشـیکتـاش قیرتاوە، چنار بەرز و بڵند، تەڕ و بڕی و ژیانیان لێ دەچکێ.

گـەڵا ڕێزانە، پەیکەرەکـەی باربارۆس لە بێـشـیکتـاش چەند جـوانـە، لەوەند قـەمەی رووتیـان بەدەستـەوە. شینایی شـینـاییی بێپەی. شـەپۆلی شێت و لێوە. گـەڵای زەردی چنـار، بۆنـی قـیـرتاو. هـۆوە مـاڵێکە. چەند پاک و خـاوێنـە، چەرچەف بـۆن و بەرامـەی خـاوێنییـان لێ دێ. ئـوسکودار، دایکـی سـەرپۆش سـپی، چاوی گـەش و گەورە گـەورە پەنجـە سـپییـە درێژەکـانی بەناو قـژیدا دەگـەڕێن. خـتـووکـەی دێ. شـلەتێنێکـی پاڵاوتە، خۆشـەویسـتـیـیـەکی پاڵاوتە. چەرچەفەکانی وەک بنێشتی سپی. بۆن و بەرامەی سـابوونێکیان لێ دێ وەک میسک و عەبیر. دار هەنجیرەکانی ئوسکودار سێبەرێکی تێر و گرانیان هەیە. مزگەوتەکەی سینان، لە تەماشاکردنیان تێر ناخۆی. لە حەوشـەکەی ساپێن و خەتخەنێنە دەکرێ.

بۆن و بەرامەی سـابوون، وەک میسک.

قـایمقـام بەجـۆشی هەڕەتی بیست و چوار سـاڵیـیەوە تا سـبـەینێ بیـری

کردەوە، خەوی نەچووە چاو. بیری لە حوسنی بەگی دەفتەردار، باوکی نەرمین دەکردەوە. یەکەم تیریژی ڕۆژ لە پەنجەرەکانەوە دەچووە ژوورێ، دەیگوت، «کوڕم فیکرەت» حوسنی بەگ چی گوت؟ سمێڵە درێژە کرژەکەی با دەدا و چی دەگوت؟ دەیگوت، «کوڕم.» «خۆت خۆت بە، بەڕواڵەت فریو مەخۆ، مرۆ دووڕوون.»

خۆی بەخۆی گوت، «گوێ مەدەیێ،» ماوەیەکی درێژ لە جێگاکەیدا مایەوە و ئەم دیو و ئەو دیوی کرد. کەواتا وایە. کەواتا ئەوانەی پێیان دەڵێن ئەشراف، کەواتا دەبێ ئینسانەکان لە پێشدا ببینی، بیانناسی. ئینجا لە پاشان بڕیار بدەی، ئەوساکە ڕاستە. بەکاوەخۆ لە ناو جێگە هەستا. قەیرێ تەماشای تابلۆکانی کرد بەدیواری ژوورەکەوە. تابلۆی قامیشەڵان و زەلکاوان، بزەی هاتێ. زەوقی شارۆکەیەک هەروا دەبێ. ئەی خۆ تابلۆکانی پێکاسۆ هەڵناواسن. ماڵێکی چەند جوان و خنجیلانەشە. بانیۆشی تێدایە، لە چینیی سەوز، چووە ژێر دووشەکەوە، لەرزی هاتێ.

خۆی لەبەرکرد. کە بەدەرکەوت سەعات بۆ نۆ دەی دەویست. دەرکەوان چاشتی سبەینێی بۆ لەسەر مێزەکە ئامادە کردبوو. هەر لاشی لێ نەکردەوە. چاشتی سبەینانی نەدەکرد.

هەتاوەکەی زۆر خۆش بوو. باخە زەیتوونەکانی خەنی کردبوو. زەیتوونی سەوز، ڕێ و ڕاست چوو بۆ دایەرە، ڕەسووڵەفەنی لەبەر دەرکە بەپیرییەوە هات. کابرا دوو قەمچ نووشتابووەوە. کە قایمقام بەپلیکانەکاندا بەسەرکەوت دانەوییەوە پەلاماری دەستی دا، وەخت بوو دەستی ماچ کا، وازی هێنا. چەند لاویشە. پێی سووکایەتی بوو. قایمقام هەستی بەمە نەکرد. دەنا شەرمەزار دەبوو و دەستی دەکێشایەوە. چارەنۆڕ نەبوو.

«فەرموو گەورەم، بەخێر بێن، فەرموو ئەوە ژوورەکەتانە.»

مۆبیلەی ژوورەکە بریتی بوو لە مێزێکی مۆرانەخواردووی کون کون. تەختێکی چڵکنی چەوری بریقدار. کورسییەکی دۆشەک شڕی تەل و زەمبەلەک

هەڵزەقیو، سڵەمییەوە، دڵی هەڵشێوا، ڕشانەوەی هاتێ. بۆ خۆشی کەمێ سەری دێشا. بڕۆی وێک هێنایەوە:

«ئەمەیە ژووری قایمقام؟»

«ئەمەیە گەورەم.»

چوو دانیشت.

ڕەسووڵەفەنی خۆی پێ نەگیرا، هات دەستەوسینە لەبەر دەمیدا ڕاوەستا. گوتی:

«گەورەم زۆرتان منەتبارم. زۆر زۆرتان منەتبارم گەورەم.»

نەیپرسی. لەوەتی لە شەمەندەفەر دابەزیبوو زۆری لەم پێشواز و بەپیرەوە چوونە درۆ و ڕووکەشانە دیتبوو. ئەمەشی بەپێشواز زانی. لە سۆنگەی نەپرسی. هەر بزەی هاتێ. ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ کاربەدەست و شێف و ئاغا و ئەشراف و بژیشک و ئەوقات و کوێخا و گزیر و پیاوماقووڵانی گوندان بۆ دیدەنیی قایمقام هاتن و بەخێراتنیان کرد. دایەرەی قایمقام سەرسام بووبوو. حۆل بووبوو، دڵخۆشییە، پەژارەیە، ئازارە.

هەستی بە شتێ کرد. نەیدەزانی چییە. لە فراوینیش و لە شێویشدا ئەشراف بەرۆکیان بەرنەدا. تۆ بڵێی ئەمە تا سەر هەروا بڕوا؟

بیری نەدەکردەوە. ڕێ و ڕاست گەڕایەوە بۆ ماڵ، لێی نووست، هەر زوو خەوی لێ کەوت.

بۆ سبەینێ بەسەری سووک و نەشئەوە بەخەبەرهات. قەیرێ بەناو ژوورەکەیدا هات و چوو. فیکەیێ بەسەرلێوییەوە بوو. پارچەیەک بوو لە سێنفۆنییەکەی بیتهۆفن. سێنفۆنیەی نۆیەم.

تیشکی ڕۆژ لک و پۆپی دار زەیتوونەکانی لە پەنجەرەوە دەدرەوشاندەوە. دەنگە دەنگێک لە دەرەوە. وەک شەپۆلی دەریا بەرز دەبووەوە. ئاوی بەستەکە دەتگوت ڕشتەی زیوە. وەک بفرێ بەخوڕ دەڕۆیشت و بەسەر تەم و مژان دەکەوت. لەسەریەک لەسەریەک ئەو پارچە سینفۆنییەی لێ دەدا. هەر ئەوە و

بەس. ڕووناکییەکی تێ زابوو. شادی ڕووناکیی تێدا دەبریسکایەوە، ڕێی دەکرد. بەو ئەوین و خۆشەویستییەوە کائینات لە باوەشکردنی دەهاتێ. بەخاکەوە بەزەیتوونی چڵەپۆپە درەخشانەوە، بەجریوەجریوی چۆلەکەوە، بەهەمووبوونەوەرێکی سەر زەوییەوە. ڕیشی تاشی، خۆی شوشت، چووە دەرێ. بەدەم سێنفۆنی لێدانەوە سەرانسەری بازاڕی پەی کرد. بەدڵێکی خۆش و ڕوویێکی گەشەوە سڵاوی لە یەکە یەکەی دوکانداران کرد. ئەنجا چوو بەشادییەوە لە بارەگای خۆی دانیشت. نەژوورە چڵکن و پڵکنەکەی دوێنێ. نە مێزە مۆڕانە خواردووەکە نە تەختە بنێشتاوییەکە. هیچیان نەمابوون. هەر دەتگوت نەشبوون. نە چڵکە بنێشت، نە خۆرە هیچیانی نەدیت.

پاش ماوەیێ کاربەدەستی کشتوکاڵ دەستەوارەیێ دۆسییەی بەبن هەنگڵەوە بوو. هات گوتی:

چاوەڕوانت بووین گەورەم. کاتی ئیجازە وەرگرتنی چەڵتووک چاندن وا خەریکە بەسەر دەچێ. بەجارێ کەڵەکە بوو و خاوەنیان مانگ نییە دە جاریان بەسەرنەکەنەوە و پێوە نەیەن. ئەمڕۆ لێژنەی چەڵتووک کۆ دەبێتەوە. جەنابت سەرۆکایەتیی دەکەی. ئیجازە دەدرێت.

برێ دۆسییە و نەخشەی پڕۆژەی پیشان دا، قایمقام لە هیچ نەدەگەیشت. کوێرانە تەماشایەکی کردن بەسەریاندا تێ پەڕی.

گوتی:

«چاکە چاکە. لە کۆبوونەوەی لێژنەدا چارەسەریان دەکەین.»

لێژنە لە پاش نیوەڕۆ کۆبووەوە.

لێژنە لە مودیر ماڵ و پزیشک و کاربەدەستی کشتوکاڵ و ئەندامێکی چەڵتووکچێن و قایمقام پێک هاتبوو.

پزیشک، چەند ڕۆژێ بوو تەشریفی بەڕێ کەوتبوو. چەڵتووکچێنەکانیش کاربەدەستێکی کشتوکاڵزانی دەسنیشانی خۆیان لە شارۆکەیەکی ترەوە هێنابوو. ئەندامی چەڵتووکچێنیش کەمال تاشان بەگ خۆی بوو.

پزیشک لە لێژنەدا ورتەی لێوە نەهات. بڕیارێکی زۆر و زەوەند درا. لەسەر زۆر شت لێ بران. چەند نەخشە هاتە ئاراوە.

کەمال تاشان بەروپشت و جێگا و ڕێگای نەخشەکانی لە قایمقام گەیاند. ئیجازە لە مێژبوو ئامادە کرابوون. چەند ئیجازەیەک مۆرکران.

هەرچییەکیشی نەکران بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو داندران. لەم ماوەیەدا ئیجازەی دەشتە گەورەکەی گوندی سازلی دەرەش بۆ ئۆقچی ئۆغڵی مۆرکرا.

سەرلەئێوارە قایمقام، کە لە کۆبوونەوەی لێژنە وەدەرکەوت کەمال تاشان شان بەشانی و سینفۆنییەی نۆیەمی بتهۆڤن بەسەر لێوییەوە بوو. هەم بەزەوقەوە دەرۆیشت و هەم ناوبەناو کاکۆڵە درێژەکەی بەسەر پشتا هەڵدەدایەوە. سەرلەئێوارە بوو، کە ئۆقچی ئۆغڵی بۆ یانە هات. کەڵەگەتێکی چوارشانەی جزمە لە پێی سمێل بابڕ بوو. تەمەنی پەنجا ساڵ دەبوو بەرەو مێزەکەی قایمقام و کەمال تاشان چوو. ئەمان زۆر بەگەرمەوە لە بارەی گیروگرفتی وڵات دەدوان. لە چۆن بەرەوپێش بردنی وڵاتیان دەکۆڵییەوە.

پژیشکی میریشیان لە کن دانیشتبوو. ئەو هەر گوێی لێ گرتبوون و بزە دەیگرت. پژیشک و قایمقام زۆریان کەیف بەیەک خۆش بوو.

ئۆقچی ئۆغڵی مەرحەبایەکی حوققەلیی کرد و دانیشت. ماوەیەکی درێژ کڕبوو، متەقی نەکرد، ئەم کڕبوونە یەک لەو خۆ و خدانە بوو. کە لە پاش دەوری دەرەبەگایەتی بەمیرات بەجێ مابوو، بەردی گران نابزوێ. جا لەبەرئەوە هەموو پاشماوەکانی دەربەگایەتی، وەک ئۆقچی ئۆغڵی، لە هەر کوێ بن. هەرزەوێژی و قسەی زیاد ناکەن، بەفیز و کەش و فشەوە، بەوپەڕی سەرگرانییەوە گوێ بۆ قسە شل دەکەن و لە سەرەخۆ سەر ڕادەوەشێنن. ئۆقچی ئۆغڵی لەوەتیی دانیشتبوو هەر سەری ڕادەوەشاند.

ها لە پاش چەند:

«کەمال بەگ و قایمقام بەگ و پژیشک بەگ میوانی منن لە ئەدەنە.»

فەرموون لە خزمەتداین. ئۆتۆمبیل لەبەر دەرگە چاوەڕوانتانە.

قایمقام سەیرێکی کەمال بەگی کرد. بەگیش ڕووی لە ئۆقچی ئۆغڵی کرد. گوتی:

«باشە ئۆقچی ئۆغڵی. دڵت ناشکێنین.»

پزیشک هەڵی دایێ:

«من کارم هەیە. سوپاستان دەکەم.»

ئۆقچی ئۆغڵی پرینگایەوە:

«نابێ دوکتۆر.»

کەمال تاشان سەری لە بناگوێی پزیشک نا، گوتی:

«وەرە وەرە دوکتۆر. هەلی وا هەموو جارێ هەڵناکەوێ. ئیجازەی ڕاستانەکەی سازلیدەرەی دراوەتێ. موویێ لە بەراز بێتەوە.»

یەکسەر سواربوون و بەڕێ کەوتن. ئۆقچی ئۆغڵی لە ڕێ بەجارێ ئیشتیای قسەی کرابووەوە. هەژدەر هەژدەر قسەی دەکرد:

«پیاو سەر و ماڵی بۆ ئەم بەهەشتی سەرزەوییە نەبێ ئەی بۆ چییە. بۆ ئەم وڵاتەی بەخت نەکا ئەی بۆچی بەختی بکا، هەر پێش دەکەوێ، بۆ کوێ دەچێ، ئاخ، ئەگەر ئەتاتورک نەدەبوو.

میللەتەکە بێ یەغباڵە. ئەفەنم. پێش ئەوەی ئێمە نانی برنج دابێنین ئەم خاکە چۆڵەوانی بوو، زەلکاو بوو، ئاخ خ ئەگەر ئەتاتورک نەدەبوو. گوندنشین ڕووت و قووتن، نانی شەوێیان نییە. ئێستا؟ ئێستا کرێکاری دەکەن. یەک: وشی دەکەن. دوو: تا ئێمە چەڵتووک چاندنمان لە چقوورئۆوا دا نەهێنا، کەس چاوی بەدەنکە برنج نەکەوتبوو. ئێستا ڕوو لە هەر ماڵێ بکەی بەخەروار برنجی هەیە. چەڵتووک ئەم وڵاتەی بووژاندووەتەوە.»

دایە قاقای پێکەنین:

«زوو، جارێکیان بۆ گوندێ چووبووم، شەوێ پەردە و کوللەم گێڕا، بەڵام چی، ئەو شەوە بوو بەڕۆژی حەشرێ نەبێتەوە. خەڵکی گوندەکە، سەرلەبەر، بەمنداڵەوە، بەپیرەوە، بەنەخۆشەوە، خڕبوونەوە سەیری پەردە و کوللە دەکەن.

سا هەر چۆنێ بوو، سوودی پەردە و کوللەم تێ گەیاندن، ئێستا بەشەو هەموو پەردە و کوللە دەگێڕن و خۆیان لە پێشکە دەپارێزن، ئاخ ئەگەر ئەتاتورک نەدەبوو.

قایمقام لە سینفۆنیە لێدانی خۆی نەدەکەوت. بۆنی تۆز و خۆڵ و وشکە گیاوگۆڵ و زەلکاو دەهات و بەلووتیاندا دەچوو. ئۆتۆمبیلەکە بەو مانگەشەوە، لەو دەشتە ساماڵ و سپییە وەک زیو هێند بەتاو دەڕۆییی دەتگوت دەفڕێ. هەر هێندەی چاو بقووچێنی و بیکەیەوە دەگەنە بارێکی هەرە خۆشی ئەدەنە.

## ٣

گوندی سازڵیدەرە کەوتبووە ناوەندی زەوییەکی شەش هەزار گاوخانی ئۆقچی ئۆغڵییەوە. جا لەبەرئەوە زەوییەکە لە نەخشەدا بووبوو بەدوو بەشەوە، ئۆقچی ئۆغڵی لەبەرئەوەی هەزار و پێنج سەت گاوخانە زەویی نەدەکێلا تەنیا دەیتوانی بەئوسووڵی ناوبەناو ئاودان ئیجازەی وەرگرتایە.

ئۆقچی ئۆغڵی هەرکە چاوی بەقایمقامی لاو کەوت و نەکەوت بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە لای کاربەدەستی کشتوکاڵ. گوتی:

«تۆ دەزانی مەعموور بەگ ئەم قایمقامەم زۆر بەدڵەوە چوو، بۆ نەخشەیەکی تازە بەڕادان نەدەین گوندەکەش بگرێتەوە، با نەخشە کۆنەکە بدڕێنین.»

مەعموور بەبزەوە دەستی بەماستاو ساردکردنەوە کرد. گوتی:

«جا هی وەکو تۆ هەیە ئاغا، ئەی تۆ چیت؟ بەچاویا بۆت بەدیارکەوت؟»

«بەڵێ بەچاویا دیارە چەند شێرە.»

«بەچاویا ها؟»

وەک دەزانن بەپێی دوا نەخشە ئۆقچی ئۆغڵییان ئیجازە دا. ئیجازەیان دا، بەڵام ئیشەکە ئیشی تێدابوو. دەبوو لە نوێژەنەوە مەزرا بەکرێ بدرایە، لۆکە و کونجی و بێستان کرِدرابان و گوندنشین دەمکوت کرابان. هێندەی بەبەرەوە نەمابوو، گەیشتبووە ئەوپەڕی، کاتیش هێندەی نەمابوو.

ئۆقچی ئۆغڵی سێ و چوار ڕۆژ بوو لە سازڵی دەرە بوو، میلیۆنێکیان بدایەتێ لە سەعاتێ پتر لە هیچ گوندێ نەدەمایەوە.

کەواتا مەسەلەکە ناسک بوو.

گوندەکە سەرلەبەری هی عوسمان ئاغا بوو، عوسمان ئاغا پیاوێکی

لەسـەرەخـۆ و بێ وەی بوو، ترسنۆکیش بوو، پخت لێ کردبا زراوی دەتۆقی. گوندێکی شەشت ماڵی بوو. عوسمان ئاغا خۆی پیاوێکی چاک بوو، بەڵام گوندنشینەکان بەرباد بوون، بەڵای خوا بوون. خۆ جارێ کوردەکان ئەوە هەر باسیان ناکرێ، قەت نەڵێن نا. بیانکوژی، بیانبڕی لە نای خۆیان نایەنە خوار. ئۆقچی ئۆغڵی لەگەڵ ئەمانەدا تێک گیرابوو.

ئۆقچی ئۆغڵی لە چاخانە کەپرە سەر بەدرکە کونار گیراوەکە بوو. گوندنشینەکانی لە خۆی کۆکردبووەوە، تووڕە بووبوو کەفی دەچەڕاند. قیرپاچە زیوینەکەی بەدەستەوە بوو. لەسەریەک لەسەریەک بەجزمەکەیدا دەکێشا. ئارەقەی هەڵدێنا، لایەکی سمێڵە درێژەکەی خستبووە دەمی و پەیتا پەیتا دەیکورۆشت. هەمووی لەلایەک قسەکانی حەمەعەلیی کورد لەلایەک، هەر بەجارێ شێت و هاری کردبوو.

ئەم کوردە زمان نەزانەش بەڵایەک بوو بۆ خۆی. نازانم لەکوێوە هاتبوو و بووبوو بەخاوەن قسە و لە چقوور ئۆوا لێمان بووبوو بەپیاو. ئاخ حوکومەت. کوردە لە کەلی شەیتان نایەتە خوارێ، کە گوتی نا. نا.

ئۆقچی ئۆغڵی کەفی دەچەراند و هەڵدەچوو. دەمێ هێمن و نەرم دەبووەوە، دەمێ بزە دەیگرت. هەندێ جاریش خۆی پێ نەدەگیرا، پڕ بەزاری جنێوی دەدا و پیشی دەخواردەوە و تاوناتاوێ دەستی بۆ دەبرد و بەچوار چەمۆڵە هەڵدەپەڕی. جگە لە قایمقام چڵێ نەبوو خۆشی پێوە بگرێ.

سەری زمانی و بنی زمانی قایمقام بوو. هەر تەنگاو بوایە و نۆرەی هەڕەشە و گەفەی هاتبا دەیگوت قایمقام وا و قایمقام وا. دەیگوت «ئەم قایمقامە؟» ئەنجا دەوەستا، دیسان بەدەم و پل لستنەوە «ئەم قایمقامە؟» کەڵەمێردە کەڵەمێرد، پیاوێکی چاوبەخوێنە. لاوە. لاو هەروا دەبێ. تەمەنی هەر بیست و شەش ساڵ دەبێ، دەڵێی تووڵەنەمامە. خوا بەرخورداری کا لە بارەکە پێی گوتم سەر و ماڵم بەقوربانی ئەم نیشتمانە، ئەم خاکە بێ، من ئەم شارۆکەیە دەکەم بە بەهەشتی سەرزەوی. گوتی ئێمە داهاتێکی وەک برنجمان بەدەستەوە بێ چۆنی نەکەین بە بەهەشت؟ چۆن داهاتێکیش، کە یەک و

هەشتـا، یەک بە سـەت دێنێ. ئـاخـر چۆن نەبێ بە بـەهـەشت، کە بەملیـۆنی لێ وەچەنگ بێ، ئەمـە داهـاتێکە ولاتێکی پێ ئـاوەدان دەکرێتـەوە. داهـاتێکی پیـرۆز و بەشـەرەفـە، میللییـە، شـەڕ بۆ نیشـتـمـان چەند کـارێکی گرنگە، چەڵتـووک چاندنیش هێندە کارێکی گرنگە. قایمقـام گوتی ئەگەر ئێوە چەڵتووک نەچێن، ئەی ئەو سـەربازانەی لەسـەر سنووران خـوێن دەڕێژن چ بخـۆن؟ خـۆتان چ دەخـۆن؟ هـاوولاتییـان چ دەخۆن؟ ئێوە نەبوونایە دەبوو دەوڵەت ناچار گەمییـە لەسەر گەمییە برنجی لە ژاپۆنەوە بۆ هێنابایـن و هـەرچی پارە و پوولێکیشمان هەبا بۆ هـەندەران چووبا. گوندنشین ئاوەز و ئەقڵـیـان بەمـەدا ناشکێ. یەکێ دەڵێ وای پێشکە خواردمی. یەکێ دەڵێ خـانووەکەم بوو بەزەلکاو، یەکێ دەڵێ هەوا بۆگەن بوو، یەکێ دەڵێ وای گرانـەتێ ئاسـەواری بڕینەوە. ئیـتـر خـەریکن بە وای وای ئەم داهـاتـە میـللییـە لەناوببـەن. قـایمقـام گوتـی، منیش گـوندیم. منیش خـەڵکی یەکێکم لە گـوندەکـانی دەوروبەری ئەسـتـەمـبـووڵ. من دەزانم گوندی چەند نەگریسن. دەیگوت، ئەوان پشـتیـان بەیاسـایەکی بەهەڵە داندراو ئەستووره و بۆ لەناوبردنی ئەم داهاتە میللییە تێ دەکۆشن. ئاوەزیان بەکاری میللییانە بڕ ناکا. ئەقڵیان بەکاری ورد ناشکێ. قایمقام دەڵێ. هـەر بۆیەش من گوێ بەیاسـا و ماسـا نادەم. من ئاودانی ناوبەناو و بەنۆرە و ئاودانی بەردەوام و شـتی وام بەگوێدا ناچێ. لە پێناوی ئەم داهـاتە میللییەدا سـەت یاسـا پشت گـــوێ دەخــــەم. بەقــوربـانی چاوی ئەم فـــەرمـــانڕەوا لاوانـە بم. ئەمـــانە زۆر نیشتمانپەروەرن. لە ئەدەنە لە ناوەندی دەشتە بەراوەکەدا دەگوندیشی تێدابێ داغانیان دەکەم.

هەر بۆ ئەوەی ئەم داهاتە میللییـە نیشـتـمانییـە زیان و زەرەر نەهێنێ، بەڵێ فـەرمـانڕەوا گەورەکـان ئاوا دەڵێن و دەزانن داهـاتی مـیللی واتا چی و نرخی چەندە. کـــەچی لەولاوە دوو گـــوندیی هەرچی و پەرچی دێن، پـوولێ نـاهێـنن ئەمـیـان دەڵێ پێـشکـە خـوێنمـان دەمـژن و ئـەویان دەڵێ گـرانەتێ و سـێـوەرۆ قڕمـان دەکا. دەیانـەوێ داهـاتە میللییـەکە لـەناوببـەن. پێشکەیە، گـرانەتێیـە، خــوای دەکــرد ئاهۆ و تـاعــوون دەبوو، هەر ئەوەیە، مـــادامــێکی داهــاتەکــە

داهاتێکی میللییە، بەزۆر و بەخوایشت دەبێ هەر بکرێ. هیچ نییە نەکرێ. گوڵ بێ دڕوو نابێ. تەنانەت گراریش بێ فوو فڕ ناکرێ.»

گوند چەند ڕۆژ بوو دەشڵەقا. هەموو دەنگ و باسێ بیسترابووەوە، ئۆقچی ئۆغڵی قایمقامی چۆن بۆ ئەدەنە، بۆ مەیخانە بردبوو، چۆن پەنجا هەزار لیرەی بەرتیل دابوو و بەمە چۆن توانیبووی ئیجازە وەرگرێ. ئەویش بیسترابووەوە. کە ئۆقچی ئۆغڵی قایمقامی بە «قایمقامی کورم» ناودەبا. نەشبیسترابایەوە خەڵک ئۆقچی ئۆغڵییان زۆر چاک دەناسی و دەیانزانی چ ماڵێکە. دەیانزانی چیی پێ دەکرێ، دەیانزانی شار و کاربەدەستانی شار چۆن بەدوو پەنجان وەک فرفرۆکە دەخولێنێتەوە. بەڵام بە چ دەچوو، ئەوەی ئۆقچی ئۆغڵی داوای لێ دەکردن، لە کردن نەدەهات.

عوسمان ئاغا پیاوێکی کورتەبنەی سوورەی دەم و چاو بەڵەکی قژ وەک چوری شیر سپیی ڕیوەڵەی بێ نموود بوو. جووتێ پێڵاوی چەرمی چەوری مەرعەشی لە پێدا و شەرواڵێکی جاوی لەبەر هەتاو کاڵبووەوەی لە لینگدا و کورتەکێکی لۆکەی خەتداریشی لەبەردا بوو. شەپقەکەی ڕەش ڕەش. چین لەسەر چین چڵکی دەردابوو.

ملە باریکە سوورەکەی درێژ دەکرد، دەیگوت: «ئاغا. تۆ بۆ خۆت دەزانی. بەڵام گوندەکە دەبێتە زەلکاو؟ تۆ بڵێ. جێگاکە نزمان و چاڵیشە. من بەش بەحاڵی خۆم، دەگوێزمەوە. دەچم بۆ ئەو بەر کۆسارە. گوندەکە دەبێ بەزەلکاو.»

ئۆقچی ئۆغڵی:

«تۆ کێڵگەکەت بەکرێ نەدامێ؟»

«دامیتێ.»

«مقاوەلەمان بەدەستەوە نییە؟»

«هەیە.»

«کەواتا؟»

عوسمان ئاغا بەلارە ملێ گوتی:

«خۆت دەزانی ئاغا.»

ئاغا دەستی بەهاتوچۆ کرد و بەقیرپاچەکەی لە جزمەکەی دەدا:

«خۆم دەزانم، خۆم دەزانم، بەڵام پیاو دەبێ ویژدانی هەبێ، بە بەزە بێ.»

گوندنشینەکان گوتیان:

«دەبێ بیبێ ئاغا.»

«ئەفەنم ئێمە نامانەوێ بەتەنیا قازانجمان دەست کەوێ. دەبێ هاووڵاتی و گوندنشینەکانیشمان لە قازانجدا هاوبەشمان بن. ئەمەیە کاری پەسند و ڕەوا. ئەمە هەر فەرمانڕەوا گەورەکانمان تەقدیری دەکەن. ئەی من بۆ چ سەروەت و سامانم هەموو ڕشتووەتە ئەم خاکەوە. من نامەوێ تەنیا هەر خۆم قازانجم دەس کەوێ. ئابووری بەردی بناخەی وڵاتە. فەرمانڕەوا لاوەکان ئەمە زۆر تەقدیر دەکەن. پارێزگاری و تەشجیعکردنی داهاتی میللی ئەرکی سەرشانی کارگێڕە لاوە خاوەن بیروبڕوا دینامیکییەکانمانە.»

«چ بکەین ئاغا؟»

«بڕوانن، گوندییە بەڕێزەکانم، سبەی دووەی ئاو بەردەدرێتەوە سەر ئەو دەشتە. با لۆکە و کونجییەکانتان لێ بکرم. با منیش قازانج کەم و ئێوەش. زەوی زەویی عوسمان ئاغایە، بەمنی داوە. عوسمان ئاغا نەتدامێ؟»

«دام، دام»

«کەواتا کێڵگە هی عوسمان ئاغایە، لێم بەکرێ گرتووە. وەک داهاتەکان چۆن بەتەڕی پێ فرۆشتووم ئاوهام پێ دەفرۆشن. بەڵێ دەیفرۆشن.»

«ئەگەر نەمانفرۆشت؟»

ئاغا لە جێگاکەی وشک هەڵات. قیرپاچەکەی شریخ بەجزمەکەیدا کێشا و کردی بە تۆز.

«دەیفرۆشن. کێڵگەکەم بەکرێ گرت. نیوەی داهاتەکەش هی عوسمان

ئاغایە. کۆشێ پارەم هەڵڕشت. عوسمان بۆ قسە ناکەی؟»

«بەڵێ بەکرێی گرت.»

حەمە عەلی، کابرایەکی چاوبەخوێن بوو. پێش هەزار و نۆسەت و سی و سێ جەردەی هەرە بەناوبانگی چیاکانی تۆرۆس بوو. بەر دەیەم عافواتەکە کەوت. لە چیا هاتە خوار، لە سازلیدەرە دەستی بەجووتێری کردبوو. لەو ڕۆژەوە ئازاری مێرووڵەیەکی نەدابوو، بەڵام هەرچییەک بوو هەر کۆنە مەمۆکەی جارانی چیاکان بوو.

ئۆقچی ئۆغڵی قەیرێ بیری لە حەمەعەلیی کۆن کردەوە. هەندێ خۆی گورج کردەوە. پێ کەنی و خۆی بەخۆی:

«باشە حەمەعەلی، باشە. تۆ مەزراکەت مەدە. جا چ بوو؟ با مەزراکەی تۆ لە ناوەندی دەشتەکەدا ببێ بەگوڵە بەهارە.»

حەمەعەلی:

«نایفرۆشم.»

ئۆقچی ئۆغڵی ڕووی لەوانی تر کرد، گوتی:

«لۆکە. گاوخانی بە سی، کونجییش هەر بە سی. بێستانیش بە پەنجا. باشە؟ نە بژار، نە کۆکردنەوە. هیچ ڕەنجێکیان پێوە ناکێشن.»

چەند گوندییەک:

«لێت بەزیاد بێ ئاغا. جا لە تۆ دڵاواتر هەیە؟ بەڵام چۆن دەتوانین لە گوند بمێنینەوە؟ گوندەکە زۆر نشێوە. بەجارێ دەبێ بەزەلکاو، بەڵام، لە تۆ چاتر لە کوێ دەست دەکەوێ ئاغا. پارەیەکی زۆریش دەدەی، بەڵام زەلکاوەکە، لەرزوتا، شەش مانگی ڕەبەق زەلکاو، لەناو قوڕەلیتەی گەرما، ئاغا وەنەبێ بۆ خۆت نەزانی، چ بکەین؟»

ئاغا:

«گاوخانی بە سی لیرەی تەواو، سی لیرە. قابیلە شان و باهووتانی پێوە ماندوو بووبێ، تۆوە و بەزەوی عوسمان ئاغاتانەوە وەرکردووە. چما هەر

گاوخانە و سی لیرەتان بەخێری باوکتان دەدەمێ. پارە بە زەلکاو، بە پێشکە، بەقورو چڵپاو دەدەم. ئەوەی ئاوەز و هۆشی هەبێ. سی لیرە بەگاوخانە لۆکەیێ، کە هێشتا بەتەواوی چەکەرەی نەکردبێ، دەدا؟

«ڕۆژێ نییە، دوو ڕۆژ نییە، شەش مانگی خشت چۆن لەنێو قوڕ و چڵپاودا گوزەران دەکرێ. تۆ بۆ خۆت دەزانی ئاغا.» «ئەم لاو ئەولای پێ ناوێ، زەوییە و ئیجارم کردووە. دەبێ چۆڵی کەن. من پیاوەتیم لەگەڵدا کردوون، باوکایەتیم لەگەڵدا کردوون، ئیجارم کردووە. دەنا بێ سێ و دوو ئاوی بەسەردا بەردەدەمەوە. هەر ڕاستە و ڕاست بۆ ناو گوندی بەردەدەمەوە. بەری نادەمەوە عوسمان؟»

عوسمان ئاغا ڕووی لە گوندییەکان کرد. گوتی:

«براینە ئیجاری کردووە.»

حەمەعەلی کورد:

«قانوون هەیە، حکوومەت هەیە، قانوون هەیە، ئاودانی بە وچان و بەنۆرە هەیە، ئاودانی بە وچان و بەنۆرە ئەوەتا، دە ڕۆژ ئاو بەردەیەوە و چل و هەشت سەعات بیگرییەوە. ئەوسا کێڵگە کزر دەبێتەوە. پێنج سەت مەترێ گوند لێوە دوورە، هەرچی ئاودانی بێ وچانە، وچانی تێدا نییە، بەڵام ئەوسا سێ هەزار مەترێ گوندی لێوە دوور دەبێ.»

ئۆقچی ئۆغڵی بەتەوس و تیزەوە سەیرێکی حەمەعەلیی کرد و هات و لە بن کەپرەکە دانیشت. ئارەقی شین و مۆری دەردابوو. گوتی:

«ئەقڵی کوردە. ئەقڵی بەشتێکەوە گیر نەخوا، ئیتر نایبڕێتەوە. ئاودانی بە وچان و بێ وچان.»

ئینجا ڕووی کردە گوندییەکان. گوتی:

«توخودا، تو خۆشەویستیی خوا ئێوە بڵێن، پێشکە لە سێ هەزار مەترەوە نایە؟ نەهات؟ ئەو ساڵە پێشکە لەو مەرەزەیەوە لە پاومانی ئویگسویزلوگەوەم کردبوو، نەهات؟ نەک سێ هەزار، دە هەزار مەتر لێمانەوە دوور نەبوو؟ خۆ

ڕەنگە ڕەشـەبایەک هـەڵی کردایە. ئیدی بەجـارێ بە ڕەشکە پێشکـەی دەهێنا. چل و هـەشت سـەعـات ئاو دەبڕێ. زەوی کزر دەبێتـەوە، پێشکە هـەمـوو دەمرێ. زەوییەکە گۆلاوی وای تێدا دەمێنێتـەوە، بەساڵێ وشک نابێتەوە. تو خـوا ئەمە ئەقڵە؟ دەڵێی چی، ئەقڵی کوردە.»

ڕووی لە حەمەعەلی کرد. گوتی:

«لە سبەینێ زووتر نییە. بچۆ بەحکوومەت بڵێ، عەرز و حاڵی بدە، با پێشکە کۆت و زنجیر کا. سەلا لە ئەقڵت، ئەقڵی کوردە.»

حەمەعەلی سوورهەڵگەڕا:

«تیـز مـەکـە. وا پێت دەڵێم هـا، من لۆکـەی خـۆمت نادەمێ، ناهێـڵم لە ناو گـونـدیش چەڵتـووک بچێندرێ. مـادامـێکی یاسـا و قـانـوون هەبێ، مـادامـێکی حوکوومەت هەبێ.»

ئاغا بەتووڕەییەوە لەسەر کورسییەکەی هەستا. گوتی:

«چ دەکـەی حـەمـەعـەلی؟ دیسـان دەست دەدەیە تفـەنگ و بە چیـا دەکـەوی؟ فێربووی. بەڵام خەیاڵت خاوە. ئەو ڕۆژگارە بەسـەرچوو، تێ پەڕی. جارێکی تر عافوات دەرناچێ. پیاو وەکو کەو ڕاودەکەن.»

حـەمـەعەلی کۆڵەمسـتی گوشی. لچ و لێوی کرۆشت. یەک دوو جـار لەسـەر کورسییەکەی بەم دیو و بەم دیودا هەڵپلا.

سـەر و چـاوی پڕ بووبوو لە قـڵـچخ. سـمـێڵـی وەک دڕوو. تیـژتیـژ تۆزاوی بووبوو. چاوی بووبوو بە کاسـەی خوێن. دەسەسڕێکی زەردی چڵکنی تۆزاویی بەسـەریەوە پێچـابوو. دەسـەسڕەکـەی لەسـەری دامـاڵی و لەسـەر مێـزەکەی بـەردەمی دانـا. مـەچەکـە ئـەسـتـوورە تووکنـە مـوو لـەبـەر هـەتـاو زەرد هەڵگەڕاوەکـانی وەک کـوتک لەسـەر مـێزەکـە درێژکـردن. گـوتی: «پێنـج سـەت مەترێ دەبێ بۆ گوند، هەر دە ڕۆژ جـارێکیش دوو ڕۆژ ئاو دەبڕدرێ، من ئەمەم زانیوە، ئۆقچی ئاغا.»

ئۆقچی ئۆغڵی جارێ هەڵدەچوو، جارێ دەنیشتەوە، دیسان هەڵی دایێ:

«ئەم کابرایە لە هیچ ناگا.» کوڕە ئێمە داهاتی میللیمان گوت داهاتی میللی، بۆ خۆتانی لێ گێل دەکەن. ئەو یاسا و قانوونەی تۆ دەیڵێی کۆنە کۆن. تۆ باسی یاساکەی پێش ئەم قایمقامە دەکەی، گێل و گەمژەن. لە هیچ ناگەن، ئەی چۆن. دیارە پێشکەش دەبێ و لەرزوتاش دەبێ. ئەی جەنابی قایمقامی لاو چی دەگوت؟ دەیگوت ئێوە خزمەتێکی گەورەی ئەم نیشتمانە دەکەن. ئێوە لەمە ناگەن. قابیلە حکوومەت، حکوومەتێکی زل و زەلام لەمە نەگا؟ بۆ نازانێ پێشکە و لەرزوتا چییە؟ دەزانێ دەنا چۆن دەیهێشت چەڵتووک بچێندرێ. یاساخی دەکرد.»

چەند گوندییەک تێکڕا لەسەرەخۆ:

«ڕاستە، ڕاستە، بەڵام شەش مانگی ڕەبەق لەناو چڵپاو و زەلکاودا گوزەران دەکرێ؟ داهاتی نیشتمانە، ئێمەش ئەوەندەمان ئەقڵ پێدا دەشکێ. بەڵام گوندێکی زل و زەلام بۆ کوێ بڕوا؟»

گوندییەکان سەریان شۆڕ کرد و کڕ بوون.

«ئێمەش ئەوەندەمان ئەقڵ پێدا دەشکێ.»

ئۆقچی ئۆغڵی گوتی:

«سبەینێ پیاوەکانم دێن مەزراکانتان دەپێون. قۆچانی خۆتان وەردەگرن. بێ ئەرک کێشان، بێ ڕەنجدان، لە بری پارە و تۆو، پارەیەکی مفتی داهات وەردەگرن. ئیتر چیتان دەوێ؟ زەلکاو و چڵپاو، قوڕ و قوڕاویش شتن پیاو بیریان لێ بکاتەوە. لەناو کۆشک و تەلار لەدایک بووین؟»

گوندییەکان هەموو بەخوتە و بۆڵەوە:

«گوندێکی زل و زەلام، ماڵمان، منداڵمان؟»

ئۆقچی ئۆغڵی هەر بۆڵەبۆڵی بوو. بەجارێ شێت و هار بووبوو، شیڕاندی:

«هەی نان کوێرینە. سپڵەینە. عوسمان ئاغا. بڵێ با ئەسپەکەم بۆ بێنن. هەر ئێستا بۆم بێنن، هەر ئێستا. خۆم دەزانم چتان بەسەر دێنم. ئەوەی ئێوە بەم داهاتەی دەکەن بەسەرتانەوە ناڕوا. ڕاوەستن. بەم نیعمەتە عەزیزەی خوا،

کـاتێکی چـەڵتـووک داهات ئێـوە دەرپێـتـان بەقنگەوە نەبوو، بوون بـەپیـاو. من گـاوخـانی لۆکـەتان، کە هێشـتا پـاچێکتـان لێ نەداوە، بە سی لیرە لێ دەکڕم. ئیـتـر چیـتـان دەوێ؟ وەڵڵا کـوردیشـمـان لێ بوون بەپیـاو و لێـزان. کـوردی کەڕەواڵەی زمـان نەزان. قانوون. قانوون. باوک و باپیـریان قانوون زان بوون و قانوونیان داناوە.

بەڵێ ناوکیان بەقانوون بڕاوە و فرچکیان بەقانوون هەڵدراوەتەوە.»

دەسـتی خـسـتـبـووە پشـتـی، دەهات و دەچوو. پـەیتـا پەیتـا بـەدەسـەسـڕەکـەی ئارەقەی هـەنییەی دەسڕییەوە:

«ئەو چاکـەیەی من لەگـەڵمـدا کـردوون باوکـتـان لەگـەڵیـدا نەکـردوون. هـەی کوێربن. بـەسـایی چەڵتـووکـەوە یـەکی دوو جـەواڵ برنجـتـان لە مـاڵێ کـەوتووە. ئێـوە چاوتان بەبرنج کـەوتبـوو؟ دەتانزانی بـرنج چییـە؟ زمـان نەزانینە کـە بۆ چقـوورئـۆوا هـاتن، کــەوڵە بزنتــان لـە بـەردابوو. لە ئـەشکەوتـان وەدەرکــەوتن. لەخــانوودا دانیــشـتن، ئیـدی چتـان دەوێ؟ چاکـەم لە بینتــان بگیـرێ. نمەک حەرامینە.»

بەرد بەوەڵام هـات، گـونـدی بەوەڵام نەهـاتن، مـتـەقـیـان نەکـرد، هەناســەیان نەدەدا. لەو سـەری گوندەوە دەنگی سـەگـوەڕێ نەبێ سرتە لە هیچەوە نەدەهات. نەڕە نەڕی ئۆقچی گـوندی سـەرانسـەر ڕاگرتبـوو. ژن و منداڵ بە بەر دەرکانەوە وەربببوون.

«ڕاوەسـتن، پیشـانتـان دەدەم، من ئۆقچی ئۆغڵی بم پیشـانتـان دەدەم.»

ئەسپەکەی هـات، بەپڕتاو سـوار بوو:

«تێ گەیشـتن؟ من پیشـانتـان دەدەم.»

ئەســپی بـەر مــامــزان دا، بەغــار لە گــونـد بەدەرکــەوت و کـردی بـە تۆز. گوندییەکان وەک بەرد لە جێگای خۆیان چەقیبوون، سرتەیان لێوە نەدەهات.

## ٤

ڕەسووڵەفەنی لەسەر تەختەکە دانیشتبوو. هەردوو قاچی لەسەر کۆشی کیژەکەی درێژکردبوو. کیژە قاچی بۆ دەشێلان. کەیوانۆکەشی لەولاوە دروومانی دەکرد. چاویلکەکەی لە چاو کردبوو، بەسەر دەرزی و تەقەڵاندا نووشتابووەوە. چرایەکی لۆکسیش بەدیوارەوە هەڵواسرابوو، هاشەی دەهات.

ڕەسووڵەفەنی بەکاوەخۆ. گوتی:

«خانم.» خانم سەری لەسەر دەرزی و دروومانەکە هەڵگرت.

«دەڵێی قسان مەکە، خۆت لەو کارانە مەگەیێنە، بەڵام تا ئێرەم هاتووە. ئەم قایمقامە چ کوڕێکی چاکە، خۆزگە جارێکت دیتبا خانم. دەڵێی پارچەی نوورە. پاک و خاوێن هەر دەڵێی برنجی شۆراوەیە. لە نەزانی و عەجەمێتیی خۆی بەداویانەوە بووە. ئاگای لە مەحمووی بێ زەواڵ نییە. کەڵەک و دەهۆکانیانم تێ گەیاندبوایە ئیتر چی دیکەم نەدەویست، تێی بگەیێنم. خوا عالەم وەک بۆمبا دەتەقێتەوە».

دەم و لچی لستەوە. «ئای تێم گەیاندبوایە، بەگوێمدا چرپاندبا، سەرەداوێکم دەست خستبا. دوکتۆر، دوکتۆرە زەرد دەور و خولی دەدا، ئەو بەگوێیدا چرپاندبا. هەر تۆزێ سەرەداوێکی بۆ دەرخستبا، دەری ناخا. هەژارە ناوی زڕا و بوو بەبابی پوولێ. لە خوت و خۆڕایی بوو بەبابی پوولێ. هیچ گوناهێکیشی نییە. ئیجازەی بەزەویی وا داوە، نەبووە و نەکراوە، یەکێ تۆزێ ئارەزووی هەبێ ئیجازە بەوانە نادا. ئاخ، خۆزگە قانوونەکەی چەڵتووکچاندنی دەخوێندەوە. بریا لە سەرەوە تاخوارێی دەخوێندەوە، ئاخ. بریا دەیخوێندەوە. هەر چەند ئەو دمگۆ و مقومقۆیانەی بۆیان هەڵبەستووە، دەبیستمەوە فرمێسک لە چاوم دێتە خوار.»

خاتچە خانم سەری لەسەر دروومانەکە هەڵبڕی. قەیرێ ڕوانییە ڕەسووڵەفەنی و لێی وردبووەوە. دەستی هاتبووە لەرزین، دیار بوو زۆر تووڕە بووبوو، گوتی:

«تۆ بۆ هەموو کەسێ فرمێسک دەڕێژی. بۆ هەموو کەسێ جەرگ و هەناوت هەڵدەقرچێنی. بۆ بارِ و مەیخانان نەچوایە، کوێرانە ئیمزای نەکردایە، دەستی لە ملی ئاغاکاندایە، هەرچییەکی پێ دەڵێن نایکا بەدوو، نایکا. دەیکا؟ لە ماڵی ڕەحمەتە درێژ. لەناو نوێنی نەرم و نیاندا دەنوێ.»

ڕەسووڵەفەنی:

«وا مەڵێ خانم، نازانێ، زۆر گەنجە. خراپە و فرۆفێڵ نازانێ پێویستی بەگوێ ڕاکێشان هەیە. ئاخ ئاخ. گوێ ڕاکێشان. من هەر هێندەم توانیبا بەگوێیمدا چرپاندبا، جا ئەوسا تەماشای دنیات کردبا و بترانیبا ئەم دەور و دوکانە چۆن ژێر و ژوور دەبوو. لەبەر تۆز و دووکەڵ فەرمان ناخوێندرێتەوە.»

خانم:

«ڕەسووڵەفەنی، پیاوی چاک بە، خۆت لە کاری وا هەڵمەقورتێنە، لووت لە کاری واوە مەژەنە. هەموو لە چاو تۆی دەزانن. ئەوسا حاڵمان بە چی دەگا؟ کەمێ بیر بکەوە، بیر بکەوە. هاتوو جارێکی تر بوویەوە بەبریکاری قایمقام. چەڵتووکچێنەکان دووگونەیان بەسەر ملتدا شۆڕکردەوە. هەروا بیر بکەوە. سەری بگری و بنی بگری هەمووی ساڵ و نیوێکت ماوە. بەناخوونەک گەیاندمانە کلکی. ئامان وریا بە بەلاّمان بۆ مەنێوە، تووشی دەردی سەریمان مەکە. دەستت، پێت، بنی پاژنەکانت ماچ دەکەم. بەلاّمان بۆ مەنێوە، گۆبەندمان بۆ مەگێڕە.»

ئەم وتوویژە چەندین ڕۆژە لە نێوان ڕەسووڵەفەنی و خانمدا درێژەی کێشا. ڕەسووڵەفەنی لەو بەینەدا مابووەوە. هەی لەقوونێ هەی لە دۆشاوێ. بەجارێ کێچ کەوتبووە کەوڵی.

بڕیاری لەسەر بڕیار دەدا، سبەینێ، هەرکە دەگاتە دایەرە و ناگا بێ سێ و

دوو هەمووی هەڵدەڕێژێ. ئەو هەڵدێرانەی تێیان کەوتبوو یەکە یەکەیان تێ دەگەیێنێ. قانوونەکەی چەڵتووکچێنیشی دەدایە دەست.

قانوونەکە چەند ڕۆژ بوو لە گیرفانیدا بوو. پەڕپووت بووبوو. بەڵام کە دەگەیشتە دایەرە لە بڕیارەکانی پاشگەز دەبووەوە. ئەگەر بێڵی ئەم قایمقامە لەوانە نییە هەروا دەستەپارچە ڕاوەستێ و سەری شۆڕکا. لەگەڵ چەڵتووکچێنەکاندا زۆر بەتوندی تێک دەگیرێ. چ دەقەومێ؟ لە پاشان، ئاکامی قایمقام ئاشکرا و ڕوونە. سەری بگری و بنی بگری ساڵ و نیوێکی ماوە خوا جارێکی تر بریکارێتیی قایمقامی پیشان نەدا. ئیدی بەجارێ ئارامی لەبەر بڕابوو. کێچی کەوتبووە کەوڵ. دەم و لێوی خۆی دەکرۆشت. «وەک کوڕی خۆمم خۆش دەوێ. لەکوڕی خۆشم لەپێشترە. بەڕاستی ژیر و سەرگرانە.»

وەک هەموو ڕۆژێ، سبەینێ زوو هەستا. لە چاخانەکەی تۆفیق چایەکی خواردەوە. ئەم چوونە چاخانەیەی تۆفیقی، بەر لەچوونە دایەرەی، لەم دواییانەدا لێ بووبوو بە خوو. خەڵکەکە لەوێ خڕدەبوونەوە و هەمیشە خەریکی قسەوقسەڵۆک بوون. دیسان خڕبوونەوە. پێش چاخانەکە بازاڕبوو. بازاڕەکە جمەی دەهات، دەرزیت هەڵدابا بەزەوی نەدەکەوت. ئەو ناوە پڕ بوو لە شڕەوپڕە لەبەر و پێ خاوس و لات و لەوار.

حاجی عەلی چاوەش کۆنەدۆستی ڕەسووڵەفەنی بوو. هەمیشە و لە هەموو کەین و بەینێکدا لووتیان بەلووتی یەکا دەتەقی.

چاوەش بەپێکەنینەوە دیسان دەستی پێ کرد، گوتی:

«ئیرەسووڵەفەنی، کوڕەکەی دوێنێت دیت؟ دیت چەڵتووکچێنەکانی چۆن خستنە قەقەزەوە؟ ببوورە. ئەمە چۆن پیاوێکە، هەی لەدایەی. کوڕە نەبووە و نەکراوە، ئەم هەتیوە هەر هێندەی دەستێکە. تۆ بڕوانە شارەکەی چۆن خستە سەر ساجی عەلی؟ بۆ ئیجازەیەک سەد هەزار لیرە بەرتیلی وەرگرتووە. دە بەشیش شکارتە. کەچی جەنابت بۆ ئیمزایەک هەر ئەوەبوو نەتۆقی ئیرەسووڵ، ئیرەسووڵی گەمژەی بێ ئاوەز، سەرهیشک.»

ڕەسوولّەفەنی بەم بوختانە زۆر تووڕە بوو. نەشیدەویست دەری بڕێ، بەڵام خۆشی پێ نەدەگیرا، ملی لار دەکردەوە و دەیگوت:

«بوختانی پێ مەکەن، بوختانی پێ مەکەن. ئەو پیاوە پارچەیەکە لە نوور. چۆن لە دایک بووە هەر بەو پاکی و خاوێنییە ماوەتەوە. گوناهە بوختانی پێ مەکەن.»

چاوەش هەر پێ دەکەنی:

«قۆناخەی کە ئیرەسووڵ، بەخوا قۆناخەشی کەی بەرتیلی خۆی هەر وەردەگرێ. فێربووە. خوویێ گرتت بەشیری تەرکی ناکەی بەپیری. ئەم لە زگی دایکیدا فێرە بەرتیل خواردن بووە. دەنا چۆن ئەم هەموو کاروبارەی پێ وەردەسووڕێ. هێشتا لاوە؟»

دیسان پێکەنین:

ڕەسوولّەفەنی پڕ بووبوو لێی دەڕژا. هەستا لێیان دوورکەوتەوە، بەتووڕەییەوە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «لەخوا بترسن، لە خوا بترسن.» و تا دایەرە هەر بەو بۆڵەبۆڵە ڕۆیشت و لە پاش ئەوەی سەعاتێ لە دایەرە هات و چوو خاوبووەوە. لەم کاتەدا کاری ئێوارە دەستی پێ دەکرد.

ئێوارێ لەگەڵ خانمدا بەجارێ تێک هەڵچووبوو، پێی گوتبوو: «ئیدی خۆم پێ ناگیرێ.» بۆ سبەینێ دیسان لە چاخانەکە تووڕەیان کرد. بەتووڕەیی چوو بۆ دایەرە. هێشتا کەس نەهاتبوو. بەبڕێ بڕیارەوە چووە ژوورەکەی خۆی. مردن مردنە، لەقەفرکێی ناوێ. ڕەنگی پەڕیبوو. لێوی تەتەڵەی دەکرد. تا سەعات نۆ لە ژوورەکەیدا ئەم سەر و ئەوسەری کرد. بێ وچان لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد. تفی لە زاردا وشک بووبوو. دەیگوت:

«ئەمڕۆ. ئەمڕۆکە بێ سێ و دوو دەیڵێم. بێ سێ و دوو. ئەگەر زانیومە لە سەتا سەت گیانیان کێشاوم و لە سێدارەیان داوم هەر دەیڵێم. لە کن کەس نایدرکێنێ، بەکەس ناڵێ. کێ پێی دەزانێ. کەس نازانێ.»

قایمقام دەق لە نۆدا دەگەیشتە ژوورەکەی. چاشتی بەیانیی لەگەڵ دوکتۆردا

دەکـرد. وەک منداڵ، بـەغـار بـەپلیکانەکـاندا ســەردەکـەوت. بـەترپەی پێیـدا ناسـییـەوە. دڵی کـەوتە تەپە تەپ. لە پـاش تۆزێ لە نێـو ئارەقـەدا شـەلاڵ بوو. لەشـی وەک تەنوور گـەرم داهات، دەست و پلی دەلەرزی، خـۆی ڕێک خـست. قانوونە پەرپووتەکەی لە گیرفانی دەرێنا، بەدەستییەوە گرت. بەرەو ژوورەکەی قایمقام ملی نا. قایمقام لەسەر کورسی و مێزەکەی خۆی دانیشتبوو، شتێکی دەخوێندەوە. کە هاتە ژوورێ، سەری هەڵبڕی، بزەی هاتێ.

«مەرحەبا کاڕەسووڵەفەنی، چ هەیە، چ نییە؟»

ڕەسـووڵەفـەنی یەک دوو هەنگاو پێـشـووتـر چوو. ڕێک لە بەردەم مـێـزەکـە ڕاوەسـتـا. بەرچاوی تاریک بـوو، دەتگوت ڕەشـاییی داهاتووە. هـا ئێـسـتـا دەکەوێ، ها نەختێکی تر، دنیای لە پێش چاو بوو بەشەوە ژەنگ، لەترێکی دا.

قایمقام شڵەژا:

«چ بوو ڕەسووڵەفەنی؟ چ قەوما؟»

بەکـاوەخۆ. قـانوونە پەرپـووتەکەی بـۆ درێژکـرد. قـایمقـام قـانـوونە بۆری لە دەستی وەرگرت. سەردێڕەکەی خوێندەوە.

دیاردیی بۆ کورسییەکە کرد:

«فەرموو، فەرموو دانیشن کاڕەسووڵەفەنی، سوپاس.»

ڕەسووڵەفەنی تازە بەخۆ هاتبووەوە، چوو لەسەر کورسییەکە هەڵتووتکا:

«قسەم لە خزمەتتاندایە، قسەم هەیە گەورەم. ئێوە چاکەیەکی زۆر گەورەتان لەگـەڵدا کـردم، ڕزگـارتـان کـردم، جـا لەبەر، بەڵێ لەبەر... لەبەرئـەوە، ناچارم هەرچی هەیـە و نییـە وەک خـۆی پێـتـانی ڕاگـەیێنم. بەڵام ئامـان سـەت ئامـان دەستـەکانت ماچ دەکـەم، دەستیشت و پێشت، مـەڵێن ڕەسووڵ گێڕایەوە. دەنا ئەم دڕندانە هـەر بەحـەواوە دەمـخـۆن، هـەر بەحـەواوە دەمکەنە کـەباب. گـەورەم. ناوی ڕەسـووڵت لە زار دەرنەیێ. وەک دژمنـی باوکـوشـتـەی خـۆتتم ناو بێنە، خاوەن مـاڵ و منداڵم. ژنم هـەیە. ساحێو خێزانم. بڵێ ئەمـەت بەچاک، بەخراپ لە من نەبیست.»

قایمقام بەمەراقەوە:

«تەبیعی تەبیعی جەناب چۆنی دەڵێم.»

ڕەسووڵەفەنی:

«من دوژمنی ئێوەم، چاڵتان بۆ هەڵدەکەنم، داوتان بۆ دەنێمەوە، وایە؟»

«چاڵم بۆ هەڵدەکەنی، داوم بۆ دەنێیەوە، ڕەسووڵەفەنی، فەرموو بڵێ. تەواو.»

«ماڵتان ئاوا، لێتان بەزیاد بێ.»

پەیتا پەیتاش دەستی لەناو گەڵیدا دەولاوت.

«زۆر زۆرە، قسەوقسەڵۆک زۆرە، ئەوەی بەتۆی دەڵێن سەگ بۆنی پێوە ناکا، لە تۆ ناوەشێتەوە. من هەرچەند شتی وام بەرگوێ دەکەوێتەوە هەر بەجارێ بەناخی زەویدا دەچمە خوار.»

قایمقام چاوی وەک کووژەکەی شین کرایەوە، پرسی:

«وەک چی؟ وەک چی؟»

«ئەفەنم، درۆ و دەلەسە، بوختان، گوایە سەت هەزار لیرە بەرتیلتان لە چەڵتووکچێنەکان ساندووە. شار حەوتوویەکە شڵەقیوە. نێوتان تا ئەنقەرە دەنگی داوەتەوە و بەجارێ زڕاوە، بوختان، بوختانی پیس و گەمار.»

قایمقام بەرزەپێ ڕاپەڕی:

«بەڕاستتە؟»

«چیی تر، ئیدی چیی تر؟»

«خەڵکیش بڕوای بەمە کردووە جەناب؟»

ڕەسووڵەفەنی بزەیەکی ژەهراوی هاتێ:

«بڕوا دەکەن، خەڵک بۆ بڕوا بەم جۆرە بوختانانە خۆیانی لەسەر بەکوشت دەدەن. واش نەبێ ئەو ئیجازانەی تۆ بەو شێوەیەت داونێ، لە سەت هەزار لیرەیان کەمتر پێ نەدراوە گەورەم. سەت هەزار، ڕەنگە تۆزێکی پێوەنرابێ، بەلام کاری ئیجازەدان پارەیەکی زۆری تێ دەچێ. قانوونەکە بخوێننەوە

ڕاستی قسەکانمتان بۆ دەردەکەوی هۆی قسەوقسەڵۆکیشتان بۆ ڕوون دەبێتەوە.»

«کەواتا قانوون؟»

«بەڵێ قانوون.»

«کاربەدەستەکەی کشتوکاڵ بۆی خوێندمەوە.»

«ئەو شوێنانەی بەکەڵکی دێن هەمووی خوێندوونەوە گەورەم. چونکە گەورەم، چەڵتووکچێنەکان ئەم کاربەدەستی کشتوکاڵەیان بەتایبەت لەگوندی باخچە هێناوە. لە هەموو مەرەزەکاندا بەشی هەیە.»

«نااااا.»

«بەڵێ گەورەم.»

سوپاست دەکەم ڕەسووڵەفەنی.»

ڕەسووڵەفەنی وەدەرکەوت. قایمقام چووە سەر مێزەکەی. لەمێژبوو دونگەی کەین و بەینێکی کردبوو. دەمێک بوو سۆسەی ئەوەی کردبوو، کە کارەکە دەک و دەهۆیەکی تێدایە. چەند ڕۆژێ بوو هەستی بەوە کردبوو، کە دوکتۆر شتێکی لە ژێر زماندایە. زۆری هەوڵ دابوو سەرەداوێکی لێ وەگیرکەوێ. کەواتا... »

فەرمانی دا دەرکەی ژوورەکەی پێوەدرێ، تا نیوەڕۆیەکی درەنگ کەس نەچێتە ژوورێ. قانوونەکەی بەسەعاتێ سەرلەبەر خوێندەوە.

«وای بێ ناموسینە وای، وای، ساختەچینە وای،» لە نێو ژوورەکەیدا دەهات و دەچوو، قژە درێژەکەی لە پەنجەکانی ئالاندبوو ڕای دەکێشا. گوپی دەکرۆشت.

«زەوی دوو جاران شۆ دەکرێ، دەشتایی چاڵ و چۆڵی تێدا نامێنێ. تەخت و ڕاست. جەوەکان بەچەمەنتۆ دروست دەکرێن. لێژنەی چەڵتووک بۆ خۆی دەیانبینێ و بڕیاریان لەسەر دەدا. پاش ئەوەی دەشتایی تەخت دەکرێ و ئاوی بەسەردا بەردەدرێتەوە، چل و هەشت سەعاتێ ڕێک ئاوی لێ دەبڕێ. بەمە دەڵێن ئاودانی بە وچان. سێ هەزار مەتر لە گوندەوە دوورە. لە پاشان

پاومانی ئاو نارژێتە ناو گۆلەکانەوە. لێژنەی چەڵتووک لەمە بەولاوە، ڕێگەی بەهیچی دیکە نادا. ئەدی ئەوانەی ڕێگەدراون؟»

ئاگای لە هیچ نەبوو. ئاگای لە هیچ ئیجازەیەک نەبوو، کە تا ئێستا دابووی. هەر هێندەی چاو بقووچێنی و بیکەیەوە هەمـوو شـتێ کـرابـوو و بڕابووەوە. چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. خۆی زۆر بەبێچارە و کەساس زانی، سەری خستە سـەر مێـزەکەی، بـەینێ هەروا مـایەوە و جووڵەی نەکرد. لە پاشان پەنجـەی بەزیلدا نا، بەدەست هات.

«ڕەسووڵەفەنیم...»

ڕەسووڵەفەنی بەپەلە هات.

«دوو ژاندارم لەگەڵ خۆتاندا بەرن. ئەم کلیلەش بگرە. بچن بۆ ئەو خانووەی لێی دەنووم. جانتاکانم، شمەکەکانم، دەستێ نوێنیشی لێیە. هێشتا نەکراوەتەوە، هەمووم بۆ بپێچنەوە و بۆمیانی بێنن. کلیلەکەش ببەن بیدەنەوە دەست کەمال تاشان. کەواتا ئاوەهایە ڕەسووڵەفەنی؟»

«ئاوهایە گەورەم. خوا بۆ خۆی دەزانێ، وەکو کوڕی خۆمتم خۆش دەوێ، ئێوە ڕزگارتان کردم.»

پاش ئەوەی ڕەسووڵەفەنی وەدەرکەوت ژاندارمی بەردەرکەی بانگ کرد:

«کوڕم تۆ چەڵتووکچێنەکان دەناسی؟»

«دەیانناسم گەورەم.»

«بڕۆ دەرکەوانەکەشم بۆ بانگ کە.»

حاجی دەرکەوانیش هات.

«تۆ هەموو چەڵتووکچێنەکان دەناسی؟»

«هەموویان دەناسم.»

«مەهێڵە کەس بێتە ژوورەوە، تا خۆم نەڵێم، ڕێگە بەکەس مەدە.»

«بەسەر چاوم سەرۆکم.»

٥

جۆگەی عەزیز ئاغا لە پازدە بیست کانیاو پەیدا دەبێ و لە داوێنی تۆرۆس و ڕووباری ساوروونەوە پێچاوپێچ بەرەو تۆرۆس دێ. هەر هێندەی ڕووباری ساوروون گەورەیە. ئەم جۆگەیە هەر بۆ خۆی سامانێکە. کاتێکی ئاوی ڕووباری ساوروون دەیدایە کەمی و چەڵتووکچێنەکان لە گەرمای هاویندا لەسەر چۆڕێ ئاو بەرۆکی یەکیان دەگرت و دەهاتنە وێزەی یەکتر و مەرەزە وشکاوی دێنا، ئەو لایەنەی جۆگەی عەزیز ئاغایان بەکرێ دەگرت دەهاتنە سەیری هەرای ئەو چەڵتووکچێنانەی، کە لەسەر تنۆکێ ئاو بەربینگی یەکیان دەگرت و لێیان دەبوو بەشەڕ و هەرا. جۆگەی عەزیز ئاغا هەرچەندە ئاوەکەی کەمیش بکا بەشی دەشتاییەکەی خۆی دەکا. جا هەر بۆیەشە ئەوەی جۆگەی عەزیز ئاغا بەکرێ بگرێ ئەو ساڵە لە دە هەزار گاوخان کەمتر چەڵتووک ناچێنێ. هەرچەندە کەمتر بچێنێ لە زیانێتی. واتا بەئەنقەست خۆی تووشی زەرەر و زیان دەکا. زەوی و زاری زۆر بێنە و ئاوی پێوە کە. گوند چییە، خانوو چییە، بەرەجووت چییە، گوێ بەهیچ نادا. ئاوی پێوە دەکا. سێ ساڵ بوو لەسەریەک جۆگەی عەزیز ئاغا بەکرێ بەدەست ئۆقچی ئۆغڵییەوە بوو. ئەو داهاتەی لە هەزار و پێنج سەت گاوخانی سازلیدەرەی بەدەست دەکەوێ بەهەر نرخێ بێ وازی لێ ناهێنێ. سێ سەت هەزار لیرەی لە ژێر ئەم سێ سەت هەزار و پێنج سەت گاوخانە بەراوەدا بوو. کەس بەخۆڕایی سێ سەت هەزار لیرە بەدەم ئاوەوە نادا.

ئۆقچی ئۆغڵی، پێنج ڕۆژ لەوەپێش، هەر ئەو ئێوارەیەی، کە لەگەڵ گوندنشینەکاندا بووبوو بەقڕەی، ئاوی بەسەر دەشتەکەدا بەردابووەوە. مەزرا ئاو درەنگ هەڵدەمژێ. جارێ خۆ ئەگەر بێتو زەوی تینوو بێ، با ئاو زۆریش

بێ، لە پێشا زەندۆڵ و درز هەڵی دەمژێ و بەئاسانی نارِوا. دەشتەکە تا بەرەوخوار دەبووە وشکانی کەمتر دەبووەوە و ئاویش خێراتر و سوارتر دەبوو. چواردەوری گوندەکە بووبوو بەزەلکاو و گۆلاو و لە هەموو لایەکەوە ئاو هەڵدەقولا. رِۆژی شەشەم بوو. شەوێ ئاو چواردەوری گوندی ئابلۆقە دا و لەناکاو رِای ماڵی.

بەو نیوەشەوە بوو بەیەک هەنگامە و حەشرێ مەپرسە. سەگ دەیلووراند، کەر دەزەرِی، ئەسپ و ماین دەیحیلاند، گا دەیقۆرِاند، خەڵک دەیزریکاند. دەتگوت بومەلەرزە رِووی داوە.

خەڵکەکە تا سبەینێ زریکاندیان و هاواریان کرد. هاتن و چوون، شمەک و بزگورِێکی دەستیان گەیشتێ، رِایانگوێزتە نێو چەرداخ و کەپرەوە. ئەوەی چەرداخی نەبوو بزگورِی رِاگوێزتە ناو چەرداخی دەرودراوسێوە. ئەوەی دەستی بەمە رِانەگەیشت و نەیپەرژایە سەر هیچ شمەک و بزگورِێ، وەبن ئاو کەوت. گوندی ئەو شەوە تا سبەینێ لەناو ئاو و چڵپاودا خولانەوە. بەو تاریکەشەوە بەپەلەکوتێ سا کارێکیان بۆ کرا یا نەکرا. سووتەمەنییان هەموو تەرِ بووبوو. ئەوەی تەرِیش نەبووبوو لەناو ئاودا گرِی نەدەگرت.

هەر یەک دوو ماڵێترووسکەی چرایان دەهات. لە چقورئۆوا بەهاوینان چرا لە ماڵاندا هەڵناکرێ. جا لەبەرئەوە لە هیچ ماڵێ نەوت بەدەست نەدەکەوت.

تەنیا چراکەی ماڵی دورسنی کورد دەسووتا. خەڵکی گوند، بە ژن و پیاو و گەورە و گچکەوە لەپێش ماڵی دورسن گردووببوونەوە. کرِبوون ورتەیان لێوە نەدەهات. زۆر شەکەت و ماندوو بوون. سەروپۆتەلاکیان، دەم و چاویان، قژیان کە لەبەر تیشکی زەردی چراکە دەتگوت لە مۆم دروست کرابوون، دەچریسکانەوە. گوند کرِوکپ بوو، وێران بێ.

تاریک و لێڵە بوو. زۆری نەمابوو ئاسۆ رِوون بێتەوە. سەرلووتکەی کێوەکان لەوە دەچوو تیرێژێکی لێ بەدیارکەوتبێ. ئەمەش نیشانەی خۆرهەلاتن بوو.

حەمە عەلی کورد پاڵی بەدارتووەکەوە دابوو. سەری بەسەر سینگیدا

بەربووبووەوە، دەستی وەک دەستی مردوو زەرد دەچووەوە.

داپیرە زەینۆ بەچرپەوە بە ژنەکانی گوت:

«وا پێ دەچێ کـوردە گـووێک دەخـوا . من زۆر چاکی دەناسم. هەر لە منداڵیـڕا وابوو، کـاتێکی وام دەدیت دۆ و دۆشـاوی تێکەڵ دەکـرد. تێـخی تێوەژەنە ئاگای لە خۆی نییە. من کوردە زۆر چاک دەناسم.»

ژنەکان هەناسەیەکیان هەڵکێشا، گوتیان:

«کوا، خۆزیا ڕاپەڕیبا، کوا ئەو ڕۆژەی لە ئۆقچی ئۆغڵی ڕاپەڕیبا و هەمووی فتیل فتیل لە لووت هێنابایەوە. پیاوی وا لە کوێیە، هەیە؟»

ژنێ بێ چاووڕووانە هەڵی دایێ:

«داپیرە زەینۆ، جاران وابوو، بەڵام ئێستا حەمەعەلییەکەی جاران نییە، هەر بەجـارێ کـۆڵی داوە و مێ بـووە. ئەو ڕۆژە ئەوەی ئۆقـچی ئۆغـڵی بەوی کـرد، بەدۆم و خەڕات ناکرێ، فزەی نەکرد. شێر بووە بە ڕێوی.»

داپیرە زەینۆ هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوتی:

«پیاو نەمـاوە. جاران هی وەک ئۆقچی ئۆغـڵییان بەئاسـمانەوە دەخوارد، پیاوەکانیش بوون بە ژن. جاری جاران بووایە پیاوێکی وەک کوردە قسەی لەم و لەو دەخواردەوە. پیاو هەموو مێ بوون.»

دەنگی چەند کەسێ بەپێکەنینەوە:

«سـەیری حـاڵمـان کـەن. کـابرا ئەم ناوەی هەمـوو کـرد بەگـۆلاو. گـوندییـە نێرەمووکەکانی...»

«کابرا گوندەکەی کرد بەگۆلاو.»

داپیرە زەینۆ:

«کابرا گوندەکەی کرد بەگۆلاو. هەر بۆ ئەوەی ئێمە دەربەدەر کا. خۆزگە پیاوێکم تێدا دەدۆزییەوە نەبووبێ بەنێرەمووک.»

«تەنیا یەک پیاو.»

«تەنیا پیاوێ لە پیاوان بچێ.»

«وامان بەسەر نەدەهات. بەژێر ئاوەوە نەدەبووین.»

زەینۆ هەڵچوو. نەڕەی بەسەر گوندەکەدا، بەناو تاریکییە ئەنگوست لەچاوەکەدا شەپۆلی دا، هەموو جارێ وابوو. کڕ دەبوو، کڕ دەبوو لەپڕێکا گڕی دەگرت.

«ئەگەر من زەینۆ بم، خۆم دەزانم چی لەو ئۆقچی ئۆغڵییە گەوادە، ژن حیزە، چەکمە بریقەدارە، دەم و قەوچ بەبنێشتە دەکەم. ئەگەر سەر و پۆتەڵاکی ئەویشم وەک ژنەکەی دانەماڵی داپیرە زەینۆم پێ نەڵێن. ئەگەر من داپیرە زەینۆ بم، ئەم نێرەمووکانە با لە پیاوەتییەکەیان شەرم و شوورەیی بکەن. با شەرمەزاربن و سەریان شۆڕ کەن و تەماشای ئاوی ئۆقچی ئۆغڵی بکەن.»

لە پێشا ژنان، دوایی لە ناو بەرەی پیاواندا بزووتنەوەیەک سەری هەڵدا. ئەو ناوە خرۆشا و بەکوڵ هات. جنێو، قرەوبرە، بگرە و بەردە، وەرە و برۆ.

ئیدی ئاسۆ تەواو ڕوون بووەوە و خۆر گزنگی دا. ترۆپک و دوندی چیاکان تارای زێڕینیان پۆشی. یەک دوو پەڵە هەوری پەڕاوێز سوورمە بەئاسمانەوە بوون. تیشکی خۆر بەکێڵگە و مەزراکانەوە وەربوو.

سەرتاسەری کێڵگەکان وەبن ئاو کەوتبوو. لۆکە و کونجی و بێستان و جێ خەرمانەکان تێکڕا بووبوون بەژێر ئاوەوە. مەزراکان هەموو بووبوون بەگۆلاوێکی گەورە و بەربلاو. بووبوون بەئاوێنەیەک و دەچریسکانەوە. گوند و گوندنشین بەجارێ پەرێشان بووبوون. هەموو سەرتاپا لە قوڕ هەڵکێشرابوون. بزگوڕ و نوێن و ئارەوانە سەرلەبەر بەژێر ئاو کەوتن.

جووجەڵە و مریشک هەموو خنکابوون. پەز و ئاژەڵ سەرتاپا لە قوڕدا بوون. گوندەکە هەموو لە قوڕ ڕۆچووبوو.

حەمەعەلی کورد هەروەک خۆی بوو. شەوێ چۆن بوو هەر ئاوهابوو، کەس خۆی لە قەرەی نەدەدا. چییان بەسەرەوە بوو. تەرەسێکی گەمارە، کوردە هات و قسەیەکی سووکی کرد.

له پاشان داپیره زەینۆ چوو له پیلی نەوی:

«کورده شێته، کورده شێته.»

حەمەعەلی چاوی هەڵێنا:

«چییه؟ چ دەکەی داپیره زەینۆ؟»

داپیره زەینۆ بزەی هاتێ.

«دەک خوا پیاوەتیتان نەهێڵێ نێرەمووکینه. گوندەکه بوو بەگۆلاو. وا دەربەدەر بووین. دەربەدەری کردین. ئۆقچی قنگ بەگوو دەربەدەرمان دەکا. لەم گوندەدا هیچ پیاو نەماوە؟ هاتووم ئەمەت لێ بپرسم.»

حەمەعەلی ڕاست بووەوە. چاوی بووبوو بەکاسەی خوێن. برۆ پڕەکانی وێک هاتبووەوە. نێوچاوانی گرژبوو. چارەی ڕەش داگیرابوو. داپیره زەینۆ، کە چاوی بەحەمەعەلی کەوت خورپە لە دڵییەوە هات. حەمەعەلی کۆڵەمستی گوشی و باوێشکێکی ژەهراویی دا. ئاخێکی له ناخی دڵییەوە هەڵکێشا، «ئاخ داپیره زەینۆ! ئاخ خ خ خ.»

داپیره زەینۆ زۆری بەزەیی بەحەمەعەلیدا هاتەوە، گوتی: «هێنده ناوجەرگی خۆت مەخۆ کوردەکەم، هێنده پیش مەخۆوە، ئازا و چاونەترسەکەم، ئەوەی بتناسێ دەزانێ تۆ چۆنی.»

حەمەعەلی کرژهەڵات، گوتی:

«چیم لەدەست هاتووە داپیره؟ چیم له دەست هاتووە؟ ئۆقچیم سەگتۆپ کردووە، بەچیا کەوتووم. ئۆقچی پیاوێکی وا نییه کە، ئۆقچی ئێکجار، داپیره خۆشم نازانم چ بکەم، سەرم لێ شێواوە. وەختە شەق ببەم. داپیره بووین بە نێرەمووک. ئێمە بووین بە نێرەمووک.»

داپیره زەینۆ قەیرێ دەستی بەپشتی حەمەعەلیدا هێنا، گوتی:

«ناوجەرگی خۆت مەخۆ کوردەکەم. ناوجەرگی خۆت مەخۆ، مەخۆ، مەیخۆ کوڕم، مەیخۆ.»

داپیره زەینۆ چاوە زیتەڵەکانی پڕبوون لە خەم و پەژارە و بەزەیی و

دڵسـۆزی. لە پاشـان دورسن هات بۆ لایان. ئینجـا گـوندنشـینەکـانی تریش هەموو هاتن. لەبەر قورِ هیچ کوێیەکیان بەدەرەوە نەبوو. تا ڕەفیسکیان خۆیان هەڵکردبوو. زەرداوێکی پیس لە گوفەک و سەرەنوێڵەکانی گوندەوە ڕێی دەکرد. بۆنی پەین و زبڵ بەو ناوەدا بڵاو بووبووەوە و لەبەر هەتاو هەڵمـیـان لێ هەڵدەستا. هەرچی چاوی بەحەمەعەلی دەکەوت خورپەی لە دڵەوە دەهات و لە دڵی خـۆیدا دەیگوت، تەواو، ئۆقـچی هێندەی نەمـاوە. دوایـی هات. بەتایبەت پاش ئەوەی، کـە داپیـرە زەینۆ هانـە هانـەی دابوو، کـورِە گـەورە نۆزدە ساڵانەکەی حەمەعەلی لە پرِ پەیدابوو، هەرکـە چاوی بە سـەروچاوی باوکی کەوت وەک ماسـتی مـەییـوی لێ هات. لە باڵی نەوی، گـوتی: «باوە، باوە، با بچینەوە بۆ ماڵ، باوە، باوە...»

حەمەعەلی توورِە بوو، قیرِاندی:

«برِۆ، لاچۆ لەبەرچاوم، سپەی سپە باوک...»

کورِە خۆی دایە پەنای پیاوەکان.

زەینۆ تێ هەڵچوو، گوتی:

«کورِە هەی کوردە، گوو مەخۆ، بۆ توورِە دەبی و دەشیرِێنی. کار بەشیرِە شـیـرِ پێک نایێ. دانیـشن قـسـە بکەن. شـەش مـانگی رِەبەق لە ناو ئاو و قورِەلیتەدا گوزەران دەکرێ. ئێوە قسە لەو بارەوە بکەن. مانگێ نابا خانوو و بەرەمان هەموو رِۆ دەچێ. ئێوە ئازان لەو بارەوە بدوێن. هەموو بێ ماڵ و حاڵ دەمێنینەوە و دەکەوینە ئەو دەشتە. ئێوە بیر لەوە بکەنەوە. کوردە شێتەکەم ئەقڵت بێنەوە سەرخۆت.»

حەمەعەلی بزەیەکی ژەهراویی هاتێ، گوتی:

«ڕاست دەڵێ، داپیرە ڕاست دەڵێ.»

دورسن:

«با بچین شکات بکەین.»

«قایمقام پیاوی ئەوە.»

داپیره زەینۆ تێ هەڵچوو، گوتی:

«جا چ بوو، خوای دەکرد باوکی دەبوو. ئەوەی چاوی بەحاڵی ئێمە بکەوێ.»

حەمەعەلی بەکاوەخۆ سەرێکی لەقاند، تەسدیقی کرد، گوتی:

«ڕاستە.»

هەموو گوتیان:

«ڕاستە، دەبێ ڕوو لە میری بکەین، کەشفی بۆ دەرکەین.» چوون لەسەر ئارەوانەیەک هەڵنیشتن. بەدوور و درێژی ڕاوێژیان کرد ها لە پاش چەند ئینجا بەبڕیار گەیشتن. دەبوو سەرتاسەری گوند، بە ژن و پیاو و گەورە و بچووکەوە، بەپیر و لاوەوە بەڕێ کەوتبایە و بۆ شار چووبان، بۆ کن قایمقام. زەینۆ بڕیارەکەی لە سەرانسەری گوند ڕاگەیاند:

«هەرکەسە دەرکەی خۆی کلیل دا ژنینە، هەرکەسە دەرکەی خۆی کلیل دا. نەڵێن نەمانبیست. کەس خۆی نەگۆڕێ. هەروا بە بەرگی قوڕاوییەوە. هەرچی منداڵ و ساواش هەن، سەرتاپا لە هەشیان هەڵکێشن و لە باوەشیان کەن. هەرچیش قوڕی کەم پێوەیە خۆی لە قوڕ و هەش هەڵکێشێ. ڕێ و ڕاست بۆ شار دەچین. بۆ لای قایمقام. ئەو دادی نەپرسین یەکسەر بەم هەش و قوڕەوە بۆ ئەنقەرە دەچین. قانوون هەیە، قانوونیش هەیە و حکوومەتیش هەیە. نەڵێن نەمانبیست و کەس پێی نەگوتین ها»

هەر لە پاش سەعاتێ سەرلەبەری گوند و داپیرە زەینۆ بەڕێ کەوتن تا ژوور ئەژنۆیان لە ئاودابوون، سا بەهەر چۆنێ بوو پەڕینەوە. ژنان بە مەلۆتکەوە، منداڵی وەروێرکە دەست بەشاقەل و داوێنی دایکیانەوە، سەرتاپایان لە قوڕ و هەش هەڵکیشرابوون.» گڕە و گەرما داهات.

قەرەباڵغییەکە وەک گەردەلوول دەڕۆیشت و لوولی دەخوارد و دەیگرماند و نرکە و قریوەی دەوروبەری دەهەژاند. کاتێ گەیشتنە شار هیچ کامێکیان شوێنێکی بەدەرەوە نەمابوو لە مرۆ بچێ. تۆز و خۆڵ بەقوڕی سەر پۆتەڵاک و لەشیانەوە لکابوو. برۆ و برژانگیان لەبەر خۆڵ بۆر دەچووەوە. قوڕی

کزربووەوە و نیوە وشک هەڵاتووش بۆر دەچووەوە.

ئا بەم ئاوایە، قەرەباڵغییەکە خۆی بەکێش کرد و هات لە پێش دەرکەی سەرای قایمقام ڕاوەستا. لە قەزا بوو بە هەرا و زەنایەک مەپرسە. خەڵکەکە بەورد و درشتەوە وەک جەجاڵ هەستابێ لەم قەرەباڵغییە خڕبوونەوە. دەیانزانی شتێ قەوماوە، دەنا ئەم هەموو لادێییە بۆچی سەرتاپا خۆیان لە قوڕ هەڵکێشابوو. دوکاندار، کەبەنگ و دەرکەی خۆی دادایەوە. ئەوی لە چاخانە نەردێن و دۆمینەی دەکرد یارییان بەجێ هێشت و لە پێش قایمقامییەت کۆبوونەوە. ئیتر لەو شارەی، کە گیزەی مێشوولەی لێوە نەدەهات بوو بەهەرایێ ئەو سەری دیار نەبێ. هەر هێندەی چاو لێک نێی و هەڵیان بێنی سەرلەبەری قەزا لە پێش دەرکەی قایمقامییەت خڕبوونەوە.

داپیرە زەینۆ پڕ بەدنیا دەیزریکاند:

«هۆ قایمقام، هۆ قایمقام، دەرکەوە. وەرە دەرێ بڕوانە حاڵمان. وەرە بزانە لە چ حاڵێکداین.»

هەرچەند چاوی بەقەرەباڵغییەکە دەکەوت هێندەی دیکە هەڵدەچوو:

«بڕوانن، بڕوانن ئۆمەتی محەمەد، بڕواننە حاڵمان. بڕوانن لە چ حاڵێکداین. بڕوانن ئۆقچی ئۆغڵی چیی بەسەر هێناین. زوڵم و زۆری وا بەوەی ناوی بوسوڵمان بێ دەکرێ؟ بڵێن، دەکرێ؟ دێیەکی زل و زەلام بەژێر ئاوەوە دەکرێ؟ بڕواننە حاڵمان، با قایمقام بەچاوی خۆی بیبینێ، با بیبینێ. بەڵکو ئەو دڵە ڕەقەی تۆزێ نەرم بێ.»

دورسن و حەمەعەلی داپیرە زەینۆیان بێ دەنگ و کڕ کرد، چوون بۆ لای قایمقام.

دورسن:

«ئۆقچی ئۆغڵی گوندەکەی بەژێر ئاوەوە کردین. لۆکە و مەزرا و کێڵگەمان سەرلەبەر ژێر ئاو کەوتووە. بەو خوایەی لە بان سەرە تا ناوکمان ئاوە. وەڵڵاهی ئاوە، بیلاهی ئاوە. بەخاوخێزان و ورد و درشتەوە هاتووین چاوت

بەحاڵمان بکەوێ و قسەیەک لەگەڵ ئۆقچی ئۆغڵیدا بکەی.»

قایمقام لە پەنجەرەوە سەیرێکی قەرەباڵغییەکەی کردبوو و گوێی لە زریک و هۆڕی داپیرە زەینۆ بووبوو، بەڵام لە هیچ حاڵی نەبوو. «ناشێ ناو گوندەکەش بکا بەچەڵتووک؟»

بەکاوەخۆ لەسەر ئەسکەمبیلەکەی هەستا، چووە دەرێ، قەرەباڵغییەکە سەرلەبەر ڕوویان تێ کرد. قایمقام ویستی شتێ بڵێ و عوزرێ بۆ گوندنشینە پەرێشانەکان بێنێتەوە. تفێکی قووت دا. شتێ بەر گەرووی گرت. هەرچەندی کرد و کۆشا زمانی هەڵنەهاتەوە.

خەڵکەکەش وەک خۆڵیان بەسەردا بێژرابێتەوە کڕ و کپ وەستابوون.

داپیرە زەینۆ:

«ڕۆڵەی خۆم ئەوە بۆچی وا وەک ماستی مەییو وەستاوی و ورتەت لە زار دەرنایێ؟ بڕوانە، بڕوانە، ئەمە لە سای وشیاری و بلیمەتیی ئێوەوەیە. بەڕاستی وشیار و بلیمەتی. قەت بووە و بیستراوە چەڵتووک لە ناو گونددا بچێندرێ؟ لەوەتی دنیا دنیایە شتی وا ڕووی داوە؟ قەت ئیجازە دەدرێ چەڵتووک لە ناو گونددا بچێندرێ؟ ئەمە تۆ داتهێنا کوڕم، ها، دەچێندرێ؟ کوڕە تۆزێ ویژدان، کەمێ بەزەیی. گوایە گوتووتە چەڵتووک چاندن لەناو گونددا نیشتمانپەروەرییە. لە ئەدەنە وات گوتووە. گوتووتە لەمەوپاش چەڵتووک لە ناو گونددا، لەناو ماڵانیشدا دەچێندرێ. لە خوا ناترسی؟ خۆ بۆ خۆت حاڵمان دەبینی. ئێمەش نیشتمانیین. بڕوانە، زۆر چاک بڕوانە. دادمان نەپرسی، بەم حاڵەوە ڕێ و ڕاست سواری شەمەنەفەر دەبین و دەچینە خزمەت سەرقوماندار. هەر ڕاستە و ڕاست بۆ کن قوماندار. تەماشای حاڵی ئەم منداڵ و تووالە بکە. ئەوەی خۆی بەمرۆ بزانێ دڵی بەرگەی ئەم حاڵە دەگرێ؟ بڕوانە، زۆر چاک بڕوانە. تومەز تۆش پیاوی ئۆقچی ئۆغڵیت. بەوەندە سوێند و قورئانە منیش ئەمانە لەگەڵ خۆم دەخەم و ڕاست دەچمە کن سەرقوماندار، دەڵێم فەرموو ئەوە خۆت و گوندنشینت، دەڵێم فەرموو ئا، ئەوا لە قوڕاویان

هەڵێناین. ها، ئەوە خۆت، گوندنشینت.

قایمقام هەرچەندی کرد و کۆشا نەیتوانی زمان هەڵێنێ. ڕێ و ڕاست گەڕایەوە ژوورەکەی و دەرکەی لەسەر خۆی پێوەدا.

ها پاش چەند. گوتی:

«پیاوەکان بانگ کەن.»

حەمەعەلی و دورسن هاتن

لە پێشا پرسی:

«کامتان کوێخایە؟»

دورسن:

«کوێخا سەیفی عەلییە. پیاوی ئۆقچییە. نەهاتووە.»، «بەقەرەباڵغییەکە بڵێن بگەڕێنەوە بۆ گوند. منیش هەر ئێستا بەدووتاندا دێم.»

یەکسەر بانگی کاربەدەستی کشتوکاڵی کرد:

«کاکە لیژنە کۆکەوە. دەچین بۆ گوندی سازلیدەرە. خۆ چاوتان بەکردەوەی ئۆقچی ئۆغلی کەوت؟»

کاربەدەستی کشتوکاڵ:

«ئاخ لە دەست ئەمانە، ئاخ گەورەم، تێ ناگەن و تێ ناگەن.» ئەندامانی لێژنە کۆبوونەوە. جێبێکیان هێنا. ڕێ و ڕاست چوون بۆ گوند. گوند بووبوو بەژێر ئاوەوە. جێبەکە نەگەیشتە ناوگوند. ناچار دوو فەرسەخ لە دوور وەستا. ئاو هاژەی دەهات. ئەندامانی لێژنە تا ئەژنۆ خۆیان هەڵماڵی چوون بۆ ناو گوند. گوند کڕ و کپ بوو. سرتە لە هیچەوە نەدەهات. چوون لەسەر ئارەوانەیەک هەڵنیشتن. ئاویش تا دەهات هەر بەرەو خوار دەڕۆیشت. یەک سەیری دەم و چاوی یەکی دەکرد.

هەراوزنای قەرەباڵغییەکە کە بەرەو گوند دەگەڕانەوە، تا دەهات نزیکتر دەبووەوە.

## ٦

ئەم ڕووداوانەی، کە دوا بەدوای یەک دەهاتن قایمقامیان بەجارێ پەرێشان کـــــردبوو. تا دەهات لەڕ و لاواز و باریک و بنێس دەبوو. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. هەمیشە بیری دەکردەوە، ماندوو و تێکشکاو و خەمناک بوو. لێوی هێندەی تر تەنک و باریک بووبووەوە. هەر دەتگوت دەمی تێخە. چاوی زیت بووبوو. پەیتا پەیتا قژی بەتووڕەییەوە بەپشتا هەڵدەدایەوە. تاکە مرۆڤێ متمانە و بڕوای پێ مابوو هەر ڕەسووڵەفەنی بوو و بەس. وەکو باوکی خۆی تەماشای دەکرد. ئەویش ئەوی زۆر خۆش دەویست و پارێزگاریی لێ دەکرد. هەر دمگۆ و چاوەڕاوێکی لە پاشـــملەی دەبیـــســـتـــەوە ورد و باریک بۆی دەگێڕایەوە. بەمانگێ بایی ساڵێکی لێوە فێربووبوو، بەتایبەت ڕۆژانی دوایی. لەگەڵ گوندنشینان هەڵستا و دانیشت. ئەسپێی تێ دا. دەچووە نێو ڕیزی نەخۆشانەوە کە لەبەر دەرکەی پزیشک چاوەڕێیان دەکرد. لە حاڵ و باڵی دەپرسین. دەچووە ناو خەڵکەوە گوێی ڕادێشت بزانێ دنیا چ باسە. چۆن درۆ و دەلەســـە هەڵدەبەســـتـــرێن. گـــزی و فـــزی چۆن دەکـــرێ. چۆن تەڵە و داو دەنرێنەوە. بۆ ئیجازە وەرگرتن چ پەلەقاژێ و تەپ و کوتێ دەکرێ. چۆن ملی ئەم و ئەو دەشکێندرێ. لە هەمووی گەیشتبوو.

هەموو ڕۆژێ لێژنەی چەڵتووکی کۆ دەکردەوە. چوار پێنج مەزرا و کێڵگە دەگەڕا. مەزراکان هیچیان بەپێی قانوون ئامادە نەکرابوون. ئیجازەی بەهیچ کامێکیان نەدا. مورتەزا ئاغای قەرەداغ ئۆغڵی دوو کێڵگەی هەبوون. یەکێ لە پێنج هەزار گاوخان. ئیجازەی بەوانیش نەدا. کێڵگەکان هەردووکیان لەوانە بوون کـــە بەوچان ئاودەدران. پێنج ســـەت مـــەترێ لە گـــوندەوە دوور بوون. هیـچـیـان نەکـێـڵـدرابوون. یاسـا بڕێ مـەرجی دانابوو. نەک هەر جـۆگەی

چەمــەنتــۆی بۆ هەڵنەبەســتــرابــوو، بگرە ئاوەڕۆی ڕاسـت و دروســتــیــشــی بۆ نەکرابوو.

ئیجـازە بەکێڵگەی مـسـتـەفا پاتر پاتریش نەدرا. ئەویش ئامـادەنەکرابوو. کێڵگەکانی تۆفیق عەلی و کەمال تاشان و دورموش داش کەسانیش ئیجازە نەدران.

چەڵتووکچێنەکان شپرزەبوون. مانگی بانەمەڕ بەسەرچووبا ئیدی چەڵتووک نەدەچێندرا. بشیـان چاندبا هیـچی وایان لێ وەچەنگ نەدەکەوت. لە جیـاتی یەک و هـەشــتــا زۆر زۆر یەک و چل. یەک و پەنجــای دەهێنا. لەم حــاڵەدا بڕیاریان دا لەپێشا قایمقام تاقی کەنەوە. لەپیشا لە پاینەوە تێ هەڵچوون. تکا کاریان نارد. تکاکار مەلا پیرە پشتکۆمە ڕیوەڵەکەی شار بوو.

مەلا گوتی:

«کوڕم، ئەفەندی، چەڵتووکچێنی لەوەتی هەیە. هەمـوو ساڵێ هەروا بووە و هەروا هـاتووە. هیـچ ساڵێ بەپێی یاسا و دەسـتـوور نـەکراوە. خۆتان لەبەلاش تووشی چەرمەسەرێ مەکەن. پێشکە و مێشوولە چۆن بووە هەروا دەبێ. ئیـتر ئەمـە چقورئۆوایە. بەبێ مێـشـوولە دەبێ؟ چەڵتـووکیش نەچێندرێ هەر دەبێ. واز لەم توند و تیژییە بێنە.»

قایمقام بەتوندی پرسی:

«دەتانەوێ چی بڵێن؟» یەکسەر دیاردیی بۆ دەرکە کرد.

«فەرمـوون. تکا دەکەم جـارێکی تر خـۆتان لە کـاروباری وا هەڵمـەقورتێنن، ئیتر جارێکی تر مەیێنەوە بۆ لام.»

مــەلا بەویردخــوێندنـەوە چووە دەرێ. «ســوبحــانـەڵلا، ســوبحــانەڵلا. ئەمــە قایمقام نییە. ناری بەیزایە. سوبحانەڵلا، سوبحانەڵلا.»

چەڵتووکچێنەکان لە مەلایان پرسی:

«چیت بە چی کرد مەلافـەندی؟» مـەلافـەندی لە وەڵامدا چاوی لێک دەنان و هەڵی دێنان و تەزبیحــاتی خـۆی دەکـرد و لە «ســوبحــانـەڵلا، سـوبحــانەڵلا.»

بەولاوە چیی تری نەدەگوت.

ڕەزا دەگەنەک کوڕی عەلی دوران ئایە، کە عەلی دوران مرد.

بەرەجــووتێک و نزیکەی دە خــانوو و سـی دوکــان و دوو خــانـی بۆ ڕەزا دەگەنەک بـەجێ هێشت. ڕەزا دەگـەنەک لە ماوەی چەنـد سـاڵێکدا ئـەم هەمـوو سامانەی بەفیڕۆ دا و کەوتە سەر ساجی عەلی. بەڵام ژیانی ڕەزا دەگەنەک لە سەردەمی تێروپڕیدا بەرگی دوا مۆدە نەبوایە لەبەری نەدەکرد. لە پاشـانیش هەر لەسەر ئەو باردۆخەی جارانی مایەوە. لەو شارە ڕەزا دەگەنەک قوماری داهێنا. ڕەزا دەگەنەک لە هەموو کـەسێ قـومـاری پتر دەکـرد. هەمـوو ڕۆژێ تەراشی دەکرد، تیف تیفەی خۆی دەدا. ڕۆژێ نەبوو جل و بەرگی بێ ئوتووی لەبەردابێ. لەگەڵ گەورەدا گەورە، لەگەڵ بچووکدا بچووک بوو. لەم ڕووەوە زۆر خۆشـەویست بوو. هەر کاربەدەسـتێکی میـریی تازە هاتبا بێ سێ و دوو لە پاش دوو ڕۆژ دەبوو بەدۆسـتی گـیـانی بەگـیـانی. کـەسی لە دەست قـوتار نەدەبوو. هەر کارێکی مەبەست بوایە پێی جێبەجێ دەکردن. دەیانگوت: «ئەم ڕەزا دەگەنەکە کوزە کەمـتیاری پێیە.» هەر بەرتیلێ درابا لە سەتا نەوەت و هەشتی بەدەسـتی ڕەزا دەگەنەک دەدرا. کاربەدەست چەند بەناموس بوایە. هـەرە خـــاوێنی دنیـــا بوایە لە پاش حـــەوتووێک لـە خـــشـــتـــەی دەبرد. چەڵتووکچێنەکان ئەم جارەش کارەکەیان بەرەوڕووی ڕەزا دەگەنەک کردەوە. گوتیان «تا دوو هەزاریش بۆی بڕۆ». ڕەزا دەگەنەک بزە گرتی. گوتی «بەپازدە هەزاری دەسازێنم، لە پازدە هەزار نایەمە خوار.»

مورتەزا ئاغا:

«بیـبیلەی چاوەکانم بخـۆ ئیرەزا. مـورتەزا ئاغـا گونەکـانت دەخـوا. خـۆت بنوێنە ئیرەزام. خۆت بنوێنە. ئیتر لەمەوپاش نییە بۆ تۆ نییە.»

چەڵتووکچێنەکان تێکرا:

«ئومێدێکمان هەبێ هەر تۆی ڕەزا بەگ، دەنا کارمان کراوە.»

ڕەزا دەیگوت:

«لەسەرخوا» و هیچی تری نەدەگوت. بەرەکەت دا ڕەسووڵەفەنی یەکە بەیەکە خەڵکی شاری لە قایمقام گەیاندبوو. دیارە ڕەزا دەگەنەکیشی پشتگوێ نەخستبوو، لە پاش ئەوەی کە هەموو شتێکی لەبارەوە بۆ ڕوون کردبووەوە لەمەڕ وەزیفەی ئێستاشییەوە لەگەڵی دوابوو و ئەوەشی بەئاگا گەیاندبوو کە بەم زووانە دیدەنیی دەکا.

ڕەزا دەگەنەک بەکلکەسووتێ و چاپلووسییەوە چووە ژوورێ.

گوتی: «گەورەم، چەند ڕۆژێکە بەخزمەتتان نەگەیشتووم، لێم ببوورن، ئیش و کار گەورەم، ئیش و کار، سەرقاڵی، ئێوەش ئیش و کارتان زۆرە و سەرتان قاڵە. جارێکیان هاتم تەشریفتان بۆ سەر زەوی و زار چووبوون. لێم ببوورن، گەورەم. بەڕاستی پشتگوێ خستنی جەنابتان بەگوناهێکی گەورە دەزانم، هی وەکو ئێوە، گەورەم.»

قایمقام چاوی پەڕییە تۆقی سەری:

«چیتان دەوێ؟»

«ئەفەندم؟»

قایمقام قیژاندی:

«چیتان دەوێ ئەفەندی؟»

«جەنابی پایەبەرزتان، دیدەنی، گەورەم؟»

«چیتان دەوێ بیڵێن.» لە هەژمەتان لەرزی، زەردهەڵگەڕا، سوورهەڵگەڕا:

«چیـ – تا – ن – دە – وێ ؟»

«گەورەم، دیدەنی، مەبەستم...»

دیاردیی بۆ دەرکە کرد:

«بۆ دەرەوە، فەرموون، بۆ دەرەوە.»

ڕەزا دەگەنەک بەسەرسامییەوە بەرەو دەرکە چوو. وەک بپاڕێتەوە سەیری ناو چاوی قایمقامی دەکرد، قایمقام برۆی وێک هێنابووەوە، زاری بەتێخ نەدەکرایەوە.

ڕەزا دەگـەنەک بەتـاو دەرکـەی کـردەوە، چووە دەرێ. بەسـەرسـامـیـیـەوە لە پلیکـانەکـان چووە خـوارێ. «هـەی لە تڕی دایـەی، کوڕە خـۆ کـابرا بەدەرکـردن دەری کـردین، هـەی لە تڕی دایەی، کـوڕە خـۆ بـەڕەسـمی دەری کـردم» بزەیەکی هـاتێ. «کوڕە تۆ تەماشـا تەماشـا، منداڵی تاین هـەر دەڵێی کـەرتە شـاخـە. ئەی ئافـەرین بۆ خـۆت. وا دیارە چەڵتـووکـچێنەکان حـاڵیـان زۆر خـۆش دەبێ؟ وەڵڵا بەتڕی بابیـانیدا دەڕێنێ. هـەی لە تڕی دایەی. کـوڕە خۆ بەڕسـمی وەدەری نام، بەڕەسمی.»

بەپێکەنینـەوە خـۆی بە یانەدا کـرد. چەڵتـووکـچـێنـەکـان بەچـوار چاو چاوەڕوانییـان دەکرد. کە زانییان پێ دەکەنێ. وای بۆچوون کارەکە بڕاوەتەوە، هـەموو تێی ورووکان، دەستیان گوشی.

«ئێ ی ی ی. چۆن؟»

ڕەزا دەگەنەک پێ دەکەنی:

«هیـچی لەگەڵدا نـاکرێ، من تا ئێـسـتـا وام نەدیوە. منداڵێکی ئا ئەوەندەی دەسـتێ، لـەبەرد ڕەقـتـرە، وەک مـەلا گـوتی، سـوبحـانـەڵڵا، سـوبحـانـەڵڵا، سوبحانەڵڵا.»

ئیتـر لە پاش ئەمە کـارەکە ئاڵۆزکا. هـەرچی هیـوا و ئاواتێ هەبوو ئاو بردی. شتێک ڕووی دا چاوەڕوان نەدەکرا. پێشـەکی هیچ تەکبیرێکیـان بۆ نەکردبوو. هـەرچەندیـان سـەر دێنا و سـەر دەبرد بۆ خـۆشیـان نەیانـدەزانی چۆن بەداوی منداڵێکی هێندەی بسـتـێکەوە بوون. تا دەهـات هـێندەی تر زگیـان دەئاوسـا و خـەفـەتخـان دەبوون. چەڵتووکچێن تا سـبـەینـێ خـەویان لە چاو نەدەکەوت، لە سـەرداوێ، چـارەسـەرێ دەگـەڕان. بەڵام هیـچی وایان بەبیـردا نەدەهـات تۆزێ بەڕێ و جێ بێ و ئەقڵ بیگرێ.

مـورتەزا ئاغـا هـێندە تووڕە بووبـوو ئاگـری لێ دەبووەوە. هـەرچی لە دەست هـات لەگەڵیدا کـردی. شـەوێکیان پەنجـەرەی قـایمقامی بە بەردباران کـردن دا، شەوێکی تر بەگوللەباران کردنی دا. بەنیـازی کوشـتن کـردی بەڵام بەرنەکەوت.

قایمقام لە جیاتی ترسان و پرینگانەوە هێندەی دیکە دوژمنایەتییەکەی تیژتر بوو.

جێبەکەی دایەرەی کشتوکاڵیان لە کارخست. قایمقام بەسواری ئەسپ چوو بۆ سەر زەوی و زار، لۆقنتەچییەکەیان لە ژێرەوە فێرکرد خواردنی بۆگەن و ترشاوی بۆ دانێ. ئەویش وازی لە خواردن هێنا . لۆقنتەچییەکە، تاوانبار کرد و سزای دا . هەموو ژەمە خواردنێکی هاتە سەر نان و پەنیر.

ڕۆژ نەبوو پەنجا برووسکە لە دژ قایمقام بەرەو ئەنقەرە و پارێزگا بەڕێ نەکرێ. برووسکەکان ئەحمەدی سیاسەتباز دەینووسین. خراپە و گزی و فزیی قایمقامەکانی سالانی پێشووی وا لەبەرکردبوو، برووسکەکانی بەچاو قووچاندنەوە دەنووسین. برووسکەکانی هێندە بەرباد دەنووسین سەگ بۆنی پێوە نەدەکردن. بتخوێندبانەوە یەکسەر دەرشایتەوە. ئەوەی خوا حەزی لێ نەکا و بەندەی خوا بێزی لێ بکاتەوە لەم قایمقامەی دەنووسی.

برووسکەکان ڕۆژێ چەڵتووکچێنەکان، ڕۆژێ کوێخا دێ، شەست کوێخا دێی خشت، ڕۆژێ سەرۆکی شارەوانی، ڕۆژی سەرۆک حیزبەکان، ئیتر هەر ڕۆژە دەستە و دایەرەیەک دەیاننووسی.

ئەنجا گوندنشینەکان هاتنە نێو ڕیزەوە. بیست و پێنج کەس بەناوی گوندی چنار و حەفتا کەس بەناوی چایانلی و هەروەها بەناوی چاپگەچیت و بەناوی گوندی کەلی و گوندی ئالییان و گوندی ئۆیگسز برووسکە لەسەر برووسکەیان بۆ والی، بۆ سەرەک وەزیر، بۆ سەرکۆمار، بۆ وەزیری کاروباری ناوخۆ و وەزیری کشتوکاڵ و تەنانەت بۆ وەزیری پەروەردەش لێ دا .

کارگێڕی پۆستە و تەلگرافیش هەموو ئێوارەیەک ورد و باریک کۆپیی برووسکەکانی بۆ قایمقام دەهێنا و لە هەموو کەین و بەینێکی ئاگادار دەکردەوە. قایمقام بەجارێ شێت و هار بووبوو و دۆ و دۆشاوی تێکەڵ دەکرد. بەلام چیی لە دەست دەهات؟ ددانی بەخۆیدا دەگرت. لە ئاکامدا کۆڵی دا . ڕۆژی یەکەم بەجارێ پەرێشان بووبوو، لەسەر تۆقی سەر دەخولایەوە.

نەیدەزانی ئەم برووسکانە هەمووی لەبەر ڕەشنووسی ئەو برووسکانە گیرابوونەوە، کە بیست و پێنج ساڵ بوو لە دژ قایمقام و کاربەدەستانی پێشووتری قەزا نووسرابوون. ڕەسووڵەفەنی ئەمەشی لە قایمقام ڕاگەیاند. قایمقام لەم کارە و ئەو کەسانەی نێویان لە برووسکەکاندا هاتبوو سەری سوڕما. ڕەسووڵەفەنی ئەوەشی ڕاگەیاندبوێ، کە کێ نووسیونی و دەیاننووسین. باسی ئەحمەدی سیاسەتبازیشی بۆ کرد. لەو ڕۆژانەدا ئەحمەدی سیاسەتباز لە ئێوارەوە هەموو ڕۆژێ پەنجا برووسکەی دەنووسی و بۆ سبەینێ لە دەستی ئەم و ئەوی دەپەستاوتن. هەرچی تۆمەت و بوختان هەڵبەستن هەبوو، هەمووی لە مێشکی ئەحمەدەوە دادەکەوت. نەک هەر لە مێشکییەوە دادەکەوت، بگرە دووپاتکردنەوەی هەر ئەو تۆمەت و بوختانە بوون، کە بیست و پێنج ساڵ لەمەوپێش هەڵبەسترابوون و بەبرووسکە ناردرابوون. دیارە ئەم دووپاتکردنەوانە ناوبەناو ڕووداوی تازەکوورەشی تێ دەترنجاندران. جگە لەوانە بوختان و تۆمەتی تازەبابەتیش لە دژ فیکرەت ئێرماقلی دەکران بە سەربار و شتی وای بۆ هەڵدەبەسترا سەگ بۆنی پێوە نەدەکرد.

دەیگوت:

«قەڵەمی من خوێنی لێ دەتکێ.»

ئەوانیش دەیانگوت:

«ئامەننا، قەڵەمی تۆ خوێنی لێ دەتکێ.»

تۆمەت و بوختان و برووسکە لێدان سوودیان نەبوو. قایمقام هەر لە جێی خۆی مایەوە، نەبزووت. کەس پێی نەگوت برۆ بەسەر چاوتەوەیە. چەڵتووکچێنەکان لەمێژ بوو ئەمەیان پێشبینی کردبوو. بەڵام سەرەنجام برووسکەکان کاری خۆیان هەر دەکرد، سوودیان هەر هەبوو.

درەنگ داهات چەڵتووکچێنەکان شپرزە بوون، دەتگوت ماخۆلانییانە جێیان بەخۆیان نەدەگرت. ئارەقەی شین و مۆریان دەردابوو، پیاو بەزەییی بەحاڵیاندا دەهاتەوە. ئەم هەموو سەروەت و سامانەیان بەخاکەوە وەرکردبوو. تەنانەت

هی وەکو وەستا پاڵەوان و جەماله کوێریش کە لە دژ چەڵتووکچێنی بوون بەزەییان بەحاڵیاندا دەهاتەوە.

چەڵتووکچێنەکان بەبازاڕدا دەخولانەوە. تووشی هەر کەسێ دەبوون دەکرووزانەوە. گازنیان دەکرد.

«چۆن ئیجازە نادا؟ لاوە، منداڵە، بیر لە دوارۆژی خۆی ناکاتەوە.»

«لە هەوەڵ چاوپێکەوتندا ماقووڵ بوو، ئەفەندی بوو. مەڵێ چل مار لە ناو دڵیا پەپکەی داوە.»

«شێتە، شێت، لێی بزانێ بۆ وڵات زۆر بەقازانج و سوودە. چەڵتووک لەرزوتێ و سێوەرۆ چۆن دێنێ، ئەقڵی پێدا ناشکێ.» «تا ئێستا کێ دیویە سێوەرۆ لە چەڵتووک بکەوێتەوە؟» «لەوەتی چقورئۆوا چقورئۆوایە ساڵێ بێ لەرزوتێ و سێوەرۆ بووە؟»

بەزم و بالۆرەی گازن و کرووزانەوەش بڕایەوە. چەڵتووکچێن بڵاوەیان لێ کرد، دەستە دەستە کەوتنە ڕاوێژکردن. ڕۆژگار بەڕاوێژکردنەوە بەسەردەچوو. وەرزی کێڵان و داشتن لە بڕانەوەدا بوو.

شەوی چوارشەمەیەک هەموو چەڵتووکچێنەکان خڕبوونەوە، تا بەرەبەیان ڕاوێژیان کرد. بڕیاریان دا لە سبەینێوە زەوی و زار بکێڵن. قایمقامیش چی لە دەست دێ تەخسیر نەکا. خۆ ئەم خەڵکە هەڵناواسێ. لەم ماوەیەدا دەستەیەکی پێنج کەسیش بۆ لابردنی قایمقام پێک هاتبوو، چوون بۆ ئەنقەرە مەسەلەکە چارەسەرکەن.

ڕۆژی پێنج شەمە، لە سبەینێ زووەوە ئاویان بەسەر زەوی و زاردا بەردایەوە. لە پاشان ئاو بڕا. زەوی تۆو کرا. دیسان ئاوی بەسەردا بەردایەوە.

حەوتوویێکی نەخایاند سەرلەبەری زەوییە بێ ئیجازەکان چاندران و ئاویان پێوە کرا. دەنگ و باسی بێ ئیجازە ئاودان لە ناو شار وەک بۆمبا تەقییەوە. تا ئێستا شتی وا ڕووی نەدابوو.

٧

قایمقام مەستی تێکۆشان و خەباتی خۆی بوو. چاوی دنیای نەدەدیت. لە ناو شار کۆمەڵەیەکی گەورە لە دژ چەڵتووک پێک هاتبوو.

کۆمەڵەکە جەماله کوێر و مستەفا پاڵەوان سەرکارییان دەکرد. کۆمەڵەیەکی بە زەبروزەنگ و بە بەرنامە و پێڕۆ بوو. جەماله کوێر عەرز و حاڵنووس بوو، دەیگوت: «براکەم چەڵتووک کوشتی، چەڵتووک نەبوایە، پێشکە نەدەبوو. کە پێشکەش نەبوایە، دیارە لەرزوتێ نەدەبوو. کەواتا براکەشم بەلەرزوتێ نەدەمرد.» چەند ساڵ بوو ئەم قسەیەی بەسەرزارەوە بوو، هەر نەیدەبڕییەوە.

نەخێر ئەم جا لە گوندەکانەوە هەیئەت دەهاتن. دەنگ و باسی لەرزوتێ و سێوەڕۆی جەرگبڕ بڵاودەبووەوە. کوێخای گوندی تاتارلی نزیکەی چل پەنجا منداڵی سپڵ ئەستوور بووی ورگ ئاوساوی لاق باریک و بنێسی چاو بەقووڵا ڕۆچووی لە گوند خڕکردبووەوە، بۆ شار، بۆ کن قایمقامی هێنان.

قایمقامیش وێنەی منداڵەکانی گرت. بۆ وەزارەتی تەندروستیی نارد. دوژمنانی چەڵتووکیش برووسکە لەسەر برووسکەیان بۆ ئەنقەرە بەڕێ کرد. چەڵتووکچێنەکانیش لەم ماوەیەدا دەستدرێژییەکیان، لە جەمالەکوێ کرد. بۆ نەخۆشخانە برا. کەس لە تاوانباران دەسگیر نەبوو. باخە پڕتەقاڵەکەی مستەفا پاڵەوانیشیان لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکێشا. دارەکانیان شەوێ. هەموو هەڵپاچی. بەمە بەرپەرچدانەوەی ئەم دەستدرێژییانە خاو بووەوە. لە یەک دوو کوێخا و قایمقام خۆی بترازێ کەس نەما.

ڕەسووڵەفەنی زۆر دەترسا، لە کووچە و کۆڵان، لە چاخانەکان، لە ماڵەوە، تەنانەت لە کن ژنەکەشی جنێوی بەقایمقام دەدا. چەڵتووکچێنەکان بە کارەکەیان زانیبا ئیشی فیشق دەبوو.

«کوڕی خۆم، ڕۆڵەی خۆم، قایمقامە جوانەکەم، لاوی، واز بێنە، لەگەڵ چەڵتووکچێندا هیچت پێ ناکرێ و گوریست بە هێچکیاندا ناگاتەوە، پیاوی چاک بە گەڕت لە گەڕیان مەئاڵێنە، لەگەڵ ئەمانەدا هەڵناکەی. ئەم تیرەی چەڵتووکچێنە حکوومەت بەحکوومەتیی خۆی بەدەستیانەوە بۆڕی خواردووە و کۆڵی داوە. هەرچییەکی پێ دەڵێم بەگوێم ناکا. لە سەرەتاوە چەند کوڕی چاک بوو، چەند ئال و سال بوو، نازانم بۆچی لە پڕ وای بەسەرهات. تێی ناگەم و ناگەم. من دەڵێم هەبێ و نەبێ ئەو قوڕ و قوڕاوەی سازلیدەرە و حاڵی ئەو خەڵکە وای بەسەرهێنا. لەسەر دۆخی خۆی نەما. چەند بەڕێکوپێکی کاری خۆی دەگێڕا. دەوجا وەرە سەیری ئەم بەزم و هەنگامەیە، تێی دەگەیێنم. ئامۆژگاریی دەکەم. کوڕی فیکرەتە فەنی واز لەم ئەقڵە بێنە، ورتەی لە دەمەوە نایێ، متەق ناکا، هەر بیر دەکاتەوە، بەڕاستی زۆرم بەزەیی پێدا دێتەوە. هێشتا خەیاری گوڵبەدەمە. بەزەییم پێدا دیێەوە، زۆریش، بەدەس خۆم نییە بابە بەدەس خۆم نییە، هێشتا لاوە، خەیاری گوڵبەدەمە.»

چەڵتووکچێنەکان ڕەسووڵەفەنییان بەیەکێ لە خۆیان دەزانی. هەموو سرەوتڕێکیان لە کن دەدرکاند، پرسیان بەو دەکرد، خۆ جارێ ئۆقچی ئۆغڵی تەنیا ئومێدی هەر ڕەسووڵەفەنی بوو.

دەیگوت پێی بڵێ بەرۆکم بەردا، گەڕی لە گەڕم نەئاڵێنێ. لەگەڵ حەمەعەلی کوردا دەس تێکەڵ نەکا، ڕێگرە، کوردێکی شێتە.» لەو ڕۆژەوە لیژنەی چەڵتووک ئاوی لە زەوییەکانی ئۆقچی ئۆغڵی بڕیبوو، حەوت جەندرمە و ئۆنباشییەکی بەسەر بەنداوەکانەوە دانابوو. کێڵگەی ئۆقچی ئۆغڵی هێشتا هیچی لێ نەڕوابوو. بەرەو وشکبوون دەچوو. ئەمەش بۆ ئۆقچی ئۆغڵی ماڵوێرانی بوو. ئاوبڕین لە تۆوی تەڕ تیاچوون و دەسخەڕۆبوون، بەڵام ڕوابا و سەری هەڵدایە هەر وا زوو وشک نەدەبووەوە. ئۆقچی ئۆغڵی چارەسەرێکی بۆ دۆزیبووەوە. لەگەڵ جەندرمەکاندا ڕێک کەوتبوو. ئاوەکەیان هەر یەکەم ڕۆژ لە کێڵگەکە بڕیبوو. دوای ئەوسا ئاوەکەیان بەسەر بەردابووەوە. حەمەعەلی ئەمەی لە قایمقام ڕاگەیاندبوو. قایمقامیش جەندرمەکانی گۆڕیبوو و هی تری

لەجێ دانابوون. ئەویش هەر ڕۆژێ بوو، خۆ قایمقام خۆی بەسەرییەوە نەدەوەستا.

حەمەعەلی دەیزانی جەندرمەکان کارەکە بەجێ ناهێنن، لە قایمقامێتیی قەزا دوور نەدەکەوتەوە:

«قایمقام ڕێگەم بدە، گوندەکەی وشک کردووە. ئۆقچی ئاوەکەی بڕیوە. ئیزنم بدە، دەستت ماچ دەکەم، ئیزنم بدە، ئێمە لەسەر هەقین، مادامێکی ئاوایی بووە بەژێر ئاوەوە، هەق بەلای ئێمەوەیە.»

قایمقام ڕێگەی بەحەمەعەلی نەدەدا، دەیگوت:

«جارێ بوەستە حەمەعەلی، مەسەلەکەم لە سەرکردەی قوماندارێتی ڕاگەیاندووە. جارێ بوەستە.»

حەمەعەلی هەر چاوەڕێی بوو.

بەنداوی سێ کێڵگەی بەبێ ئیجازە تۆوکراوە و لە ژێر پردەکەی ناو شاربوو. دە جەندرمەش بەسەر ئەوەوە وەستان. قایمقام بەم ڕۆژگارە، هەرسا نا ساتێ، ئیش و کاری دایەرەی بەجێ دەهێشت و بەفرکان سەرێکی لە بەنداوەکان دەدا و بەسەری دەکردنەوە. هەرکە شەویش دادەهات، لە نیوەشەوا، لە تاریکی و لێڵەدا، بەدەمانچەی ڕووتەوە لەسەر بەنداوەکان بوو.

«ئەم قایمقامە بەخوێنی خۆی تینووە.»

«وەڵڵا تینووە، بیللا تینووە.»

«هەر کاتێکت زانی سلیان ساردکردەوە.»

ڕەسووڵەفەنی لە هەمووان پتر زەندەقی چووبوو. مجێز و هەوای شارەکە شارەزا بوو بۆیە زۆر دەترسا. لەوانەبوو شەوێ ئەو زەلامە لە خوانەترسانە خۆیانیان بۆ لە بۆسەدایە و بیانپێکایە و وەک تڕی بن گۆم بڕۆشتایە. کێ بەهاوارییەوە دەچوو؟

«بیشیپێکن من لە هیچ کۆ ناکەمەوە و باکم بەهیچ نییە، بەڵام شارەکە ناوی بەخراپ دەڕوا. بەڵێ من لەوە دەترسم براینە. بیر لە دواڕۆژی شارەکە

دەکەمەوە. دەڵێم کاک فیکرەت مەکە، واز بێنە، بەشەو مەچۆ دەرەوە، ئاخر، تۆ جەندرمەی، پاسەوانیت چیت؟ ئاخر تۆ بەخوێنی خۆت تینووی؟ هەرچییەکی پێ دەڵێم بەگویم ناکا.»

شەوگار ڕاشکابوو، بەرەو تاریک و لێڵە دەچوو، هاژەی خڕەکەی ساوروون دنیای کەڕ و کاس کردبوو. چەو و بەردی ناو خڕەکە دەچریسکایەوە. قایمقام بەسەر چەو و زیخەڵاندا بەرەو بەنداوەکان دەچوو. هەوا بۆن و بەرامەیەکی شێداری لێوە دەهات. ئەستێرە لە نێو ئاوی تاریکدا شەوقیان دەدایەوە. پردەکە وەک چوڕی شیر بەتاریکەشەوەوە لکابوو. شار کشومات لە پرخەی خەودا بوو. ناوبەناو دەنگی فیتەی پاسەوانێک دەهات. جارجاریش وەک دوو کەڵەشێر لە وەختدا دەیانقووقاند. قایمقام خەیاڵاوی. باخچەی سوڵتان ئەحمەد، حەوزەکەی بایەزیدی بەبیردەهاتنەوە. بیری لە هەرچییەک دەکردەوە حەوزەکەی بایەزیدی دەهاتە پێش چاو.

ترامـوای، ئۆتۆبیس، تاکسی، خوێندکارە لاوەکانی دانیشگای بەبیر دەهاتنەوە. خۆی بەخۆی دەگوت: «ژیان.» ئەنجا بزە دەیگرت: «مرۆ باریک و بنێسەکان، ترسنۆک، کەڵەکچی، درۆزن. بەڵام داپیرە زەینۆ. کابرای کورد. ناوی چی بوو؟ ڕێگر، پشوویەک هەستی بە بەختیاری دەکرد «تێیاندا هەبێ، یەکەم کابرای ڕێگر، دووەم داپیرە زەینۆ. ئەمانە شیاوی ئەوەن پیاو خۆی لە پێناویاندا بۆ بەخت بکا.»

مشتووی دەمانچەکەی بەهەموو هێزێکییەوە ڕادەگوشی. زۆریشی سەیر بەدەمانچەکەی دەستی دەهات. دەیگوت «شیاوی ئەوەن». ئیتر هەر دەیگوت «شیاوی ئەوەن، شیاوی ئەوەن، شیاوی ئەوەن.»

«ئەمە ئاکامی چ دەبێ؟ چ دەبێ با ببێ پیاو، شیاوی ئەوەن. دەستە لە دوای دەستە بۆ ئەنقەرە دەچن، من لەسەر هەقم، بە قانوون هەق بەلای مندایە. ئەمانە دژی قانوونن، یا من نەمتوانی کار بەڕێوەبەرم؟ نەخێر ئەوان گوناهبارن. ئەم کێشەیە بەرەوکوێ دەچێ؟

له ئەنقـەرە چ دەکـەن؟ هەڵبـەت شـتێکیـان بەدەسـتـەوەیە. کـارێکیـان لە ژێر سـەردایە، کـوڕە دە گـوێ مـەدەیێ پیـاو، چ دەکـەن؟ بریا نـەرمین لـە کـونـێکەوە چاوی لە حاڵم بوایە، داخـۆ چەندی پێ خۆش بوایە. من بەرانبـەر بەم فێڵـباز و کەڵەکچـییانە تاک و تەنیـام. نەخێر ڕەسـووڵەفـەنیش. تۆ بڵـێی لێم گۆڕابێ. شـەوە یا ڕۆژ؟ تۆ بڵـێی بتـرسم؟ لەوانەشـە، نەخـێر وا نییـە. نەرمین دڵی بەمـە خۆش دەبێ. ڕەنگی چاوی نەرمین، ڕەسـووڵەفەنی، کە چەند دنیا دیتـەیە دەمار بەدەمـاریان شـارەزایە. ڕەسـووڵەفـەنـی نەبوایە. جـا چەندیش دژمنیـانە. بەڵام ترسنۆکیشە، لە مارمێلکە سڵۆکترە.»

کەوتە نێو دەوەنەجـاڕێکەوە، تێروو، بۆنێکی تاڵ و تفـتی دەهات. زۆر خـۆش بوو. چەو و زیخ بۆندار بوونایە، بۆنـی تێروویان لێ دەهات. یا ئەگـەر خڕەکـەی ساوروون بۆنـدار بوایە ئەویش هـەر بۆنی تێرووی لێ دەهات. داربەلەکیش بۆن و بەرامـەیەکی دیکەی هەیە. وەک سـرووەی بەرەبەیان ناسـک و نازدارە، بۆن و بەرامەی پاش بارانی پەڵە چۆنە ئاوایە.

مـاسـیـیـەک بازڵقـەی دا. لە دەوەنـە جـاڕەکـەوە دوو سـەر، دوو تارمـایی بەدیارکەوتن. «من مورتەزا ئاغام قایمقامەکەم.»

بەرەو قایمقام هاتن. قایمقام هەستایە سەرپێ.

مورتەزا ئاغا:

«دەسـتـەکـات مـاچ دەکـەم قـایمقـام. هەرچـم هەیە و نیـیـە هەمـووم پێـوە وەرکـردووە، وا وشکاوی هێنا و ڕۆیشـت، دەسـتم بـەداوێنت، وا بزانە کـوڕێکم کوشـتووی و خۆم هـاوێشتە بەختت. پێڵاوەکانت ماچ دەکـەم. لەم ئاخروئۆخری تەمەنەمدا نابووت بم دەبمە گەپجاڕی دۆست و دژمن. کوڕێکم کوشـتووی خۆم هاوێشتە بەختت قایمقامەکەم.»

چوون بۆ کن جـەندرمـەکان. یەکێکیـان ئێشکی دەکێشـا. بەنداوەکـان وشک بووبوون.

«دە شـتێ بڵـێ قـایمقـامـەکەم. مـەمکوژە. وشکاوی هێنـا و ڕۆیشت. بەزەییت

پێـمـدا بێـتـەوە. هـەر وەخـتـە لە داخـان بمرم، لە داخـان بمـرم. مـاڵ و مـنداڵم دەمرن. دووانـی وەکو تۆم لەو دانیـشگایە دەخوێنن، تۆ لێت خوێندووە، من وازم لە چەڵتـووک چاندن دەهێنا . ڕاسـتیت پێ بڵـێم؟ قازانجی ئێـمە خـوێنی مرۆڤـە. ئێمـە خوێن دەمـژین. مێشووله خـوێن نامژێ، ئێـمە دەیمژین. وا بزانه کـوڕێکم کوشتووی. خوێنێکم...»

بـەرەو بازاڕ چوون. گەیشتە پێش دەرکـەی قایمقـامییـەت. مورتـەزا ئـاغا هـەر دەپاڕایەوە:

«دە شـەکرێ بشکێنە قـایمقامەکەم. ئیتر جارێکی تر چەڵتـووک ناچێنم، ئیتر جارێکی تر. دەزانم زۆر خراپە.»

قایمقام لە بەنداوەکان بەم لاوە ورتە لە زاری دەرنەهـات.

«دە شتێ بفەرموو قایمقامەکەم.»

قایمقام لە پلیکانەکان بەسـەرکەوت.

مورتـەزا ئـاغا بەدوویەوە بوو، گوتـی:

«خـۆت دەزانـی قـایمقـام، تۆ دەمکوژی، بەناخی ئـەرزمـدا دەبەی، بـەمـاڵ و منداڵـەوە بەناخی ئەرزمـدا دەبەی. چاک بـیری لێ بکەوە. بۆ لاوێتـیی خـۆشت زۆر حـەیفە.»،

قایمقام وەڵامی نەدایەوە. دەرکەی بەتوندی پێوە دا .

قایمقام تا سبـەینێ خەوی نەچووە چاو. هـەر ئەم دیو و ئەو دیوی دەکرد .

مـورتەزا ئـاغـا و مـسـتـەفـا پاتر پـاتر و دوو کـەسـی دیکە. لەوانی ئـاویان لە زەوییـەکـانیـان بڕیبـوون هـەر ئـەوێ شـەوێ سـواری ئۆتـۆمـبـیـل بوون و بەرەو ئەنقەرە چوون.

لە ناو چەڵتووکچـێنەکانـدا ، تەنیـا کاری ئۆقـچی ئۆغـڵـی سـازبوو. قـیـرپاچە زیوکفـتـەکەی پەیتـا پەیتـا بەجزمـەکانیـدا دەکێشـا و بەم سـەر و بەو سـەری بازاڕدا دەهات و دەچوو و قسەی زل و زلی دەکرد:

«بەڵـێ فـەرمـانـی ئاوبڕینی داوە قـایمـقـام ها؟ سـەلا لـە خـۆی و ئەقـڵـی.

جـەندرمـەی بەدیار مـەرەزەوە بۆ داناوین هـا؟ سـەلا لە ئەقـڵـی. بەڵێ ئـاوایـی سـازلیـدەرە بـووە بـەژێر ئـاوەوە، بۆ لای قـایمقـام هـاتـوون. ئـاوێکـی وام بەرداوەتەوە تا ناوکیان هاتووە.»

هەر دەیرێسا و نەیدەبڕییەوە، ترسێکیشی لە دڵدابوو. لە ڕەسووڵەفەنیش بستێ جیابوونەدەبووەوە. دەیپرسی، حەمەعەلی کورد و داپیرە زەینۆ خەریکی چین و چ دەڵێن؟.

«توخوا ڕەسووڵەفەنی ئەمە ئەقڵە ئەم قایمقامە لەسەرێتی. بەڵێ جەندرمەی لەسـەر بەنداوان داناوە. سوپاس، زۆر سوپاس. بەنداوەکانمان بۆ چاودێری دەکەن. مرۆ ئەقڵی هەیە. خۆ هەموو کەسێ وەک ئەو شێت و شوور نییە. لە پیاوی بەئاوەز و خاوەن ئەقڵ مەترسە.».

ڕەسووڵەفەنی:

«خەتای قایمقام نییە، کە تازە هاتبوو چۆن پیاوێ بوو؟ وەک گوڵ وابوو. سازلیدەرەییەکان وایان بەسەر هێنا. بەیانییەک هەر ئەوەندەمان زانی چوار سەت کەس هەموو خۆیان لە قوڕ هەڵێنابوون، بەخاوخێزانەوە. گەورە و بچووک، ژن و پیاو بەکۆرپەی بەرمەمکانەوە، بەساوای سەر بێشکەوە، بەمەڵۆتکەوە دەرکەی میرییان گرت. ئیتر ئەم کوڕە لەو ڕۆژەوە کەللەیی بوو.»

ئۆقچی ئۆغڵی:

«ئاوێکم بەسەر سازلیدەرەدا بەرداوەتەوە تا ناوکیان هاتووە. جا با بزانن لە قوڕاودا گەوزین چۆنە. با بزانن چۆن دار و دیواریان بەسەردا دەتەپێ. ئەگەر ئەو کوردەم لە چقورئۆوا دەربەدەر نەکرد من ئۆقچی ئۆغڵی نەبم. ئەگەر ئەم سازلیدەرەیەم نەکرد بەشوێن پیاز من ئۆقچی ئۆغڵی نەبم.»

«ئۆقچی ئۆغڵی هەموو ڕۆژێ مەڕێکی بۆ جەندرمەکانی سەر بەنداوەکان سەردەبڕی. هەرچی قایمقام بوو چاوەڕێی جەندرمەی دەکرد لە پارێزگاوە بۆی بنێرن. پەیتا پەیتا تەلەفۆنی دەکرد.

گوندنشینەکانی سازلیدەرەش قسەکانی ئۆقچی ئۆغڵییان دەبیستەوە. نەک

هەر دەیانبیستەوە، بگرە هەر خۆی قسەی بۆ دەکردن و بەجارێ دەهریی دەکردن.

حەمەعەلی و داپیرە زەینۆ جارێکی تریش بەسەرتاپای قوڕاوییەوە سەرێکی قایمقامیان دا.

«ئاو خانووبەرەی بەسەر پێوە نەهێشتبوو. ئۆقچی ئۆغڵی بەئەنقەست ئەمەی کردووە. بەعینادی. ئەی چۆن قوربان، موساعەدە بکە[1].

مەزراکەشی لە ژێر ئاودایە، مەزرا لۆکەکەی، موساعەدە بابەلێ،

داپیرە زەینۆ هەڵی دایێ:

«کوڕم لە ناو ئاوداین. بەمەزراوە، بەلۆکەوە. بەباخ و بێستانەوە، بەخانووبەرەوە هەموو بووین بەژێر ئاوەوە. منداڵ هەموو نەخۆش کەوتوون. چارەسەرێ، دەرەتانێ. ئەگینا ئێمە چارەسەرێ بۆ خۆمان دەدۆزینەوە.

قایمقام بەخەم و پەستییەکەوە ملی لار کردەوە:

«چاوەڕێی جەندرمە دەکەم داپیر. چیی دیکەم لە دەست دێ؟»

داپیرە زەینۆ دەستی حەمەعەلی گرت و بەتوندییەوە ڕای کێشا، گوتی:

«هەستە، با بڕۆین، خۆمان چارەسەری خۆمان بکەین.» بەدەرکەوتن.

---

١ ئەم ڕستە لە ئەسڵە تورکییەکەدا لە زمانی حەمەعەلییەوە بەکوردی نووسراوە. تەنانەت لەبەرئەوەی، کە تورکی باش نازانێ لە زۆر شوێندا نووسەر بەتورکییەکی لادێییانەی چەوت و چەوێڵ وەدووی دێنێ. (وەرگێڕ).

٨

خانووبەرەی گوندەکە هەموو زنج بوون. خانووبەرەی گوندەکانی تر بەتەیمانی دارقەرەقاج هەڵنرابوون، بەڵام ئەم گوندە بەتەیمانی قامیش هەڵنرابوو. لە هێندێ شوێنەوە ئەم تەیمانە قامیشەیان بەقوڕ سواخ دابوو، خانووەکان ڕەنگیان سەوزێکی ئاماڵ بۆر بوو. سەریان بەژاژی باریک گیرابوو. ژاژەکانیان چین لەسەر چین دانابوو. وەک چینکۆ ساغڵەم بوو. بەزستانان دڵۆپە و تکەی نەدەکرد. ژاژەکان ڕەنگیان بۆز بووبوو. هەرکە تەڕ دەبوون تەیمانە قامیش یا لەپشتەوە، یا لە پێشەوە، یا لای ڕاستەوە، یا لای چەپەوە ورگیان دەدا.

ئاو تا دەهات لە زیادبووندا بوو، کەمی نەدەکرد. لە ژێرەوە بن تەمەڵی خانووەکانی دادەخوراند و دادەشۆری. خانووێک خەریک بوو دەڕووخا. ئۆقچی ئۆغڵییە و داوێتییە ملهوڕی و لاپرەسەنی. داپیرە زەینۆ:

«ئەگەر ئەو ئۆقچی ئۆغڵییە منیش داپیرە زەینۆم. منیش دەیدەمە ملهوڕی. جا ئەوسا ئۆقچی ئۆغڵی خۆی دەبینێتەوە.»

داپیرە زەینۆ تەمەنی لە شێست بەرەژوورتر بوو. دەم و چاوی خشت و خڕ و چەناگەی باریک بوو. برۆی باریک و شاش و واش بوو. چاوی چکۆلانە و ڕەش بوو. سپێنەی پێوە دیار نەبوو. لێوی کرژ هەڵاتبوو، هەر هێندەی تۆزێکی مابووەوە. چاوی پڕووشاوی بوو. هەمیشە ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بوو، تا بڵێی گاڵتەچی و قسەخۆش بوو. مێردەکەی لە سەفەربەردا چووبوو بۆ شەڕ و ئیدی نەگەڕابووەوە. لەو سەردەمەوە بێوەژن بوو. سەت و پەنجا گاوخانێکی زەوی و زار هەبوو. سێ سێویی پێ گەیاندبوو. لەبەرئەوەی کە نیوەی خەڵکی ئاواییەکە کورد بوون، ناوەکەیان وەک ناوی کوردی کورت کردبووەوە،

زەینەبیان کردبوو بەزەینۆ. خەڵکیش هەموو فێربوون پێیان دەگوت زەینۆ. زەینۆ چ زەینۆ، وەک پیاو بوو، وەک ئازا و بوێر ئازا و بوێر بوو. لە جەنگەی خەباتی میللیدا لەگەڵ چەتاندا بوو. داپیرە زەینۆ کورد بووایە، تورک بووایە، هەرکەسێ بووایە، ئاتاژی یاری و کۆمەگ بووایە یاریی دەدان و کۆمەگی دەکردن. جیازی بۆ کچان بەڕادان دەدا، مارەییی بۆ لاوی دەستکورت دەدا. هەر شەڕ و ئاژاوە و قەرەیەک ڕووی بدایە ئەو دەیکوژاندەوە و ناوبژیی شەڕکەرانی دەکرد. هەرکەسێ لێک زیز و زویر با ئاشتی دەکردنەوە. بەڵێ نەرم و لەسەرخۆ بوو، ڕووخۆش و دەم بەکەن بوو، بەڵام جاری واش هەبوو هێندە تووڕە دەبوو، وا توند و تیژ دەبوو هەموو کەسێکی لێ دەپرینگانەوە. خەڵکی ئاوایی دەیانگوت: «داپیرە دیسان بوو بە پڵینگ.» دەیزریکاند جنێوی دەدا، دەینرکاند.

چەند ڕۆژ بوو، لە نێو ئاودا، ئەم ماڵ و ئەو ماڵی دەکرد. پێ دەکەنی. نەخۆشانی بەسەر دەکردەوە. قسەی لەگەڵدا دەکردن. دڵخۆشیی دەدانەوە. جارجاریش بەپێکەنینەوە جنێوی دەدا.

دەرکەی ماڵانی دەکردەوە و دەچووە ژوورێ، دەیگوت:

«مراوییەکانی ئۆقچی ئۆغڵی چۆنن؟»

دوو ڕۆژ بوو، زاری لێک نەکردەوە، قسەی نەدەکرد. دەم و چاوی ڕەش هەڵگەڕابوو، چاوی وەک قووچابێ وابوو. هێز و گوڕی لەبەر بڕابوو. خەڵکی ئاواییش کڕ و کپ هەموو تەماشای دەمی داپیرە زەینۆیان دەکرد، بزانن چ دەڵێ و چ دەکا. خانووبەرە لە تەپین و داڕووخاندا بوون.

حەمەعەلی، هەر لە پاش دواگەڕانەوەی لە کن قایمقام وەک دەست و داوێنی لە هەموو شتێ کێشابێتەوە وا بوو. وەسەر کەپرەکەی دەکەوت و هەڵی دەکردە گۆرانییەک و گۆرانییەکی زۆر بەسۆز، هەرکە هەڵی دەکردێ پیاو پۆلە قورینگی بەئاسمانەوە دەهاتە پێش چاو، دەنگی تا بڵێی نێر و بەگوڕ بوو، شەپۆل شەپۆلی دەدا. ناوبەناو هەناسەیەکی هەڵدەکێشا، بەڵام چ

گۆرانی و هەناسە هەڵکێشانێک. گوێت لێ بووایە، دەتدایە پڕمەی گریان. کێ دەزانێ حەمەعەلی چیی دەگوت و چی هەڵدەڕشت.

گۆرانییەکانی زۆر بەپشوو و دوورودرێژ بوون، زۆر بەسۆز و کوڵ و کەسەراوی بوون.

سەر لە عەسرانێ بوو، ڕێگە و بان لە دوورەوە تەپ و تۆزیان لێ هەڵدەستا. سێبەری تەپە و تەلان بەرەو ڕۆژهەلات ڕاکشابوو. سێبەرێکی تێروتاریک. داپیرە زەینۆ لە ماڵ وەدەرکەوتبوو، شلێپ و هۆڕ بەناو ئاودا بەهەڵەداوان بەرەو ماڵی حەمەعەلی کورد دەچوو. بای توندی ڕۆژاوا شاقەل و داوێنی هەڵدەماڵی و دەیشەکاندەوە. کاتێ گەیشتە ژێر کەپرەکە، گوتی: «وەرە خوارێ حەمەعەلی، لاواندنەوە بەسە. بیبڕەوە، ئەمە بوو بەچی؟ هەر لە سبەینێوە تا ئێوارێ. وەکو ژن دەیلاوێنییەوە. بەسە بیبڕەوە وا دێ ئاو ڕای ماڵی. هەی لە ژنان جەرگسووتاوتر.

دەنگی پڕ کوڵ و خەمی بەناو دێدا زرینگایەوە.

ئەوانەی بیستیان، گوتیان:

«داپیرە زەینۆ ڕاست دەکا. دێ ئاو ڕای ماڵی.»

کوێخا پێی داگرتبوو، دەیگوت:

«با چۆڵی کەین، با گوندەکە چۆڵ کەین، ببڕێتەوە.»

داپیرە زەینۆ:

«کوردی شێت، هەر ئێستا دەیکەن بەخۆتاندا.»

حەمەعەلی پشووێکی دا، لە پاشان تێ هەڵچووەوە. داپیرە زەینۆ پێیدا هەڵشاخا:

«کوڕە حەمەعەلی وەرە خوارێ بیبڕەوە. با نەیەم پووشی ژنەکەت داماڵم و بەسەر خۆتیەوە ببەستم، هەی نێرەمووک، لە ژن ژنتر. سەرانسەری دێ هەموو بوون بە ژن، تۆش؟» حەمەعەلی بەخۆیدا هاتەوە، بەکاوەخۆ لە کەپرەکە هاتە خوار. وەک ماندوو، شەکەت و کەشەنگ، وەک خەواڵوو بێ وابوو. وەک

بەدەم خەوەوە بڕوا وا بوو.

داپیرە زەینۆ بەنیگەرانییەوە:

«بڕۆ بۆ ناو ئەو نامەردانە. بۆ ناو ژنەکانی ئۆقچی ئۆغلی. وا لە بن سێبەری کەپرەکەی دورسن دانیشتوون، بیردەکەنەوە. دۆش داماون. وەک لە ملیان درابێ سەریان شۆڕ بووەتەوە. دۆش داماون و بیردەکەنەوە.»

زەینۆ پێش کەوت. حەمەعەلی بەدوایەوە، چوون بۆ کەپرەکەی دورسن. پەنجا کەسێ دەبوون. بۆ ئەوەی خۆیان لە زەینۆ نەبان کەن و نەیبینن، سەریان هێندەی دیکە شۆڕکرد.

زەینۆ:

«ژنەکانی ئۆقچی ئۆغلی، وا حەمەعەلیشم بۆ هێنان. هەموو تێکڕا بیربکەنەوە. با گوندیش ئاو بیرووخێنێ.»

یەک دوو کەسێکیان بێ ئەوەی سەریان هەڵبڕن:

«حکومەت هەیە، جەندرمە هەیە، ئێمە چیمان پێ دەکرێ؟»

داپیرە زەینۆ دەستی بەکەلەکەیەوە بوو هەڵی کوتایە سەریان:

«تفوو، بێ غیرەتینە، شەرم ناکەن. چارەسەرێ نییە؟ جەندرمە بەرتیلی خواردووە گوێ ناداتێ. ئاوەکە نابڕێ. ئێوە تاکەی هەروا دەسەپارچە دەوەستن؟ بڕۆن خۆتان بەنداوەکە چاودێری بکەن. حکومەت بڕیاری داوە. قانوون لەگەڵ ئێمەدایە.»

پڕ بەدنیا دەیقیڕاند:

«تفوو، ژنەکانی ئۆقچی.»

حەمەعەلی:

«داپیرە ڕاست دەڵێ.»

هەرچی لە گوندابوون بەپیاو و ژن و گەورە و بچووکەوە بەدەنگی زەینۆوە هاتن و تێی ورووکان. سەرلەبەر لە ژێر کەپرەکەی دورسن خڕبوونەوە. جم و

جووڵێ لە ناو پیاوەکاندا سەری هەڵدا.

داپیرە زەینۆ:

«ئەو بێ نامووسە یاسا و قانوونی حکوومەت بەهیچ دەزانێ. فەرمانی قایمقام بەهیچ دەزانێ. جەندرمەکانی بە بەرتیل نەرم کردووە، بەژێر ئاوەوەی کردووین. هەرچی قایمقامیشە هەر هێندەی دەستێکە. منداڵێکە نەفامە. فەرمانی ئاوبڕینی دا و جەندرمەی بەسەر بەنداوانەوە دانا. جەندرمەش لە جیاتی ئاو ببڕن بوون بەئێشکچیی ئاو. یاڵڵا بۆ سەر بەنداوەکان، با بیانشکێنین خۆمان ئێشک بگرین.»

حەمەعەلی بانگی کرد:

«داپیرە ڕاست دەکا، قسەی داپیرە تەواوە. من دەڕۆم.»

داپیرە زەینۆ ڕووی کردە ژنەکان:

«یاڵڵا ژنینە. دەس دەنە پاچ و پێمەڕە بڕۆن. ئەمانیش با لێرە ئێشکی خۆیان بگرن.»

«بڕۆن، بڕۆن، بڕۆن.»

ژنان تێکەڵ بەقەرەباڵغییەکە بوون و بڵاوەیان لێ کرد. هەر کەسە پاچ و پێمەڕەیەکی بەدەستەوە بوو. خڕبوونەوە. پیاوەکانیش هەستان.

«بەڕێ کەون.»

داپیرە زەینۆ لە پێشەوە و ژنان بەدوایەوە، پیاوانیش بەدوای ئەوانەوە. قەرەباڵغییەکە بەهورووژمەوە ملی دەنا. داپیرە زەینۆ لە پێشەوە دەتگوت ڕادەکا. قافڵەکەی دواوەشی هەر بەو جۆرە. تەنیا پیر و کەنەفت لە گوندا مانەوە. لە زەردەدا گەیشتنە سەر بەنداوی ئاشەکە. جەندرمەکان شڵەژان. هیچیان نەدەگوت، حەپەسابوون، زمانیان چووبووە کلیلە.

داپیرە زەینۆ یەکەم قازمەی لە بەنداو دا:

«لێ دەن.»

هەر هێندەی چاوترووکاندنێ ئاویان بەلای ڕاستەکانەدا بەردایەوە. داپیرە چوو بۆ کن جەندرمەکان. جەندرمەکان تەماشای ئەم کەین و بەینەیان دەکرد. بەپێکەنینەوە:

«ڕۆڵە، ئێوە حکوومەت بۆیەی لەسەر ئەم بەنداوە دانا بیبڕن یا ببن بە ئێشکچیی بەنداوی ئۆقچی ئۆغلێ؟ وای ڕۆڵەڕۆ وای.»

چەند کەسێ لەگەڵ دورسندا گوتیان.

«داپیرە ئێمە ئێشک دەگرین. بەسی زەلام ئێشک دەگرین. با ژنان بچن ئازووخە و خۆراک بێنن، تفەنگەکانیشمان بۆ بێنن. هەر ئێستا پیاوەکانی ئۆقچی ئۆغلێ دەگەنە سەرمان.»

حەمەعەلی بەتوندی هاتە بەرەوە قۆناخەی کوچک چاپەکەی لە بن پاڵتۆکەوەی بەدیارخست. سەرتاپای لەشی فیشەک بوو. چەپ و ڕاست ڕەختی دوو دوو و سێ سێی لە خۆی دابوو.

«خەمتان نەبێ. نەک ئۆقچی ئۆغلێ خوا دەیکرد باوی ئۆقچی، تیرەو تایەفەی ئۆقچی، هەزار کەسێ دەهات. خوامەوخوا لە ئاو نزیک کەونەوە. یا ئەوەتا سەر دادەنێم یا بستێ لە ئاو نزیک نابنەوە.»

ئۆقچی هەرکە خەبەری بەرگوێ کەوتەوە شێت و هار بوو. یەکسەر سواربوو، دەمانچەی هەڵکێشا، بەرەو بەنداو هەڵی کوتا، دەیگوت: «یانی چی؟ چۆن دەبێ. لادێیی بوون بەو پیاوە بچن بەنداوی مەرەزەی من بڕووخێنن. ئەگەر یەکە بەیەکەیانم سارد نەکردنەوە پیاو نەبم.»

لە نارلی باخچە هاتەوە سەر خۆی، کەمێ خاو بووەوە، ئەسپەکەی هێواش کردەوە، دەستی بەبیرکردنەوە کرد، سەری ئەسپەکەی بەرەو شار وەرچەرخاند، چۆن بەتاو تێی تەقاند ئاواش بەرەو شار بەتاو تێی تەقاند و چووە ناو شارەوە ڕێ و ڕاست چوو بۆ کن ڕەسووڵەفەنی:

«چاوەکەم، براکەم، ڕەسووڵەفەنی. من و تۆ لەوەتی یەکدیمان ناسیوە لە برا براتر بووین. تۆ بۆ خۆت دەزانی، ڕەسووڵەفەنی.» بەپێداگرتنەوە دەینواڕییە

نێوچاوی ڕەسووڵەفەنی.

ڕەسووڵەفەنی گوتی:

«ئەفەنم؟»

«تۆ هیچت درۆ لێ بیستووم، ڕەسووڵەفەنی؟»

«نەمبیستووە ئاغا.»

«درۆم نەکردووە، بەم قایمقامە بڵێ بەرۆکم بەر دا، لە یەخەم بێتەوە، گەڕی لە گەڕم نەئاڵێنێ. من کنەم لە بارەی ئەوەوە نەکردووە، با وازبێنێ. سوێندت بۆ دەخۆم، قورئانم پەڕەپەڕە کردبێت کنەم لە کار و باریدا نەکردووە و من بۆم تێ نەچاندووە. من زۆرم خۆش دەوێ، ڕەسووڵەفەنی.»

«بەڵێ؟...»

«پیاوی چاک بە، چارەسەرێکم بۆ ببینەوە، بەڵکو ئەم جەندرمانەم لە بەنداوەکە بۆ دەکشێنییەوە.»

«ناکرێ.»

«هەر هیچ ناکرێ؟»

«هیچ ناکرێ.»

«کەواتا ڕەسووڵەفەنی؟»

«بەڵێ وایە ئاغا.»

«منیش ئۆقچی ئۆغڵی بم.»

«دەبێ ئەقلی بێنێتەوە سەرخۆی.»

«منیش کەواتا گوندیم لێ گاڵ دەدا، منیش دەزانم چۆن لە چەمەری دەکێشم. خۆم دەزانم چی لێ دەکەم. ڕاستە من ئەم ساڵ زیان دەکەم، نابووت دەبم، بەڵام دەزانم چیی بەسەردێنم.»

دەرکەی بەتوندی لە پاش خۆیەوە پێوە دا و چووە دەرێ.

ڕەسووڵەفەنی، وەک جامێ بەفراوی بەسەر دڵدا بکەن ئاوا کەیفی هاتەوە و

بزەی هاتێ و لەبەر خۆیەوە گوتی: «هەر دەڵێی مشکە و بەتەڵەوە بووە، کوتومت.»

ئەمجا ئۆقچی ئۆغڵی بەتووڕەییەوە سواربوو. دەیگوت «ئەو ناکەسبەچەیە دەیەوێ شان لە شانی من بدا، جگم لەگەڵدا باوێ.»

ڕێ و ڕاست چووە نێو گوندەوە. لغاوی ئەسپەکەی لە کەفا نقوم بووبوو. بەو ناو قوڕاوەدا جڵەوی نەگرتبووەوە، ئەسپەکەشی و خۆشی سەرتاپا لە قوڕ هەڵکێشرابوون.

یەکسەر بەرەو کن کوێخای ئاژوا. گوندەکە تۆزێ کزر بووبووەوە ئاوەکە کەمێ کشابووەوە. ژن و پیاو گەورە و بچووک هاتنە دەرێ بۆ سەیری ئۆقچی ئۆغڵی. ژنەکان، داپیرە زەینۆ لە پێش هەموویانەوە پێ دەکەنین. ئۆقچی ئۆغڵی وەک بڵێی هەستی بەمە کرد. «راوەستن بۆم، ڕاوەستن، ڕاوەستن بۆم، بزانن چتان لێ بکەم.»

ئەسپەکەی تا بەر دەرکەی زنجەکە ئاژوا، کەمێ خۆی خوارکردەوە بانگی کرد:

«سەیفی عەلی. کوێخا سەیفی عەلی».

کوێخا ماندوو و شەکەت، پشتی چەمابووەوە، وەدەرکەوت.

«گوندی خڕکەوە، هەر ماڵێ سێ سەت لیرەی دەدەمێ. بۆ لۆکەش، گاوخانی پەنجا لیرە دەدەم. ڕای گەیێنە، جاڕی دە. کەس لە گوند نامێنێ. هەرچی خانووش هەیە تا پایزێ، هەرچی ڕووخا بۆی دەبژێرم».

کوێخا دڵی خۆش بوو، گوتی:

«ئا ئاوها ئاغام، ئا ئاوها، هەر ئێستا کە کەس لە گوند نامێنێ، هەموو چۆڵی دەکەن.»

خەبەریان بۆ بەنداوەکە نارد. ئەوانیش هاتن. ئۆقچی ئۆغڵی تێی گەیاندن کەس ورتەی لێوە نەهات. هەر لەوێدا جزدانەکەی دەرێنا. پارەی ماڵەکانی دا. گوتی، «سبەینێ وەرن پارەی لۆکەکەتان وەرگرن. نابێ کەس لە

گوند بمێنێ. چاکە؟»

له وەڵامدا گوتیان:

«نامێنێ.»

چەند کەسێ نارەزاییان پیشان دا. خەڵکەکە بێدەنگیان کردن. گوتیان «کورە ئێوە شێتن چین؟ ئۆقچی ئۆغڵی هەر چۆنێ بێ دەرۆستی قایمقام دێ. بڵێین و نەڵێین ئێمە هەر وەبن ئاو دەکەوین. هیچ نەبێ خۆ پارەی خۆمان دەست دەکەوێ؟ سێ سەت لیرە پارەیەکی کەمە؟ کڕبن، شێتینە.»

داپیرە زەینۆ:

«کوردی شێت، هەر ئێستا بەخۆتیدا دەکەی.»

حەمەعەلی پشوویەکی دا دیسان تێ هەڵچووەوە. داپیرە زەینۆ پێیدا هەڵشاخا:

«کورە حەمەعەلی، وەرە خوارێ بیبڕەوە. بەسە با نەیەم پوشیی ژنەکەت داماڵم و بەسەر خۆتییەوەی ببەستم. هەی نێرەمووک، لە ژن ژنتر. سەرلەبەری گوند هەموو بوون بە ژن، تۆش بووی؟»

حەمەعەلی بەخۆداهاتەوە، لەسەرەخۆ لە کەپرەکە هاتە دەرێ. وەک ماندوو، کەشەنگ، خەواڵوو بێ وابوو، وەک بەدەم خەوەوە بڕوا وابوو.

داپیرە زەینۆ بەنیگەرانییەوە.

«بڕۆ بۆ ناو ئەو نامەردانە. بۆ ناو ژنەکانی ئۆقچی ئۆغڵی. لە بن سێبەری کەپرەکەی دورسن دانیشتوون، بیر دەکەنەوە. وەک لە ملیان درابێ سەریان بەسەر سنگیاندا شۆڕبووەتەوە. بیر دەکەنەوە.»

زەینۆ پێش کەوت. حەمەعەلی بەدوایەوە. چوون بۆ کەپرەکەی دورسن. پەنچا کەس دەبوون. بۆ ئەوەی خۆیان لە زەینۆ نەبان کەن و نەیبینن، سەریان هێندەی تر شۆڕکرد.

زەینۆ:

«ژنەکانی ئۆقچی ئۆغڵی، وا حەمە عەلیشم بۆ هێنان. هەموو تێکڕا بیر بکەنەوە. با گوندیش ئاو بیرووخێنێ.»

حەمەعەلی هیچ نارەزاییی دەرنەبڕی، پارەشی وەرنەگرت. کەسیش فەرقی پێ نەکرد. حەمەعەلی دەیزانی دەبەزێ، بۆیە نارەزاییی دەرنەبڕی. تەنانەت داپیرە زەینۆش هەر دەنگی نەکرد. ئیدی لە هەموو لایەکەوە دەیانگوت «پشت بە قایمقام مەبەستن. ئەمە ئۆقچی ئۆغڵییە. نەک مێردمنداڵێکی وەک قایمقام، حکوومەت بەحکوومەتی خۆی پێی ناوێرێ، با پارەی حازرەکیی خۆمان وەرگرین. پڕ کۆشێ پارەیە.»

ئۆقچی ئۆغڵی کە سواربوو، گوتی:

«سبەینێ کەس، زیندوەرێ لەم گوندە نەمێنێ.»

کە سوار بوو لا لغاوەی تا بناگوێی داپچڕابوو.

هەرکە چووە ناو شارەوە پیادە بوو، ئەسپەکەی دایە دەست منداڵێکەوە، بۆ ماڵێی بردەوە. خۆشی ڕێ و ڕاست چوو بۆ کن عەرزوحاڵ نووسە سیاسەتبازەکە. کابرای سیاسەتباز هەرکە چاوی بەئۆقچی ئۆغڵی کەوت و نەکەوت لە مەسەلەکە گەیشت.

ئۆقچی ئۆغڵێ بەپێکەنینەوە گوتی:

«بنووسە، چۆنت بۆ خۆ کەیف لێیە ئاوهای بنووسە.»

سیاسەتباز:

«پێنج سەت هەزار بنووسم؟»

«پێنج سەت هەزار.»

دەستی بەنووسین کرد:

«بۆ مەقامی عالی سەرۆکایەتیی لێژنەی چەڵتووک. لێژنەی چەڵتووک بەبیانووی ئەوەوە کە گوندێکی خوێڕیلە لە ناوەڕاستی زەوی و زارێکی پێنج سەت هەزار لیرەییی مندا هەڵکەوتووە بەبێ سۆنگە ئاوی لە مەرەزەکەم بڕیوە. ئەوەی پێی بڵێن گوند لە نێو ئەم زەوی و زارەدا نەماوە. گوندەکە هێشتا

بەهاربوو، کاتێکی نەخشەی زەوی و زار دەکێشرا بەخانووبەرەوە هەمووی فرۆشراوە. ئەمە کارێکە دژمنانم و چەند ئەندامێکی ناحەزم کە لە لیژنەی چەڵتووکدا ئەندامن کردوویانە. ئەمە سێ مانگە زیندەوەرێ پێی نەهاویشتووەتە گوندی سازلیدەرە. داوا دەکەم بێ سێ و دوو ئاو بەسەر مەرەزەکەمدا بەردرێتەوە و لیژنەی چەڵتووکیش بەدادگا بدرێ و سزای خۆی وەرگرێ. دەشمەوێ سازلیدەرە کەشف بکرێ و بڕیاری ئەوەی بۆ بدرێ، کە کەسی تێدا نەماوە و چۆڵە و هۆڵە. ئیتر ڕێزم.»

عەرزوحاڵەکەی بۆ قایمقام برد. قایمقام خوێندییەوە، ڕەنگی پەڕی. پرسی:

«بەڕاستتە؟»

ئۆقچی ئۆغلی بەپێکەنینەوە

من کنەم لە کاری ئێوەدا نەکردووە گەورەم. من گوندەکەم بەکڕین کڕیوە. هەڵەی تێدا کراوە، گەورەم.»

قایمقام:

«سبەینێ بۆ کەشف دێین.»

«سبەینێ؟ گەورەم؟ ئێستا بفەرموون ئاو بەسەر مەرەزەکەمدا بەردرێتەوە.»

«با بزانین.»

«ئاخر، ئەگەر ڕۆژێ زیاتر بمێنێتەوە هیچم لێ وەچەنگ ناکەوێ. تۆ ئەم زەرەر و زیانە لە ئەستۆی خۆت دەگری؟»

قایمقام تووڕە بوو:

«دەیگرم.»

ئۆقچی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، لە چوونە دەرەوەدا گوتی:

«ئەم وڵاتە بێ دادگا نییە. زەرەر و زیانم هەموو ساخ دەکەمەوە و لە سەرتی دەکەم بە ماڵ.»

لێی دا ڕۆیشت، بۆ ساخکردنەوەی زەرە و زیانیش دەرکەی دادگای گرت.

لیژنەی چەڵتووک بۆ دوو سبەی، پاش نیوەڕۆ چوو بۆ دێی سازلیدەرە. دێ چۆڵ و هۆڵ بوو. گیزەی مێشوولەی مێشوولەی ئاساییی لێوە نەدەهات. خەڵکەکە لە نێو سێلاوی ئاودا، لە دێی وێراندا واقیان وڕمابوو و پەنجەیان لە زاریاندا بوو.

لەپڕ لەو سەری دێوە زەلامێ پەیدابوو. نزیک بووەوە. نواڕییان حەمەعەلییە. ملی داکشابووە نێوان هەردوو شانی. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. باسک و قۆڵی سست بەهەردوو لایدا شۆڕ بووبوونەوە.

«بەخێرهاتن، بەسەر چاوان.»

قایمقام پرسی:

«ئەوە چییە حەمەعەلی؟»

حەمەعەلی بزەیەکی تاڵی هاتێ، گوتی:

«هەموو خانووەکانیان فرۆشت. چۆڵیان کرد، گوند چۆڵ و هۆڵە. ئەمە حاڵەکەیە. ئۆقچی لێی کڕین.»

پزیشک:

«ئەی تۆ لە چ دەگەڕێی لەم ناوە؟»

«گوندی خۆمە و دەگەڕێم. من چۆڵم نەکردووە. پارەم وەرنەگرتووە. پارەی ئۆقچی لە کن من ناڕوا. من مەمۆم. مەگەر لاشەکەم لە گوند وەدەرنێن. دوختۆر بەگ چاکم گوێ دەیێ، ئۆقچی خانووەکەی کردوومە ژێر ئاوەوە دەرنەچووم. سێ کوڕ و دوو کیژ و ژنێکم هەن، لە گوند دەرناچم، ئێوە حکوومەتن. حکوومەت ئاوی ئۆقچیی بڕیوە.»

لیژنە لەبەرئەوەی کە هێشتا گوند بەتەواوی چۆڵ نەبووبوو و چەند گوندنشینێکی تێدا مابوون. عەرزوحاڵەکەی ئۆقچی ئۆغڵییان بەڕاست نەزانی و بڕیاری ئاو لێ بڕینیان دا.

ئۆقچی ئۆغڵی هەرکە ئەمەی بیستەوە شێت و هار بوو. گوتی:

«ئای بێ نامووس. دە بڕۆ بیخۆ. ئەگەر لەم زەوییەم بەناشتن نەدای.»

بۆ کاروباری وا لۆزەنگەری گوێ لە مستی خۆی هەبوون.

گوتی:

«بچن چارێکی ئەو کابرایە بکەن. خۆ دەبێ چارەسەرێکی هەر بۆ بدۆزنەوە. هەرهیچ نەبێ بریینداری بکەن. شتێ بەشتێ بکەن.»

حەمەعەلی خۆشی هەر چاوەنۆڕی ئەمە بوو. خزابووە گۆشەیەکی تاریکی کەپرەکەوە. تفەنگەکەی بەسەر ڕانیەوە بوو. «ئەوەی دێ کێیە؟ ئۆقچی نییە؟ ئەوجا بزانە چۆن لە دایەی، ئاخ، ئۆقچی.

ئەگەر لە دووری چاوم نەسرەواندی، ئاخ باڤۆ.»[٢]

شەوگار ڕاشکابوو. پێنج تارمایی ساڵڵانە ساڵڵانە بەرەوپێش دەهاتن. حەمەعەلی تێی ڕاخوڕین «زەلام کێن؟» زەلامەکان دەنگیان نەکرد. بەدەسرێژ وەڵامیان دایەوە.

پەنجەی لە سەر پیتکە بوو، ئامادە و تەیار. نیشانی لە هەر پێنج تارماییەکە گرت، دەورووبەری وەک مەترەلۆز دابێژان. زەلامەکان هەر لەو شوێنە بێ کرکە خۆیان مەڵاس دا.

بۆ سبەینێ، ئۆقچی ئۆغڵی لەگەڵ ڕەشید ئاغای دوکانداری خزمی حەمە عەلیدا ڕێ و ڕاست هاتن بۆ سازلیدەرە، بۆ ماڵی حەمەعەلی.

«مەکە حەمەعەلی. وەجاخم کوێرمەکەوە. ئاواییەکی زل و زەلام، سەرلەبەر چۆڵی کرد. تۆش چۆڵی کە هەزار لیرەت دەدەمێ، چۆڵی کە. وا سەر و سامانم تێدا دەچێ، چۆڵی...

حەمەعەلی وەڵامی نەدایەوە.

لە پاشان ڕەشید بردیە پەنایەکەوە، نزیکەی سەعاتێ قسەی لەگەڵدا کرد. حەمەعەلی ئێستا و ئێستا ورتەی لە زار نەهاتەدەر.

---

٢ نووسەر لێرەدا دیسان لە زمانی حەمەعەلی کوردەوە بەتورکییەکی خوار و خێچ دەدوێ و ڕستەی «ئاخ باڤۆ»ی بەکوردی نووسیوە – وەرگێڕ.

ئەو بەرۆکی بەردا، ئۆقچی ئۆغڵی بەرۆکی گرت، ئەویش ماندوو و شەکەت بوو، رەشید ئاغا تێ هەڵچووەوە حەمەعەلی هەر زاری نەدەکردەوە. بەرد بەوەڵام هات ئەو بەوەڵام نەهات. سەر لە ئێواریێ ماندوو و مردوو سواربوون گەڕانەوە.

کاری ئۆقچی ئۆغڵی هێندەی تر ئاڵۆز و دژوارتربوو. جەندرمەکانیان گۆڕی. ئەوانی هاتنە جێیان تەنیا هەر بەشەو ئاویان بەردەدایەوە، کار لەسەر ئەو بارودۆخە برۆشتایە چەڵتووک هیچی وای نەدەهێنا و زۆر زۆر، خۆی بکوشتایا لە سەدا یازدەی پتر نەدەهێنا.

تازە شین دەبوو. چەڵتووک، کە کەمۆکەیێ هەراش بوو ئاوی زۆر دەوێ. ئاودێران بۆ ئەوەی ئاو بەفیڕۆ نەچێ، بەڕۆژ بەری بناوان و کەنداوەکانیان دەگرت، بەلام بێ سوودبوو.

## ٩

ئەم هەموو کەینوبەینە بەجارێ شڵەژاندبووی و بڕستی لێ بڕیبوو. ئەم ئینسانانە چ جۆرە ئینسانێکن؟ جگە لە قازانج و سوودی خۆیان چاویان چیی تر نابینێ. هەزار ئینسان بەقوربانی پوولێ دەکەن. هەموو ساڵێ لە سای سەری چەڵتووکەوە بەهەزاران منداڵ دەمرن. دایکە جەرگ سووتاوەکان بەچەڵتووکچێنیان دەگوت پیاوکوژ. خەڵکی شار لە دەستیان زەلالەتیان بوو. لە پاشملە بووبوون بەدوژمنیان. زۆر جاران گوندییەکی پێخاوس و ڕووتی کێرد بەهێسک گەیشتوو لە ناوەندی بازاڕدا داخی دڵی خۆی بەئاغایەکی چەڵتووکچێن دەڕێشت و بەجنێو و ڕیسواکردن بەڕوویدا دەڕشایەوە، بەڵام ئاغا خۆی لێ نەبان دەکرد و وەک لەگەڵ ویشی نەبێ هەر ئاوڕی لێ نەدەدایەوە.

چەڵتووکچێنەکان چەند ساڵ بوو، تووشی بەڵای وا قەت نەهاتبوون، بەڵام چۆن بەڵایەک، چاوی لە هیچ نەدەترووکاند. ئەوانی پێشوو، چاک یا خراپ، سا چارەسەرێکی هەر دەکرا، بەڵام هیچ شتێ کاری لەم قایمقامە نەدەکرد نائومێدیش نەبوون، هەر چاوەنۆڕبوون.

گوندنشینەکان مەمنوون بوون. چەند زەویوزارێکی چێندراو و نیوەچێن مابووەوە، زۆربەی زۆریان هەر ڕۆژێکیان نۆرە ئاو بەردەکەوت. کار وا بڕۆشتایە چەڵتووک هەمووی وشک دەبووەوە. مێشوولەشی نەدەبوو، مێشوولە لەچاو سالآنی تر هەر لە سەرەتاوە کەم بوو، لە هەندێ گوندی تر هەر نەبوو.

شتێکی تازەش بەرچاودەکەوت کە چەند ساڵ بوو نەبوو:

گوندییە هەژارەکان هەر کاتێکی بیانویستبا دەیانتوانی قایمقام ببینن و گازن و دەردەدڵی خۆیانی لە کن هەڵڕێژن. جاران وا نەبوو. ئەشرافەکان

دایەرەی قایمقامیان کردبوو بەیانەی دووم و هەمیشە لەوێ ڕایان دەبوارد. کاری هیچ هەژارێ دەستی ئەشرافی تێدا نەبوایە لە کن قایمقام سەری نەدەگرت. سەبارەت بەمە دەسەڵاتی ئەشراف لە گوندەکاندا هێندەی دیکە زێتر دەبوو. بەڵام لەوەتی ئەم قایمقامە هاتبوو، ئاوڕوویان لە لای گوندییان بووبوو بەپوولێ، ئیدی هەر ئەوەبوو شێت نەدەبوون.

«شتی وا چۆن دەبێ؟ قایمقامێکی زل و زەلام. نوێنەرێکی گەورەی دەوڵەت بەم ڕۆژگارە لەگەڵ هەرچی و پەرچی و لات و لەواری گوندانـدا چەنەچەنیەتی. ئیعتیباری حکوومەت بوو بەپوولێ.

ئەمە کاری منداڵ و تووالان نییە، هەر لە قوتابخانە سەری دەچووقێ برۆ ببە بەقایمقام. ئەمە چۆن وا دەبێ؟ کاری وا ڕەوایە؟ ئەوەتا هەموو بەچاوی خۆیان دەیبینن، هەر هات و نەهات تێی ڕیا.»

«کردوویە بەقاوەخانە. دایەرەی قایمقامێتی بووە بەقاوەخانەی پێتاو لەپێ.»

«هەبێ و نەبێ، ئەمە ڕەنگە لە تیرەی دۆم و قەرەج بێ دەنا».

«دەنا هێندە بەتەنگ هەرچی و پەرچی و دەست و پێوەندەوە نەدەهات...»

کێ دەیزانی ئەسڵ و فەسڵی چییە، لە چ ڕەگ و ڕەگەمایەکە؟ هەر هێندە لە فێرگەی خوێندووە و تەواو، هەتیوەکەی وەلییە کوێری چاوەشیش بیخوێندایە ئێستا قایمقام بوو.»

«دەور و زەمانە، چ دەڵێی. هەی چەرخی بە چەمبەر بێ.»

«لەگەڵ کەڵەکەڵەی پیاوماقووڵاندا دەستی داوەتە ئینکەبەری و بەخوێنی سەریان تینووە، چەڵتووک و مەرەزەیان لە تینووان وشک دەکاتەوە. کەچی لەبەر عوسمان وای وایلی بەرزەپێ هەڵدەستێ. ئاخر عوسمان وای وایلی چییە. لە هیچە تۆپێ ردێنی هێشتووەتەوە.»

«دەڕوا، دەڕوا زۆری نەماوە.»

«بەم نزیکانە تێل دەکرێ»

«خۆ هەر وا بەدەست بەتاڵی لە ئەنقەرە ناگەڕێنەوە».

«ناگەڕێنەوە.»

«هەر بەم زووانە حەوت بەردی بەدوادا فڕێ دەدرێ.»

«بۆ کوێ؟»

«بۆ مــرادییــەی لای وانێ، بۆ قــەزایەک لە قــەزاکــانی بتلیــسێ، بگرە بۆ جەهەندم.»

«دەڕوا.»

«تۆ سـەی سەی ئەم سپە باوکە. کەس نەما لەبەری هەستێ عوسمان وای وایلی نەبێ. دەک کوێرەوەبی ولات.»

عوسمان وای وایلی کابرایەکی کورتەبنەی ردێن سپی دەم و ڕووخۆش بوو. تەمەنی شـەست ساڵێک دەبوو. سـەت گاوخـانێ زەوی و زار و ژنێکی هەبوو. زەوی و زارەکــەی، بەو تەمــەنەوە، خــۆی دەیچــاند و ســەروبەری دەکــرد. زەوییـەکەی لە سـاڵی هەرە نەهاتدا یەک و سی، یەک و سی و پێنجی دەبڕی. دەیگوت: «من دانە دانە کۆی دەکەمەوە. یەک دانە لە زەویدا ناهێڵمەوە. ئێوە پێــتــان وایە هینەکــەی ئێــوە بۆیە کــەم بڕشــتــە چونکە نیــوەی لە زەویدا دەمێنێتەوە.»

ئەم کابرایە لە جل و بەرگدا وەک ئاغا و مەئمووران پۆشتە و پەرداخ بوو. هەرچی لە بازاڕی دیتبا وای دەزانی عوسمانی مودیری حیساباتی تەقاویتە، نەک عـوســمــان وای وایلی. تەنانەت لە باســتــۆنیـشی کــەم نەبوو، ئاغــا و شارسـتانی بەم حاڵەی پێ دەکەنین. دەیانگوت: «تۆ بڕوانە بڕوانە ئەم کەڕە لادێییە؟ بەپێی بەڕەی خۆی...»

زۆری گوێ لەم جۆرە قسانە بووبوو، چ باکی پێ نەبوو. لە وەرزێری و کێلان و داشتندا هیچ فەرقی لەگەڵ جووتێر و وەرزێراندا نەبوو. عوسـمـان ردێنی سپی و چڵکن و تۆزاوی بوو. تووکی سینگی لە بەر قرچەی هەتاو سووتابوو. ژێر نینۆکە زەلامە داقڵێشاوەکانی پڕبوون لە چڵک، کە پێی دادەنا شەقاری بن پێی لە پێڵاوەکانییەوە بەدیاردەکەوتن.

وای وایلی له ماوەیەکی زۆر کەمدا ئاشنایەتیی لەگەڵ قایمقامدا سازکردبوو. پێشووتریش ڕەسووڵەفەنی، چاکی بەقایمقام ناساندبوو. هەموو ڕۆژێ بەلای کەمەوە سەعاتێکی لە کن دادەنیشت. کابرایەکی زۆر دەم و پل پاراو و قسەزان بوو. هەر دەچووە ژوورێ و نەدەچووە ژوورێ قایمقام بەگەرمی پێشوازیی لێ دەکرد.

هێشتا سەعات لە نۆ و نیو تێ نەپەڕیبوو، عوسمان خۆی بەژووردا کرد.

«ئای بەخێرهاتی عوسمان ئاغا، چی هەیە، چی نییە؟ بێ قەزا بن، ئەوە حەوتوویەکە لە کوێن؟.

«هەر مەپرسە بەگم. ماوەیەکە سەرم بەشاردا نەکردووە. نەمتوانی بەخزمەت بگەم.»

«سەبەب؟»

«هەر لێی گەڕێ.»

«بڵێ چ قەوماوە؟»

«خۆت دەزانی من زۆرم خۆش دەوێی و هاتوچۆت دەکەم. چەڵتووکچێنەکان زۆریان سەر لەسەر ناوم. دەڵێن بەقایمقام بڵێ واز بێنێ. چیی دەوێ دەیدەین. زۆربەی بەبەرەوە نەماوە، هەربەم زووانە لێرە نامێنێ. هەر دەستەیێ تا ئێستا بۆ ئەنقەرە چووبێ بەدەستی خاڵی نەگەڕاوەتەوە. ڕاستت گەرەکە، منیش ئەم ڕاسپێرییەم زۆر لەبەر گران بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم، جارێکی تر بۆ خزمەت قایمقام ناچم. پاشان گوتم. من گوناهم چییە؟ ئەوی بکەوێتە گۆمەوە خۆی بەپووشکەیەکەوەش هەڵدەواسێ. گوێ بەم دەیوسانە مەدە، باکت نەبێ. با سەرێکی قایمقامەکەم، کوڕە ئازا و بوێرەکەم بدەم.»

قایمقام پێ کەنی.

عوسمان ئاغایش وەک هەموو جارێ دەستی بەقسان کرد و هەر ئەو شتانەی بۆ گێڕایەوە کە پێشووتر بۆی گێڕابوونەوە.

«منێکی حەوت منداڵم لە سای سەری سێوەڕۆ و لەرزوتێوە حەوت منداڵم

بەخاکی ڕەش سپاردبێ و لەسەرێنی چەڵتووکچێنییەوە بەدیار وەجاخی کوێرەوە هەڵترووشکابم چۆن دەچم بەقایمقام دەڵێم بەتەمان پارەت بدەنێ، یا نیازیان وایە بتکوژن. لە ئاویان گەڕێ سەریان بخوا. با پێشکە بەری ئاسمانیان لێ بتەنێ و منداڵی خەڵک لەرزوتێ قڕیان کا. قایمقامەکەم جا ئەوسا کە دەبینی پێشکە چ دەکا و چۆن بەری ئاسمان دەگرێ. پێشکەیەک پەیدا دەبێ پیاو نە لە ماڵی، نە لەنێو کوللەدا ناحەوێتەوە. پیاو ونجرِ ونجرِ دەکەن.

سەرانسەری گوند، بەدرێژاییی هاوین، خەو لە چاوی ناکەوێ. تا سبەینێ خەڵک وەکو سەرخۆش لە ناو گونددا دێن و دەچن، پێشکە لەبەر ڕووناکی هەڵدێ. ئەم خەڵکە بەورد و درشتەوە لە مەیدانی گوند خڕدەبنەوە. هەموو شەوێ جۆخینێ پووش و پەین دەسووتێنین. دەیکەین بە چەقەدووکەڵ. نانووین. ئەسپ و گاوگۆتاڵیش ئۆقرە ناگرن و ئارامیان لەبەر دەبڕێ. کە سبەینان ڕۆژ دەبێتەوە دەبینی ئەسپ و گاوگۆتاڵ پشتیان بەخوێنی ئاڵ سواخ دراوە.»

ئیتر هەروا بە تانیا چوو...

سەیرێکی دەم و چاوی قایمقامی کرد، گوتی:

«ئەوە چییە؟ ئەوە چییە قایمقامەکەم؟ دەم و لێوت تامێسکی کردووە. تووشی لەرزوتێ هاتووی؟»

هەرکە گوتی، "لەرزوتێ" قایمقام هەناسەیەکی هەڵکێشا.

«ئەی هاوار بەماڵم هەی.»

«ئەم چەڵتووکچێنە بێ دینانە تۆشیان تووشی لەرزوتێ کرد؟ ئەمانە دڕندەن. هیزە ئاگاداری خۆت بە کوڕم. بەقوربانی چاوت بم خۆتیان بۆ شل مەکە. ئاگاداری خۆت بە. ئاویان بۆ بەرنەدەیەوە، نەکەی، نەهێڵی ئەم بێ دینانە چەڵتووک بچێنن.»

لێشاوی نەخۆش لە گوندەکانەوە بەرەو شار ڕێچکەیان دەبەست. سبەینێ

زوو نەخۆش لەبەر دەرکەی موعایەنەخانەکەی پزیشک ریزیان بەستبوو، تا بەتریکی شەو دەچوو چاوەڕییان دەکرد. پزیشک بەبێ وچان خەریک بوو دەرزیی کنینی لە نەخۆشان دەدا.

بەدەیان منداڵ لە ناو ئارەوانان دریژکرابوون، لە تاو سیوەڕۆ چۆقەچۆقە دەلەرزین. سەروچاویان مێش و مەگەزی دنیای لێ نیشتبوون. گازی مێشوولە هەموو پشت ملی کردبوون بەبرین، سوور دەچووەوە، پەناوپەسێو، بن دیواران پڕ بوون لە ژنی نەخۆش و باریک و بنێسی چاوبەقووڵاچوو. هەندێ سێوەڕۆی بوو، بڕێ چاوقووڵکەی بوو. گرۆیێ زەردوویی بوو. لە هەموو لایێ نکەنک و ناڵەناڵ بوو. لەخۆچوون و بوورانەوە بوو، نەخۆش، لێو بەبار. لەڕولەواز. هەموو بەجارێ بووبوون بەداوی دەرزی. هەرچەند چاوی بەو عەشاماتە بێ پشت و پەنایە دەکەوت ئاگری لە هەناو بەردەبوو و هەر ئەوە بوو شێت و شوور نەدەبوو. لە داخان ددانی بەچیرڕا دەبرد و دەیگوت: «چۆن دەبێ؟ میری چۆن ڕێگە بەکارەساتی وا دەدا؟» ماوەیەک بوو هەر ئەم قسەیەی لە سەر زار دەگەڕا و دووپاتی دەکردەوە. شەو و ڕۆژ هەر دەیگوت و دەیگوتەوە:

«چۆن دەبێ؟ ئاخر چۆن، چۆن دەبێ. چقوورئۆوا وڵاتی لۆکەیە، وازیان لە لۆکەچاندن هێناوە، برنجی لە جیاتی دەچێنن. لۆکە بەرەو نەمان دەچێ. ئەمە هەر بۆ ئەوەی چەند کەسێکی پێ دەوڵەمەند بێ. چۆن دەبێ، چۆن، چۆن؟ بەڵێ لام دەدەن. منێکی ئەرکی قانوونیی خۆم بەجێ گەیاندبێ چۆنم لادەدەن؟»

سبەینانێ لە ناکاو ئەو دەستەیەی بۆ ئەنقەرە چووبوو گەڕایەوە. ئۆتۆمبیل بریقەبریق سەریان لە دووی یەک نابوو، لە سەرەخۆ بەنێو بازاڕدا تێ دەپەڕین. چەڵتووکچێن سەریان لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکانەوە دەرێنابوو، بەم بەر و بەوبەردا سڵاویان لە دوکانداران دەکرد. لەپاشان لە مەیدانی بازاڕ وەستان. لە خۆشییان باوەشیان بەیەکیدا دەکرد، یەکتریان ماچ دەکرد. وەلییە کوێری چاوەشیش ئەم ڕووداوە خۆشەی بیستەوە. دەهۆڵی خۆی هەڵگرت و هاتە مەیدانی بازاڕ. مەیدانی بازاڕ قەرەباڵغ بوو. دەرزیت هەڵدایە بەزەوی نەدەکەوت. چەڵتووکچێن، قەوم و قیلە و خزم و خوێشی چەڵتووکچێن،

دەست و پێـوەندەکـانیـان، خـاوەن ئاو، خـاوەن مـەزرا، دووڕوو و مـاسـتـاو سـاردکەرەوەکـانیـان. خـۆلاسـە ئەوەی دەنکە جـۆیەکی مـاڵی چەڵتـووکـچـێنی بەچەنگ دەکەوت سەرلەبەر هاتبوون، پێ دەکەنین، گاڵتە و گەپیان دەکرد.

قـەرەباڵغـییـەکی زۆر لە مـورتەزا ئـاغا ورووکـابوون. مـورتەزا ئاغـاش هەر دەیرپێسا:

«ئەفـەنم. چوومـە کن وەزیری ناوخـۆ، گوتم، ئێـمـە ڕۆڵەی ئەم نیشـتـمـانەین. گوتم ئێمە ناچاربووین لە ژێر باری زوڵم و زۆردا بژین؟ گوتم ئێمە لەژێر باری زوڵم و زۆری مندالۆچکەیەکی هـەر هێندەی دەسـتـێکدا دەناڵین. ئێـوە قـایمقـامـتـان بـۆ نەناردووین. دەرەبەگێکتـان بۆ ناردووین، لە سـاییی خـوا و سـەری جـومـهـوورییـەتەوە دەرەبەگایەتـی لە مێـژە دوای براوەتـەوە. سـەردەمی دەرەبەگایەتیمان وەختە لەبیر بچێتەوە. گوتم. بەڵێ هەیە، دەرەبەگ هەیە، بەڵام وڵاتەکـەمـان پیس دەکـەن. ئێـمـە ناوی ئەم وڵاتە جـوانەی خـۆمـان بەبۆنەی ئەوانەوە لەکەدار ناکەین.

ئەم میللـەتە ئیـتـر لەگەڵ دەرەبەگـایـەتیدا هەڵناکا، بۆی قـووت نـاچێ. ئێمـە وڵاتەکەمـان گەیاندووەتە هێـزای ئەوروپا. من کابرایەکی گوندنشینی وەرزێرم. سـەرتۆپی سامـاناکەم بەخاکەوە وەرکـردووە. گوتم، دەرەبەگمـان لێ پەیدابوو، ئاوی لێ بڕین. جەنـدرمـەی میللەتی لێ کردین بەتێلای دەستی زۆردار. بەڵێ ئاوای کرد ئەفـەنم. جەندرمـەی لەسـەر بەنداوان دانا. گوتم، من ئەگەر بۆ ئەم نیـشـتـمـانـە نەبێ و بۆ دابینکردنی پێـداویسـتـیی سـپـاکـەمـان نەبێ دەنکە چەڵتووکێکم نەدەچاند. لۆکە دەچێنم گەورەم. گوتم هیـچ نەبێ فیداکارییەک بکەم. تۆ وەرە وەرە مندالۆچکەیەکی هەر هێندەی پەنچـەیێ ئاوت لێ ببـڕێ. ئەمن مـورتەزام. مـورتەزای کـوڕی قـەرەداغلیم، چۆن دێڵم ئەمـەی بەسـەرەوە بچێ؟ گوتم. گەورەم دەربەگایەتی مرد. میللەت ئێسـتـا ئازادە. ئازادی کوڕی ئازادە. ئەمـرۆ باوی ئـەوە نەمـاوە بەکـەسێ بڵـێی لێـرە هـەسـتـە بچـۆ لەوێ دانیـشـە. بەڵێ دنیـاکـە وای لێ هاتووە، نـە بەشـوان، نە بەگـاوان. تەنـانەت بەسـەگی بـەردەرکـەشت ناتوانی هیچ بڵـێی. ئەمـەش هـەمـووی لـە سـای سـەری

جەنابتانەوە. کەواتا بۆ ئەم دەرەبەگەتان بەدیارمانەوە کردووە بە کەڵەگا؟ لە کووچە و کۆڵانان، لە بازاڕ هەر کەسێکی وەگیردەکەوێ وەبەر شاپانی دەدا و بەقامچی و تازیانە دێتە وێزەی. بەرتیل وەردەگرێ، گوندی دەڕووتێنێتەوە و دەیانخاتە سەر ساجی عەلی. گەورەم دایەرەکەی ببینی هەمیشە پڕە لە گوندیی کاڵە و پێتاو لە پێ. گوتم، گوندیی هەژار بەوە ڕادەگەن ڕۆنی بۆ بێنن، کاوڕ و گیسکی بۆ بێنن. تەنانەت نانی نان ئاساییشی بۆ دێنن. گوتم، هەر لەو ڕۆژەوەی گەیشت و نەگەیشت نانی لە لۆقنتە نەخوارد. گوتم، گوتم، گوتمی کوڕی گوتم. ئیدی هەرچیم بەزاردا هات گوتم. گوتم خوا حیزبمان بۆ پایەدار کا. ئینجا بیری کردەوە. بیری کردەوە، بیری کردەوە، سەرە ڕووتاوەکەی خوراند، بیری کردەوە، نووکی قەڵەمەکەی لە زار ڕاکرد. بیری کردەوە. نووسی نووسی، سەیرێکی کردم. دیسان نووسی. سەر نووسی و نووسی، ئەنجا چاوی لە دوڕ چاوم بڕی، وای سەیر دەکردم. هەر ئەوە نەبوو بمخوا.

گوتی: «باشە مورتەزا بەگ ئەفەندی، حاڵی بووم. لە کۆڵی دەکەمەوە.» ئەمنیش پەلاماری دەستم دا. گوتم سوپاست دەکەم پاشا. گوتم، خۆراکی ماڵ و منداڵ و سوپات بۆ لە زوڵم و زۆر ڕزگار کردین. هاتمە دەرێ. هەر دوا بەدوای من برادەرانیش وەدەرکەوتن. گوتیان، شیرازەی ئەمن و ئاسایش لە شار پچڕاوە. قسەکانیان تەسدیق کردم، جا بەڕاستی شار بەجارێ ئاڵۆز و شپرێو بوو. بەرەکەت دا.»

ئەنجا ڕووی لە ئاسمان کرد، گوتی: «جا ئێستا نۆرەی ئەوە هاتووە مورتەزا ئاغای خواحافیزییەکی لێ بکا. فەلەک تەحای لێ بکا. خواحافیزییەک سەرتۆپی چقورئۆوا بڵێ ماشەڵڵا. هەربژی وڵات. خواحافیزییەک مەگەر...»

بەگریانەوە گوتی: «خواحافیزیی لێ دەکەم، بەڵام بڕستی لێ بڕیم. تازە لە پاش چی. خستمییە سەر ساجی عەلی و نابووتی کردم. چەڵتووک یەک و دەش ناهێنێ، زەرەر و زیان، زیان، زیان، بەڵام هەر خواحافیزی لێ دەکەم.»

گوتیان: «بیکه بیکه.»

مورتەزا ئاغا لە قەرەباڵغییەکە هەڵبڕا، گوتی:

«با جارێ بچم خۆم بۆ خواحافیزییەکە ئامادەکەم، درەنگە.»

ڕەسووڵەفەنی هەواڵی کەین و بەینەکەی دەقیقە بەدەقیقە وەردەگرت. دەیزانی چ گوتراوە و چ کراوە. هەرکە خەبەرەکەی بیستەوە پشتی شکا. تا ماوەیێ لەسەر کورسییەکەی ڕاست نەبووەوە. چاوی بڕیبووە شوێنی، زەق زەق دەیڕوانی، پیاوی لێ دەتۆقی.

دەتگوت خوێنی بەدەماردا ناگەڕێ. ڕەنگی بووبوو بەلیمۆی زەرد. تا دەمەدەمی نیوەڕۆ بەخۆیدا نەهاتەوە. ڕووداوەکە بەرگوێی قایمقامیش کەوتبووەوە. گوتی: «مردم، کوڕم قایمقام پرزەم لێ بڕا. تەنیا شازدە مانگم بۆ تەقاویتی مابوو. کەس تێدا نەچوو من نەبێ. ئاخ فیکرت بەگ، خۆزگە کەمێ لەگەڵ ئەمانەدا هەڵت کردبا. هەر کەمۆکەیەک لەگەڵیاندا سازابای منیش وام لێ بەسەرنەدەهات. ئاخ فیکرەت بەگ، دەڵێی چی، خوێنگەرمی لاوێنییە، فیکرەت بەگ»

«ئەوە چییە کاک ڕەسووڵ؟

ڕەنگی پەڕیبوو، ڕووی گرژ بوو. چاوی بەعینادییەوە دەدرەوشایەوە:

«لێرەیان لابردی.»

«چی؟»

«بۆ جێگەیەکی دییان ڕاگوێزتی.»

«لە کێت بیست؟ شتیکی وا هاتووە؟»

«نەهاتووە گەورەم، نەهاتووە، بەڵام ئەمن دەزانم. چەڵتووکچێن گەڕانەوە. جێژن دەکەن.»

«ئێ ی ی ؟»

«لە خۆڕایی جێژن ناکەن. ڕاگوێزرای. ئەمن تێدا چووم. شازدە مانگم بۆ تەقاویتی مابوو.»

فیکرەت بەگ هەنییەی گوشی:

«چۆن، چۆن ڕەسووڵەفەنی؟ ئەم دز و جەردانە ئەمەیان چۆن پێ دەکرێ؟»

هەموو شتێکی لە دەوروبەر سڕایەوە. لە دنیایەکی زل و زەلام و کڕوکپدا بەتاقی تەنیا مایەوە. کەوتە ناو تاریکاییەکی ترسناکەوە. بە تەپاوتل گلۆربووەوە. هەستی بەتەنیاییەکی تیژی وەکو دەمی گوێزان کرد. کاری لە مۆخی ناو هێسکانی دەکرد. تا ئێوارێ کێ هات، کێ چوو، چی مۆرکرد، چی گوت، هەستی بە هیچ نەکرد، لە پڕ هەستی بەئێش و ئازارێ کرد. ئێش و ئازارەکە تا ناو هەناوی کاری دەکرد، جێگەیەکی دێشا. بەڵام کوێی دێشا؟ هیچ کوێی، دڵی دەگوشرا. خۆی بەسەردەکردەوە. کرووشکەی کرد. دەترسا. کێ دەڵێ ئێش و ئازارەکەی لە سۆنگەی ئەو ترسەوە نەبوو، لە چ دەترسا؟ لە کوشتن؟ نەخێر. ئەی لە چی؟ دەترسا. لە خۆڕایی دەترسا. لە ترسان دەترسا.

تا سبەینێ بەیانی دا خەو لە چاوی نەکەوت. لە ناو نوێنەکەیدا کرووشکەی کرد. دڵی لێی دەدا. چاوەڕوانی کارەساتێ بوو. هەستا، دەمانچەکەی پڕکرد و لە ژێر سەرینەکەی دانا. دەمانچەکەی بۆنی ڕۆنێکی خۆشی لێ دەهات. ڕۆنی مەکینە، بێ وچان گێژەگێژی مێشوولە دەهات.

بۆ سبەینێ زوو لە خەو ڕابوو. چوو بۆ گوێی خڕەکەی ساوروون. خڕەکە وەک کارەبا زەرد دەچووەوە لە سەرەوە مەرەزە کرابوو، ئاو لە پاومانی مەرەزەکانەوە دەڕژایە نێو ساوروونەوە. سەرلەبەری شار لەم زەرداوەیان دەخواردەوە. کە لە پاومانی مەرەزەکانەوە دادەچۆڕایە نێو خڕەکەوە.

بەیانی گەرم بوو. تیشکی ڕۆژ وەک قورقوشم گران بوو. ڕۆژێکی ناخۆش و بێ تام بوو. زۆریش بێ حاڵ بوو. لەپڕ ترسی ڕێ نیشت. لە شتەگەلێ دەترسا. بەپەلە خۆی گەیاندە دایەرە. داوای چایەکی کرد. بە سمیتەوە خواردییەوە.

نەرمین و باوکی بە بیر هاتنەوە. قسەکانی حوسنی بەگ وەک خەیاڵێ بەبیر دەهاتنەوە.

سەعات نۆ ڕەسووڵەفەنی هات. قوڕگی پڕبوو لە گریان. تێی نەدەگەیشت.

گوایه هێندەی خۆش دەویست؟ بەڕاستی کابرایەکی بەستەزمان بوو. ساڵانی ساڵ لەگەڵ ئەم دڕندانەدا شەڕەقۆچی بوو. ئێستاش هەر شەڕەقۆچی بوو.

دەمەو سەعات یازدە ڕەسووڵەفەنی دەستەوارەیێ کاغەزی بۆ هێنا. دەستی دەلەرزی. بۆ خۆشی نەیدەزانی کاغەزەکان چۆن بگرێ. وەک سەرخۆشان دەڕۆیشت. سپێنەی لە چاودا نەمابوو، هەمووی بووبوو بەڕەشێنە. بە بێ حاڵی، دەنگی دەبیسترا، گوتی:

«نەمگوت؟»

بەنابەدڵییەوە کاغەزەکانی بۆ درێژکرد.

قایمقام کاغەزەکانی لێ وەرگرت. خوێندنییەوە، جارێکی دیکەشی خوێندنەوە.

ڕاستە؟ چۆن ئەمە دەکەن؟ چۆن؟ ها ڕەسووڵەفەنی؟ تۆشیان لەجێم بەبریکار داناوە. ئەمەیان کارێکی چاکە. بەڕاستی ئەوەی دڵی خۆش کردم ئەمەیە. زۆرم کەیف پێ ساز بوو. زۆر چاکە. لە جێی من بووی بەبریکار. بەڵام ئەمە چۆن دەکەن ڕەسووڵ بەگ؟ ها؟

«نازانم... دەیکەن.»

«بۆ کاغزمان ها؟ قەزای کاغزمانی قارس، ئەرێ لەوێش چەڵتووک دەچێندرێ؟ ها؟ دەڵێی چی ڕەسووڵ بەگ؟»

«نازانم، بەشکووش.»

«دە بە بەردەستەکان بڵێ جانتا و نوێنەکانم بۆ بپێچنەوە. ئۆتۆمبیل دەست دەکەوێ ڕەسووڵ بەگ؟ ها؟ تۆ بڵێی بارەبەرێکمان دەست کەوێ؟ هەی لە تڕی دایەی، خۆ ئەوی گوتیان بەڕاست گەڕا.»

«بەڕاست گەڕا بەڕاست گەڕا، ئەی چۆن؟»

«ڕەسووڵ بەگ؟»

«بەڵێ قوربان.»

«ئێوەشیان لەجێم کردووە بەبریکار ڕەسووڵ بەگ.»

«بەڵێ گەورەم.»

«جا ئێستا ئەمانە هەموو ئیجازەی ئاو وەردەگرن، وە نییە؟»

«وەری دەگرن گەورەم.»

«تا نێو گوندەکانیش چەڵتووک دەچێنن، وە نییە؟»

«دەیچێنن گەورەم، دەیچێنن بەڵام....»

ڕەسووڵەفەنی بزەی هاتێ، گوتی:

«دەیچێنن بەڵام...»

قایمقام:

«بەڵێ دەیچێنن، بەڵام...»

«بەڵێ دەیچێنن، بەڵام یەک و دووشیان وەچەنگ ناکەوێ. تازە ڕابرد. ئەم ساڵ زیان دەکەن. مەسرەفی خۆشی دەرناهێنێ. وەرزی چاندن بەسەرچوو.»

«دەیچێنن، بەڵام...»

ڕەسووڵەفەنی دەستی بەپێکەنین کرد، گوتی:

«با بیخۆن ئەم دەیوسانە، منیش ئەمەم دەویست. دەیچێنن، دەیچێنن. بەڵام...»

«کەواتا ڕەسووڵەفەنی؟»

«بەڵێ گەورەم.»

«ئەم دەشتە زل و زەلامە هەموو دەبێ بە زەنەک. وە نییە؟»

«کەواتا بۆ قازانجی یەک دوو کەس ئەم هەموو خەڵکە بەسێوەڕۆ دەمرن؟

ئەمە هەموو لەبەر چاوی ڕەشی وان؟

«دەمرن گەورەم.»

«ڕەسووڵ بەگ تۆیان لە جێی من کردووە بەبریکار.»

«بەڵی گەورەم.»

«کەواتا خەبات، تێکۆشان، پووڵێ ناکا؟»

«نایکا گەورەم.»

«ڕەسووڵ بەگ»

«بەڵێ گەورەم.»

«کەواتا ڕەسووڵ بەگ – بارەبەرێ؟ هەرچییەک بێ، ئەسپ، چارەوێ، ئارەوانە، ڕەسووڵ بەگ، سبەینێ زوو ڕەسووڵ بەگ.»

«ئۆتۆمبیلتان وەچەنگ ناکەوێ. گەورەم.»

«شتێکی تر، مەسەلە ئەسپ، ئارەوانەی ئەسپ...»

«ڕەسووڵ بەگ بیری کردەوە، گوتی:

«ڕاوەستن، ڕاوەستن، قایمقام بەگ. دیتمەوە. ئۆتۆمبیلەکەی لالە هەمزە هەیە. فۆردە، فۆردێکی کۆنە. بەدەم خرابوون و چاکردنەوە هەرچۆنێ بێ بە سێ ڕۆژان دەگەیە ئیستگەی شەمەندەفەر. ئەگەر خراش نەبوو، ئەوە خۆتان و بەختتان. مۆدێلی ١٩١٧ یە. هەر ئێستا جەندرمەکان دەنێرم، لالە هەمزە بێ.»

«با بێ بێ ڕەسووڵ بەگ.»

«قوربان؟»

«من یەک ڕاست بۆ ئەنقەرە دەچم، ڕەسووڵ بەگ.»

«بچن گەورەم.»

«من ئەمانەم، ئەم کارەساتانەم بەچاوی خۆم دیت. لەوێ هەمووی هەڵدەڕێژم.»

ڕەسووڵەفەنی بەزۆر و نەخوایشت لە ژێر سمێڵەوە بزەی هاتێ.

«خەبات، تا دوا هەناسە خەبات. وە نییە ڕەسووڵ بەگ؟»

«خەبات گەورەم.»

ڕەسووڵەفەنی ئەمجارە بزەکەی ڕەپ و ڕاست ئاشکرا کرد، قایمقام هەستی پێ کرد.

«بزەت بە چی دێ ڕەسووڵ بەگ؟»

«خەبات گەورەم.»

«نانا ڕەسووڵ بەگ. پیاو نابێ کۆڵ بدا. خەبات، ڕەسووڵ بەگ، تا دوا هەناسە خەبات.»

زۆری نەخایاند لالە هەمزە هات. شوفێرێکی بەتەمەن بوو، دەست و پل و

جل و بەرگی ڕۆناوی بوو، گوتی:

«فەرموو گەورەم، بەڵام ئەوەش بزانە ئەمانەم لێ دەبن بە دژمن.»

ڕەسووڵەفەنی هەڵی دایێ:

«لالە هەمزە مەترسە، خەمت نەبێ. ئەمن چارەسەری دەکەم، مەترسە، من دەمێنمەوە، هەر لێرەم. دەڵێم من لالە هەمزەم نارد. ئەمن خۆم بریکارم. بریکاری بەگم، تا قایمقامی تازە دێ هەر خۆم حەساوم.»

«کەفالەتیم دەکەی؟»

«دەیکەم، دەیکەم.»

وەدەرکەوتن.

لە سەرساماییا چاوی هێندەی ژێر پیاڵەیێ کرابووەوە. زەنەک و زۆنگاوی سازلیدەرە، عوسمان وای وایلی، پێشکە و مێشوولەی هەور ئاسایی. چۆن، چۆن دەبێ؟

وەک لە خەوڕاچووبێ وابوو. هەندێ جار بەخۆیدا دەهاتەوە، تووڕە دەبوو، هەڵدەچوو و بەخۆی دەگوت،

«خۆم دەزانم چییان بەسەر دێنم، خۆم دەزانم.»

لە پاش نەختێ دیسان دەشلەژا. وەک بەدەم خەوەوە. بڕوا، حاڵی شپرێو دەبوو. دەپەشۆکا.

چەند کەسێ بەمەراقەرە لە پێش دایەرە خڕبووبوونەوە. چەند لادێییەکی ڕووتاڵ و ترش، گەرما پیاوی هەڵدەقرچاند.

بەردەستەکان جانتا و مانتا و نوێن و قەرەوێڵەی سەفەرییان لە ئۆتۆمبیلە بۆر بارکرد. ئۆتۆمبیل وەکارخرابوو، هەموو ئازای لەشی دەهەژا. هیچ لایەکی بەساغی نەمابووەوە. ئاسنە ژەنگاوییەکانی سەرلەبەر زەق و زۆپ بەدەرەوە بوون. یەکێ لە لایتەکانی نەمابوو، ئەوی دیکەشیان لە جێی خۆی هەڵکەندرابوو و شۆڕبووبووەوە و تەکەتەکی بوو. تەنتەکانی ونجڕ ونجڕ بووبوون، لە ناو تۆز و خۆڵدا بوون. ڕۆناوی بوون، نەبێ بەهەڵە، مۆدێلی ١٩١٧ نەبوو، هی ١٩٢٠ بوو.

قایمقام پاش ئەوەی لەگەڵ ڕەسووڵەفەنی و کاربەدەستان و بەردەستان و چەند گوندییەک، کە لەوێ ڕاوەستابوون تۆقەی کرد، سەری خوارکردبووەوە، بێ ئەوەی ئاوڕ لە هیچ لایەک بداتەوە، چوو لە تەک لالە هەمزەوە سواربوو. مۆتۆڕ بەگڕەگڕ بەکارکەوت. ئۆتۆمبیل هەرەکەتی کرد. کاتێ بەناوەندی بازاڕدا تێ پەڕین دوکانداران هەموو لە پێش دەرکە وەستان سەیریان کرد. چەڵتووکچێنەکان لە پێش قاوەخانەکەی تۆفیق خڕبووبوونەوە، ئەوانیش هەموو بەیەک دەم قاقا بەقایمقام پێکەنین.

مورتەزا ئاغا بەدەنگی بەرز:

«بیبیلەی چاوم بخۆ قایمقامەکەم.»

قایمقام ئاوڕی دایەوە، تەماشای کرد چەڵتووکچێنەکان هەموو پێی پێ دەکەنن. سەرپردەکە قەرەباڵغییەکی لە کێش بەدەری لێ خڕ بووبووەوە. لالە هەمزە لە مەسەلەکە گەیشت. ئۆتۆمبیلەکەی پڕتاوکرد. هەرکە گەیشتە سەر پردەکە بۆ ناو قەرەباڵغییەکە، بوو بەتەق و هۆڕ. قایمقام بەخۆهاتەوە، ئاوڕێکی ڕاست و چەپی خۆی دایەوە، ڕوانی گەلەیێ منداڵ و توواڵ، هەر یەکە تەنەکەیەکی بەدەستەوەیە تەق و هۆڕ لە تەنەکە دەدەن.

مورتەزا ئاغا، کە لە پێش قاوەخانەکەی تۆفیقەوە گوێی لە تەق و هۆڕی تەنەکە بوو، دەیشیڕاند:

«بیبیلەی چاومی دەرخوارد دەدەم قایمقامەکەم، ببین چۆنم بەڕێ کرد. بەسەد و پەنجا تەنەکەی ڕێکەوە. گوێدێرن چ تەق و هۆڕ و هەرا و زەنایەکە.» ئۆتۆمبیل قەیرێ بوو دەرباز بووبوو، کەچی تەنەکە هەر نەدەبڕایەوە. تەق و هۆڕ لە گوێی قایمقام هەروا دەزرینگایەوە.

لە لالە هەمزەی پرسی:

«ئەرێ ئەو تەق و هۆڕ و هەرا و هەنگامەیە چ بوو؟»

لالە هەمزە بە بزەوە:

«خوا حافیزییان لێ کردی، لێرە باوە، هەموو فەرمانڕەوایێ بەم جۆرە بەڕێ دەکرێ.» قایمقام لە کارەکە گەیشت. ئازارێکی ژەهراویی لە دڵ نیشت. کەواتا

تەواو. سەری بەسەر سینگیدا شۆڕ بووەوە.

ڕێگا لە پاومانی سازلیدەرەوە دەڕۆیشت. یەکێ بەبانگەواز و هەڵەداوان بەرەو ڕێگاکە تاوی دەدا، بەدەم سەرەنگرێ و هەڵسوکەوتەوە بەڕاکردن ملی دەنا. قایمقام دڵی داخورپا. ئازارە ژەهراوییەکەی دڵی بەجارێ پرزەی لێ بڕیبوو. داوێکی تازەیان بۆ نەنابێتەوە.

کابرا بەهەڵداوان هێشتا، ئەوان تێ نەپەڕیبوون گەیشتە سەر ڕێگا لە چەقی ڕێگاکە ڕەق ڕاوەستا. بەدەستی بەباسکی ئیشارەتی دەکرد. ئۆتۆمبیلەکە نزیک بووەوە کابرا لە چەقی ڕێگاکەدا وەک مێخ چەقیبوو. لالە هەمزە پێی بە برێکدا نەنابایە کابرای پان و پلیش دەکردەوە. ئۆتۆمبیلەکە وەستا و نەوەستا کابرا بەرەو لای قایمقام تاوی دا. پڕی دایە دەستی. هەناسەبڕکێی بوو، ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو. تەڕایی لە پشتییەوە دەرچووبوو. لە پشتێنەی بەرەخواریش قوڕاوی بوو، دەم و چاوی ڕەش هەڵگەڕابوو. ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ بەهەنییەیدا ڕێچکەی بەستبوو.

ڕووبەڕووی یەک بوون، کابرا بەدڵێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستییەوە لە قایمقامی دەڕوانی. دۆستانە بزەی هاتبوویێ و دەگرژییەوە. سمێڵە شۆڕە لەبەرهەتاو هەڵقرچاوەکەی تەتەڵەی دەکرد. بە کەسەر و تاڵییەوە:

«بەسەر سەرم هاتی، ئۆغرت خێر بێ و خوا دەستی بەپیلتەوە بێ قایمقام.»

قایمقام هیچی نەگوت. چاوی پڕبوو لە فرمێسک. گەرووی گیرا. کابرا دەتگوت هەر وێستاکە پشووی دەوەستێ. سینگی بەرز دەبووەوە و نەوی دەبووەوە. پشووی بەجارێ سوار بووبوو.

لالە هەمزە پێی بە بانزیندا نا. کابرا لە ناوەندی ڕێگاکەدا لە نێو گەواڵە هەورێکی تۆزدا بەجێ ما. ها لە پاش چەند گرێی گەرووی خاوبووەوە. بزەیەکی هاتێ و گوتی «حەمەعەلی، حەمەعەلی، حەمەعەلی، حەمەعەلی...»

بزەی دەهاتێ

لە پاشان دەستی بەفیتووکێشان کرد. ئەمە پارچەیەک بوو لە سێنفۆنیای نۆیەم، کە جاران هەمیشە بەسەر لێوەوە بوو و لە مێژبوو لە بیری چووبووەوە

## فەرهەنگۆک

### ئـ
ئامالْ... : مەیلەو...
ئاوا: شێوە. بەو ئاوایە، بەو شێوەیە
ئاهۆ: پەتا، درم.
ئەوقات: دادیار (محامی).
ئینکەبەری: سەرکێشی و ململانێ.

### ب
باتوو: گون.
بریکاری: جێنشینی.
بزاوت: بزووتنەوە، بزفت، بزووتن.
بزگورِ: شرِەوپرِە.
بنێس: لەرِو لاواز.
بوونەوەر: کائن، مخلوقات.
بەبەزە: بەزەیی هاتووەوە.
بەدەو: جوان.
بەدەوکاری: ئیبداع.
بەرِاداندان: سپاردن بۆ کردن.
بەرِک: باخەلْ.
بەزیپگ: بەوێلْ.
بەسەر رِاگەیشتن: فەرمانرِەوایی.
بەهی: پرسە، سەرخۆشی لێکردن.
بێ ئاوەز: نەئاوزیاو، نەفام.
بێ ئەنوا: بێ نەوا، هەژار.
بێ یەغبالْ: بێ ئیقبالْ، بێ بەخت.

### پ
پاومان: داوێن.
پرینگانەوە: سلْەمینەوە.
پووشی: پووشین، سەرپۆش.
پەژیوان: پەشیمان.
پەیکردن: تەیکردن.
پێت: گرِ، بلْێسە.
پیتۆلْ: شارەزا.
پێشکە: مێشوولە، پەخشە.
پێوار: شاراوە، نەدیو.
پێوە: بەولاوە.
پێوەهاتن: وەدووکەوتن، متابعە.

### ت
تەکوزی: رِێکوپێکی.
تەنی: دۆرنج، رِەشیی دیوار.
تەهی دلْ: ناخی دلْ.
تەیار: ئامادە.
تێروو: تەروو، دەوەنێکی بۆن خۆشە، بۆنێکی خەستی هەیە.
تێرِۆهاتن: گەلەکۆمە لێکردن، تێورووکان.

تیریژ: ئەو تیشکەی ڕۆژ کە لە دەلاقەو درزی دیوارەوە دێتە ژووریّ.
تیزکردن: گاڵتە پێکردن.
تێل: تەلەفۆن.

## ج

جگ: قاپ.
جۆخین: خەرمان.
جووتگێڕ: خاوەن جووت و گا.
جەوە: جۆگە.

## چ

چاشت: خۆراکی قاوەڵتی.
چاونەزێر: ڕژد، چاو بەرەوژێر.

## خ

خدە: خدیّ، عادەت.
خرا: خراپ.
خواست: هەست.
خۆنەبان کردن: خۆ بواردن، خۆ بیّ ئاگا کردن.
خەفەتخان: کەسیّ وەک خانی لیّ هاتبیّ بۆ خەفەت، ئەوەندەی زۆر هەبیّ. دووریش نییە لە (خەفەت ئاخن)ەوە هاتبیّ.

## د

دار بەلەک: مێکووک.
داغان: پەرش و بڵاو.
داڵەورە: ماستاوکردن، تملق.
داو: تاڵ.
دڕکە کونار: دڕکێکی تیژی درێژە لەسەر دیوار دایدەنێن بۆ ڕێگرتن لە ڕێوی و چەقەڵ و شتی وا، لە بری زریسکە.
دڕوو: دڕک.
دزێو: ناشیرین.
دمگۆ: واتەوات (شائعة).
دۆز: ئامانج، پێڕۆ (نظام).
دۆژ: دۆزەخ.
دۆسییە: فایل.
دوند: لووتکە.
دونگە: سۆسە.
دووکێش: دووکەڵکێش، لوولەی زۆپا بۆ سەربان.
دەستەوارە: کۆمەڵە شتیّ کە لەسەریەک بخرێنە سەردەست.
دەولاوت: دەگلۆفت.
دینامیکی: بزێو.

## ر

ڕاسیان: ڕاپەڕین.
ڕمێن: بزەو، ڕەواج.
ڕەگەما: ڕیشە.
ڕەفیسک: ڕەفیسکە.
ڕیشاژۆ: ئەو ڕوەکەی لە بنبڕکردن نەییّ و هەموو ساڵیّ هەڵداتەوە، ئەسڵەکەی (ڕیشە ئاژۆ)یە.
ڕیوەڵە: لەڕ و لاواز.

## ز

زا و زاتووڵ: قەوم و قەبیلە.
زۆپا و زۆپ: زەقا و زەق.

زۆربا: کەڵەگا.
زەندۆڵ : قڵەش.
زەنەک: زەلکاو.

## ژ

ژێهاتیی: لێهاتوویی.

## س

ساپێن: یارییەکی منالانە، بە بەردێکی
پان ئەکرێ.
سارکردنەوە: ساردکردنەوە.
سارە: سبەینێ.
سپە: سەگ.
سڵۆک: ترسنۆک، ئەوەی بسڵەمێتەوە،
سرک.
سۆنگە: هۆ، سبب.
سەرەنگرێ: ساتمە، نووچ.
سەی سەی: سەیر سەیر.
سێوەڕۆ: سێبەڕۆ.
سێوی: هەتیو.

## ش

شکێڕ: شاخ.
شەلاڵ: خنکاو، غەرق.
شەنگڵ لە خۆدان: خۆئامادەکردن.
شێردراوە: شارراوە.
شێف: پیاوانی کاربەدەست.
شێو: خۆراکی ئێواران.

## ف

فراژیبوون: گەشەکردن.
فراوین: نیوەڕۆژە، خۆراکی نیوەڕوان.
فڕکردن: هەڵقوڕاندن.

## ق

قڵچخ: قەلاس.
قیرپاچ: جۆرە داردەستێکی وەک
باستۆنە.

## ک

کالپتۆز: قەڵەم تۆز.
کنین: دەرمانێکە، جاران بەشێوەی
دانە (حەب) و ئاو (شروب)
بەنەخۆش دەدرا.
کوتک: گەلا کوتک.
کۆکردنەوە: سڵکردنەوە.
کوور: قووڵ.
کەبەنگ: چەتری سەرپێشی دووکان.
کەشەنگ: ماندوو.
کەمایەسی: کەمایەتی.
کەشیش وەجاغی: پەتریارکی.

## گ

گاوخان: پێوانەی نێوان چوار هێڵی
چوارخشتەکیی جووتکردن، لە
جیاتیی (دۆنم) بەکارهێنراوە.
گرار: شۆربا.
گرۆ: کۆمەڵ.
گزارە لێکێشان: گەزارە لێکێشان،
دەم لێ درێژکردن بەمەبەستی
ئابڕووبردن.
گوری: پێست گووراو، (ضحیة)،

بەگوریت بم.. بەقوربانت بم.
گووران: خولْقان، دروستبوون.
گوێن: جۆر.
گەمار: گلاو.
گەمی: پاپۆڕ.

## ل

لات: لەت، پارچە، پارچە زەوی.
لووزەو: تەییار.
لەوەند: کۆمەڵە خەڵکێکی ئازاو چەک بەدەست بوون.
لە هەژمەتان: لە حەیبەتا.
لێبڕان: بڕیاردان.

## م

ماک: بنەچە، ڕیشە.
مامزە: لە (مهماز)ی عەرەبی.
متەق: نقە، ورتە.
مجێز: مەجاز، میزاج.
مشەخۆر: مفتەخۆر، مێمڵ، (طفیلی).
مەڵێ: تومەز.

## ن

ناگوزووری: ناچاری، بێدەسەلاتی.
نوێژەن: سەرلەنوێ.
نەکارە: تەمەڵ و کار لێنەهاتوو.
نەینۆک: ئاوێنە.
نیگەرانی: خەمباری.

## و

وشیکردن: گولۆچنی کردن.
وێژینگ: وەنەوز.

## هـ

هووڕاکێش: هاوارکەر و هیتاف لێدەر.
هەژدەر هەژدەر: هەژدە هەژدە، یەک لەدوای یەک، پەیتا پەیتا. بەنووکی سەرە بەیداخیش دەڵێن.
هەڵپلان: ئەم دیوو ئەودیو کردن.
هەندەران: دەرەوە، بێگانە.
هەنگامە: کینایەیە لە ڕۆژی حەشر، ئەویش هەر بەکینایە بەکار دێ.
هەنیە: ناوچاوان.
هەویا: هیوا.
هەی چیپ هەی چیپ: چێریەو، چێریەو(وتەی کاتی پێک هەڵدان).
هێچک: گەمەی سەرگوریس.
هێزا: پلە و پایە.
هیس: ڕەشیی دیوار.
هێسکان: ئێسقان.
هیم: بنیچە.